ڕۆمان



# مینا

گۆران سعید

Scanned by CamScanner




# نووسینی کتێبەکان

Where did you go to college?

Activity Log

Update Info

بۆ زانیاریتان:ئەم ئەکاونتە وەک پەیج بەکاردێت

ئامانج: خزمەت کردنە بە خوێنەر

Scanned by CamScanner

ڕۆمان

# مینا

نوسینی :

**گۆران سعید**

Scanned by CamScanner

## پێشکەشە بە

## ئەو مینایەی کە لە دوونیاکەی تر لە دایک ئەبێت

Scanned by CamScanner

نازانم ئەوکات تەمەنم چەند بوو ، چوونکە ڕاستی من هەمیشە کێشەم لەگەڵ کات و بەرواردا هەبووە ، من ئەو شتانەی کە ڕۆژانە پێویستم پێییانە بیرم ئەچنەوە چ بگات بە کات و بەروار ، ئەوەندەی کە ئەیزانم

تەمەنم کەم بوو ، تا ئەوەیشم بیر نەچووە با بیلێم شتێک کە زۆر ئارەزووی کردنیم هەبوو بێت یاری کردن بوو یاری دوو گۆلی ، هاوڕیکانم هەموو ئەوەیان ئەزانی کە چەندە خووم گرتووە بە یاری کردنەوە ، یانی بەبێ من بۆ هیچ یاریەک نە ئەچوون ،بێ ئەندازە خۆم ماندوو ئەکرد لە یاری کردندا ،وام ئەزانی شتێک نیە بە ئەندازەی یاری کردن خۆش بێت ، کە وا ئەڵێم باوەڕم پێ بکە ، چوونکە کاتێک ئەچیتە ناو یاریگاو شوێنی تۆپ ئەکەویت شتێک لە خەیاڵتدا نامێنێت ، خۆتت بیر ئەچێتەوە ،وا ئەزانی ئەو تۆپەی شوێنی کەوتوویت هەموو شتێکە سەروەت و سامان ، دایک و باوک، با پێت بڵێم تەنانەت خودا و خۆیشت بیر ئەچێتەوە .

وتبووم ماڵمان لە لادێ بوو ؟! نا نەم وت بوو ماڵمان لە لادێ بوو ،لادێیەکی بچووک لە بناری شاخێکە ،خەڵکەکەی هەندێکی زەوی و زاریان هەیە هەندێکیشیان مەڕو ماڵاتیان هەیە ،هەندێکیشیان هەردووکیان ، ماڵێکی تێدا نیە ژیانێکی زۆر جیاوازی هەبێت، ژیان لە لادێکەی من هەمووان تا ڕادەیەکی زۆر لەیەک ئەچن کەسێک



Scanned by CamScanner

تا ئێوارە شوانە ، کەسێکی تر تا ئێوارە خەریکی کشتوکاڵە ، ئیتر کە لە لادێ ژیایت ناتوانیت

بە دەستی بە تاڵ دابنیشیت ، هەر ئەبێت کارێک بکەیت ،منیش وەکوو هەمووان هەندێکجار شوانیم ئەکرد، یان هەر کارێکی تر کە بمزانیبایە لە گەڵ توانامدا ئەگوونجێت ئەمکرد، هەندێک لە کارەکانیش لەسەرووی توانای خۆمەوە بوون، بەڵام ئیتر ئەبوو هەر کارێک بکەم وەکوو هەمووان

هەندێکجاریش وەکوو کرێکارێک ئەچووم بۆ ئیش، ئیشکردن لە لادێدا وەکوو شار نیە جیاوازیەکی زۆری هەیە، ئیشی لادێکەی ئێمەیش هەر دەسکەنە کردنی نۆک و نیسک و رەشکە ، وە هەندێک جاریش پارچە کۆڵەو بژار کردن ، یان پەموو چنین ، ئاسان نیە ئیشکردن بەڵام ناچاریت ، وەکوو دایکم هەمیشە بە منی ئەوت کوڕم نابێت چاو لە دەستی کەس بیت، پیاو ئەبێت ئارەق بڕێژێت، ئەبێت ماندوو بێت ،دەستی زبر بێت ،لەبەر خۆر ڕەش و بۆر ببێتەوە ، تا چاو لە دەستی ئەم و ئەو نەبێت، ژیانی منیش جیاوازیەکی بەرچاوی نەبوو لەگەڵ گەنجەکانی تری لادێکەمان، هەموومان تا ڕادەیەکی زۆر لە یەک ئەچووین، تەنها لە شتێکدا ڕەنگە جیاوازیەکی بچووکم لەگەڵ ئەوانی تر هەبووبێت ئەویش ئەوەبوو من بێ لە وانەکانی قوتابخانە ئارەزووی خوێندنەوی کتێبم هەبوو بە تایبەت کتێبی ڕۆمان و شیعر

ڕاستی نەم ئەزانی بۆ ئەژیم ، بۆچی هەوڵ ئەدەم ، شەوان زوو ئەخەوتم و بەیانیان کەمێک دوای بانگی بەیانی لەگەڵ دایکم

بەخەبەر ئەهاتم ،دایکم لەخەو هەڵ ئەستاو دەستنوێژی ئەگرت و نوێژی ئەکرد ،دواتر نزیکی دە خولەک لەسەر بەرماڵەکە ئەمایەوە ،من هەندێک جار ئەم وت رەنگە دایکم هەرگیز بە کۆمەڵ دۆعا بۆ خەڵک نەکات رەنگە بە تایبەت بۆ یەک بە یەکی ئێمەو هەموو خەڵکی ئاوایی دۆعا بکات ، چوونکە دوای نوێژ زۆر لەسەر بەرماڵ ئەمایەوە.

هەروەکوو هەموو ڕۆژەکانی تر دایکم بانگی کردم "هەردی کوڕم بڕۆ تا دووکان و دوو پاکەتی ڕۆیالزو قتوویەک دۆشاو بهێنە" ،ڕۆیشتم لەسەر ڕێگاکەم ماڵی کاک وەهابی لێ بوو ،سەرم هەڵبڕی و سەیرێکی حەوشەکەیانم کرد

نامەوێت وەکوو خۆی باسی نەکەم کاک وەهاب کچێکی هەبوو دوو ساڵ لە من منالتر بوو ناوی "مینا" بوو

کە سەرم هەڵبڕی مینام بینی ئەوە یەکەم جارم نەبوو کە مینا ببینم ،چوونکە من و مینا لە یەک لادێداین بە دڵنیاییەوە چەندەها جار یەکمان بینیوە ،بەڵام خۆیشم نەم ئەزانی بۆچی ئەمجارە جیاواز سەیرم ئەکات یان نازانم من جیاواز لەئەوم ڕوانی،ڕاستەو خۆ کە ئەویش سەری هەڵبڕی و سەیری منی کرد، سەیری هەردوو چاومی ئەکرد، مینا کچێکی بوو باڵایەکی بەرز نەبوو کەمێک لاواز بوو، دەم و چاوێکی تا ڕادەیەک خڕی هەبوو ،چاوی ڕەش و خڕ بوو، برۆی درێژ بوو لوتیشی کەمێک باریک و لێویشی تەنک بوو ،لە ماڵی کاک وەهاب تێپەڕیم بۆ ساتێک ویستم بوەستم و ئاوڕ بدەمەوە ،لەبەر شەرمنیەکەم نەمتوانی ئەوە بکەم لە چرکەیەکدا دڵم سەدجار

Scanned by CamScanner

پێمی ئەوت بوەستەو ئاوڕێک بدەرەوە دووبارە شەرم کردنم نەیهێشت، ئەمە یەکەم جارم نیە کە شەرم کردن ڕێگریم لێ بکات یان نەهێلیت ئەوە بکەم کە دڵم ئەیەوێت ،ڕۆیشتم ڕاستی بە دەم ڕێگاوە کە بۆ دوکان ئەچووم بیرم لە هیچ شتێک نە ئەکردەوە، نەم ئەزانی چی ڕوویداوەو بۆچی هەستێکی لەو شێوەیەم هەیە،بینینی کەسێک بۆ ئەبێت بەو ڕادەیە بمخاتە ناو قوڵایی بیر کردنەوەوە لە کاتێکدا من تەنها جارێک سەیرم کردووە ، تەنانەت چاووم بەرپێی خۆمی نە ئەبینی،بەڕێگادا ئەڕۆیشتم و هەوڵم ئەدا بیر لە هیچ شتێکی تر نەکەمەوە ، واز بهێنم لە خەیاڵەکانم ، کە هەندێکجار لە ناو خەیاڵەکانمدا باشترین یاریزانی هەموو سەر زەوی بووم، یان هەندێکجار تا ئەچوومە دووکانەکەو ئەگەڕامەوە وام هەست ئەکرد پاشای سەر زەویم و هەموو سەر زەوی پێویستی بە باشیەکانی منە ، بەڵام ئەمجارە بە ڕیگادا ڕۆیشتنم جیاوز بوو،هەندێکجار ئەگونجێت کە بە ڕێگادا ئەڕۆیت بیر لە هیچ نەکەیتەوە تەنها بۆ ئەوەی ئەو وێنەیەی لەبەرچاوتدایە تێک نەچێت ،تەنانەت هەندێکجار حەز ناکەی کەس سڵاوت لێ بکات ،حەز ناکەیت کەس بە تەنیشتتدا تێپەڕێت ،تا ئەو وێنەی ئەو دەم و چاوەی کەمێک پێشتر لە خەیاڵەکانتدا هەڵت گرتووە لەبەر بەرچاوت لانەچێت، نازانم چۆن بوو گەیشتمە دووکانەکە ئەوەی دایکم داوای کردبوو کڕیم و گەڕامەوە،ئاگادار بووم لە جاران خێراتر ئەگەڕامەوە وەکوو بڵێی کەسێک چاوەڕیم ئەکات، هەنگاوەکانم فراوانتر و خێراتر بوو بوون بە بێ ویستی خۆم لەو کاتەوەی لە دووکانەکە دەرچووم خەیاڵم لای حەوشەی ماڵی کاک

Scanned by CamScanner

وەهاب بوو ، دڵخورپەکانم زیاتر بوون ،چوونکە یەکەم جارم بوو هەستێکی وا لە دڵمدا بێت ، راستی سەرم لەخۆم دەر نە ئەکرد ،گەشتمە تەنیشت ماڵی کاک وەهاب و مینا لەبەر دەرگا بوو لەو کاتەدا کە من بینیم ئەچووە ژوورەوە ئاوڕێکی دایەوە ،لەو کاتەوە تا ئیستا کە نازانم چەند ساڵ تێپەریوە ئەوە لەیەک ئەدەمەوە باشە کە ئاوڕی دایەوە منی بینی یان نا !

هەندێکجار چەندە بەوە ئاسودە ئەبیت کە ئەو ببینیت دوو ئەوەندە بەوە ئاسوودە ئەبیت کە ئەو بتبینێت ،چوونکە بە دەستی خۆت نیە وا هەست ئەکەیت ئەوەی کە تۆی بینیوە زیاتر ئەچیتە دڵیەوە، پێش ئەوەی بگەمەوە ماڵەوە ،حەپەسابووم وەکوو بڵێیت ئەمرۆ زەوی بە جۆرێکی تر ئەسوڕیتەوە ، یانی ئەیەوێت یاساکان تێکبدات، دەست بخاتە ناو بیرکردنەوە سادەکانی من و هەڵیان بوەشێنێت، و بە ویستی خۆی شتی تریان لێ دروست بکات، شت گەلێکیان لێ دروست بکات کە من توانام نیە بەسەریانداو ناتوانم شیکردنەوەیان بۆ بکەم،

گەیشتمەوە ماڵەوە دایکم لە تەنیشت سەماوەرەکە دانیشت بوو ،بۆنی چایەکەی درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم تا کۆڵانەکەی ئەو دیو ئەرۆیشت دایکم وتی ها کوڕم شتەکانت کڕی؟ وتم :بەڵی دایە، وتی: دەی دانیشە با چایەکت بۆ تێبکەم

چایەکەم خوارد و چووم کەمێک سەعی بکەم من هەمیشە وا ڕاهاتبووم کە بەیانیان زوو سەعی بکەم یان شەوان درەنگ ،چوونکە لە کاتانەدا کەس لە دەرەوە نەبوو ،یانی کەس لەو کاتانەدا یاری نە

Scanned by CamScanner

ئەکرد منیش ئەمتوانی خۆم بخەڵەتێنم و بڵێم خۆ هاوڕێکانم لە دەرەوە نین ئیتر بۆ بچمە دەرەوە سەعی بکەم باشترە .

من قوتابی پۆلی دوانزەی زانستیم و کۆتایی دوانزە ساڵ بەرەو کۆتایی ئەچێت،کاتێک سەعیم ئەکرد نازانم بۆ وا هەستێکم هەبوو، یانی نەم ئەتوانی وەکوو پیشتر لەسەر خۆ بم و سەعی بکەم حەزم ئەکرد دایکم پێویستی بە شتێک بێت و بچم بۆی بکڕم بەڵام چەند جارێک چاوەڕێ بووم دایکم هیچ دەنگی نەبوو بە خۆمم وت :ئێ خۆ ناکرێت دایکم هەموو دەقەیەک داوای پاکەت بکات و بمنێرێت بۆ دووکان چی تێدایە با خۆم بڕۆم هەرچەند سەعی کەمم کردبوو ئەتوانم بڵێم تەنها چەند پەڕەیەکی کەمم خوێندبووەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە مافی خۆمم ئەزانی کە دەست هەڵبگرم لە کتێبەکانم و بچمە دەرەوە ،ئەوە یەکەم جارم بوو پێش چوونە دەرەوە بچمە بەر ئاوێنە و سەیری خۆم بکەم کە خۆمم بینی هیچ سەر و قژی خۆمم بە دڵ نەبوو ، لە ڕاستیدا هەر نە ئەبوو بە دڵم بێت چونکە من کە بەیانی هەستا بووم لەخەو تەنها دەم وچاوێکم شتبوو هیچیتر ،دەستم تەڕ کردوو هێنام بە قژمدا ،قژم بەرەو سەر کردەوە بە دڵم نەبوو بەرەو خوار بە دڵم نەبوو بەلای ڕاستدا بەلای چەپدا هەر بە دڵم نەبوو ، وام لێهاتبوو کە قژم بە زیادە ئەزانی رەنگە تا ئێستا کەستان نەبینیبێت کە لە قژی خۆی تووڕە ببێت ،بەڵام من بێ ئەندازە کەوتبووم بە قیندا لە قژم ،لە کۆتاییدا ڕێکەوتم لەسەر ئەوەی دەستێکی تەڕ بهێنم بە قژمدا خۆی چۆن وەستا وازی لێ ئەهێنم ،جلەکانم گۆڕی و پێڵاوەکانم لەپێ کرد بێدەنگ چوومە دەرەوە

یەکێک لە باشترین شتەکان ئەوە بوو کە ماڵی کاک وەهاب لەسەر ڕێگای دووکان بوو ،ڕێگام گرتە بەروو ڕۆیشتم.

ماڵی کاک وەهابم لێ دەرکەوت بیرم ئەکردەوە بۆچی ئەبێت ، شەرم ،ترس، دڵەخورپە ... ، ئەمانە هەموو تەنها لەو چەند مەترە ڕێگای تەنیشتی ماڵی کاک وەهابدا بوونیان هەبێت ،گەیشتمە تەنیشتی ماڵی کاک وەهاب و وەکوو ئەوەی مینا چاوەڕێی منی کردبێت کە دەر بکەوم و بێتە دەرەوە هاتە دەرەوە ، وا هەست ئەکەم کە هاتە دەرەوە یەکەم شتێک کە لە دەرەوە بینی من بووم ، زۆر خێرا چاوی لەسەرم لابرد ،بیرم ئەکردەوە تۆ بڵێی ئەو سەیر کردنەم بەو شێوەیە خراپ بێت، بۆ کەس هەیە بە سەیر کردن ئازار بدرێت! من جارێ ناتوانم سەر لەم شتانە دەر بکەم ، کە مینا چاوی لەسەر من لابرد هەستێکی خۆشم نەبوو یانی وام هەست ئەکرد تاوانێکی گەورەم کردووە خێرا منیش سەرم داخست و ڕۆیشتم بەڵام هەر وەکوو تارماییەک ئاگادار بووم کە جارێکی تریش سەیری کردمەوە. جارێک نا هەزار جار هەوڵم دا لە هەمان کۆڵانەوە بگەڕێمەوەو مینا ببینمەوە بەڵام نەمتوانی بەسەر شەرم کردنمدا زاڵ ببم و ئەو کارە بکەم بۆیە بەهەمان ئەو کۆلەندا نا بە کۆڵانێکی تردا بۆ ماڵەوە گەڕامەوە،

لە ماڵەوە دانیشتم نەم ئەتوانی بیر بکەمەوە، ڕاستی هیچ بیرم نە ئەکردەوە تەنها ئەو سەیر کردنەم ئەهاتەوە پێش چاو کە سەیری ئەکردم ، یان ئەوەی کە ئەو زۆر خێرا چاوی لابرد لەسەرم، هەندێک جار دڵم خۆش ئەبوو هەندێک جار ئەمووت نا سادە لە منی ڕوانی تۆ

بۆ یەکەم جار کەسێک جیاواز سەیرت ئەکات چی نازانیت کە بۆ یەکەم جار کەسێک جیاواز سەیرت ئەکات چی هەستێکت هەیە ،نازانیت دڵت خۆشە یان دڵت تەنگە نازانیت چی بکەیت ،تاقەتی خوێندنەوەی کتێبەکانی قوتابخانەم نەبوو ، لە کتێبخانەکە دەستم دایە خوێندنەوەی شێعر بەڵام لە جاران جیاوزتر . یانی وام هەست ئەکرد بە دوای شیعرێکدا ئەگەڕێم کە بۆ من نوسرا بێت،یانی بە دوای شێعرێکدا کە بۆ ئەم کاتەی من نوسرابێت بە دڵنیاییەوە شێعریش بۆ حاڵی دڵ ئەنوسرێت ،لەم شێعرەوە ئەچوومە سەر شێعرێکی تر ،لەم شاعیرەوە بۆ شاعیرێکی تر ،لە شێعر وەرس ئەبووم و دەستم ئەدایە خوێندنەوەی ڕۆمان ، لە ناو هەموو ڕۆمانە عاشقانەییەکاندا خۆم ئەبینییەوە لەو شوێنانە زۆر ئەوەستام زۆر ورد ئەبوومەوە کە تێیدا باسی لەوەی ئەکرد کوڕێک کچێکی خۆش ئەوێت و بۆ یەکەم جار چۆن پێی ئەڵێت "خۆشم ئەوێی"،هەندێک جار ڕێک بە دەق ووشەو ڕستەکانم لەبەر ئەکرد ،خۆم ئەدایە دەست خەیاڵەکانم ئەرۆیشتم ،بۆ یەکەم جار کە کچێک ئەکەوێتە دڵتەوە وا ئەزانی ئەوە هەستێکە تەنها لە ناو دڵی تۆدا هەیە ، یانی وا هەست ئەکەیت تا ئیستا کەس توشی ئەو هەستەی تۆ نەبووە ، ئەمە دەردێکە تەنها لە ئاسمانەوە بۆ تۆ هاتووە ،هەر لەبەر ئەوەیە کە هەندێک جار ناوێریت یان شەرم ئەکەیت لەوەی کە ئەوەی لەدڵتدایە بۆ کەسێکی باس بکەیت ، بۆیە بە کەسی ناڵێیت و ئەو بارە قورسە بە تەنها هەڵ ئەگریت ،منیش خۆم لە بنەڕەتدا کەسێکی شەرمن و بێدەنگ بووم ،ژیانم لە لادێ بووە ،کەسەکان لە لادێ جیاوازن لەگەڵ شار ،ئەوەی کە من ئەمزانی لەسەر عشق تەنها لە کتێبەکانەوە فێر

Scanned by CamScanner

بووبووم لەگەڵ سەیر کردنی دراماکانی تەلەفزیۆن، یانی کەسێک یان هاوڕییەکم نیە کە عاشق بووبێت و بێت و بۆ منی باس بکات تا هیچ نەبێت شتێک فێر ببم، ڕێی تێنەچێت عاشقیش بن و بەڵام هیچیان لای من نەووتبێت من چوزانم ،ماوەیەکە من شتەکان زۆر لەیەک ئەدەمەوە ، زوو زوو خەیاڵم ئەڕوات وا هەستەکام بێزاریەکانم زۆر زیادیان کردووە بۆ نموونە جاران ئارەزووم ئەکرد هاوڕێیەکم بانگم بکاتە دەرەوە کە پیاسەیەک بکەین یان بانگم بکات و بلیت یاریمان هەیە ئەمڕۆ هەردی خۆت ئامادە بکە ،ئێستا وا هەستەکەم هەندێکجار بێ ئەوەی سەعی بکەم، بێ ئەوەی شتێک بخوێنمەوە تاقەتم هەیە دەست بخەمە پشتی سەرم و بە پشتدا راکشێم و هەندێک جار لە بنمیچی ژوورەکەم بڕوانم و هەندێکجاریش چاو دابخەم و بیر بکەمەوە ،خەڵک داهێنان ئەکات ،پیاوەکان شتی نوێ ئەدۆزنەوە ، منیش وام ئەزانی بۆ یەکەم جار منم کە بیر کردنەوەو خەیاڵ کردنەوەم دۆزیوەتەوە ،ئینسانیش کە بۆ یەکەم جار دەستی بگاتە هەرشتێک نازانێت بەکاری بهێنێت ، منیش هەر بەو شێوەیە کە بۆ یەکەم جار فێر بووم بیر بکەمەوە ،فێر بووم لە ژوورەکەمەوە چاو دابخەم و هەموو ئەو کۆڵانانە بهێنمە بەرچاو خۆم کە ئەچنەوە دووکانەکەو بە لای ماڵی مینا دا تێ ئەپەڕن ،نەم ئەزانی خەیاڵ کردن و بیرکردنەوە بەکار بهێنم زیادە ڕەویم زۆر تیدا ئەکرد ،بڕیارم دا ئێوارە کە لە یاری کردن هاتمەوە دوای نان خواردنی ئێوارە بە شەو بە تەواوی بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن قسە بکەم لەگەڵ مینا ،ئێوارە درەنگ هاتمەوە دایکم و ئەوان نانیان خواردبوو،بەڵام خواردنیان بۆ من

Scanned by CamScanner

هەڵگرتبوو ،ئەو ئێوارەیە خوشکەکەم قاپێک برنج و شلەی بامیەی بۆ دانام و ڕۆیشت بە تەنیا دانیشتم بۆ نانخواردن ،یەکەم جارم نەبوو کە بەتەنیا نان بخۆم ، بەڵام نەم ئەزانی بۆ وا هەستێکم هەیە وام ئەزانی زۆر لە جاران زیاتر دەورو پشتم چۆڵە ،وام هەست ئەکرد شوێنی شتێک خاڵیە ، پارووەکە لە نێو دەممدا بوو چاوم ئەگێڕا بە سەر سفرەکەدا تا بزانم لە چی کەمە، پەرداخی ئاوەکەم بینی کەوچک و نان و برنج و شلەو هیچی لە جاران کەم نەبوو،ئاسان نەبوو بەو زوویە ئەوە بدۆزمەوە کە سەر سفرەکەم هیچی کەم نیە بەڵکوو شوێنێک لە ناو دڵمداخاڵیە ، بە تەنهایی نان خواردن هەندێکجار ئەوەندە خەیاڵ ئەتباتەوە بیرت ئەچێت پاروویەک لە ناو دەمتدایە ،یان پارووەکەت بە دەستەوەیە بیرت ئەچێتەوە بیبەیت بۆ دەمت تا سارد ئەبێتەوە ،من تا ئەوکاتە نەم ئەزانی چی کارەساتێکە بە تەنها نانخواردن،یان بە تەنها چا خواردنەوە، خواردنەکەم کەمێک لە جاران کەمتر پێ خورا، تەواو بووم لە نان خواردن و دایکمم بیر کەوتەوە کە دوای تەواو بوونی لە نوێژ زۆر لەسەر بەرماڵەکەی ئەمێنێتەوە ،منیش وەکوو شتێک نەم ئەزانی چاوەڕێی چیم و لە چی ئەڕوانم لەسەر سفرەکە مابوومەوە لەکاتێکدا لە نانخواردن تەواو بوو بووم ، ڕاستی نازانم چەنێک مابوومەوە لەسەر سفرەکەو نازانم چەنێک لە کەوچک و قاپەکانم ڕوانی ،دواتر هەستامەوەو چوومەوە ژوورەکەی خۆم بۆ یەکەم جار بوو کە هەستم ئەکرد لە جاران کەمتر حەزم لە سەعی کردنە،کەمێکم خوێندەوەو نەم ئەزانی بۆچی ئەوەندە خەیاڵم ئەڕوات ،بێ ئەوەی بزانم لەسەر وەرەقەی سەعی کردنەکەم چەند جارێک شێعرم ئەنوسی، لە

دوایشدا خەتم ئەهێنا بەسەر هەموویاندا تێکم ئەدان ، بیرم ئەکردەوە خەیاڵم ئەڕۆیشت ،سەرەتا خەیاڵەکانم تا بەر دەرگای ماڵی مینا ئەڕۆیشتن ، بەڵام دواتر بیرم ئەکردەوە لەم کاتەدا مینا ئەبێت چی بکات ، چی خواردبێت ئێوارە ،کام دراماى لاخۆشە ،گوێ لە دەنگی کام هونەرمەند ئەگرێت ،چی رەنگێکی بەلاوە جوانە ،ئەم پرسیارانە و زۆری تر ئەهاتە خەیاڵمەوە، وەڵامم دەست نە ئەکەوت ،بەڵام بێ وەڵامی ئازارێکی وا نەبوو لەسەر دڵم راستی بێ وەڵامی ئەو پرسیارانە شتێک نەبوون کە زۆر سەر دڵم بگرن ، تاکە پرسیارێک کە بێ ئەندازە خەیاڵی داگیر کردبووم و وەڵامەکەیشم نە ئەزانی ئەوە بوو تۆ بڵێی مینا ئێستا بیر لە من بکاتەوە ؟!

نازانن خۆم چەندە وەڵامم دروست کردبوو ، جارێک ئەمووت نا ئەو تەنها دووجار جیاواز لە منی ڕوانیوە ئیتر بۆ ئەبێت بە شەو بیرم لێ بکاتەوە ،جارێکی تریش ئەموت ئەکرێت بیرم لێ بکاتەوە چوونکە ئەوەتا منیش دوو جار ئەوم بینیوەو بیری لێ ئەکەمەوە، یان ئەموت کەسەکان وەکوو یەک نین رێی تێدەچێت ئەو شتەی من خۆمم بۆ تێک داوە لای مینا زۆر سادەو ئاسان تێپەڕێت .بەڕاستی هیچ شتێک هێندەی ئەوە قورس نیە کە پرسیار لە کەسێک بکەیت و خۆیشت لەبری ئەو وەڵام بدەیتەوە ،چوونکە هەندێک کات ئومێد بە خۆت ئەدەیت لە وەڵامەکانتداو هەندێک کات خۆت بێ ئومێد ئەکەیت ،ئەگوونجێت لە هەردوو بارەکەیشدا هەڵە بن وەڵامەکانت،خەیاڵی زۆر ئەهاتە میشکمەوە خەوم نە ئەهات ،یەکەم جارم بوو بزانم بۆ کەسێک کە نەخەوێت شەو چەندە درێژە ،یان بۆ

کەسێک کە چاوەڕێی ئەوە بکات ڕۆژ بێتەوە شەو هەر کۆتایی نایەت ،شەو کە نیوەی تێپەڕی ئیتر ئینسان کە بیری کەسێک بکات ئەتوانێت پێی بڵێت " بیرت ئەکەم "، یانی جۆرێک لە جۆرەکان سوکە مەستیەک ئەیگرێت و زیاتر هەستیار ئەبێت بەوەی کە قسەی دڵی بە بەرامبەرەکەی بڵێت ، زیاتر غیرەتی قسە کردن ئەیگرێت ئیتر سروشتی شەو وایە ڕێک ئەڵێی بۆ ئەوە دروست بووە تێیدا قسەی دڵ بکەیت یان بیر لەو کەسە بکەیتەوە کە دڵت ئەیەوێت و خەیاڵەکانتی داگیر کردووە،چوومە دەرەوە تا جگەرەیەک بکێشم و هەوایەکیش هەڵمژم ،جگەرەکەم داگیرساند و بیرم کردەوە کە ئەبێت نامەیەک بنوسم بۆ مینا ،چەند شتێکی باشم هات بە خەیاڵدا ئەوەندەم بەلاوە باش بوو کە نەمزانی چۆن جگەرەکەم تەواو کردوو چۆن کوژاندمەوە ،بەخێرایی چوومە ژوورەوە ،قەڵەمەکەم گرت بە دەستمەوە وتم باشە نامە ئەبێت سەرەتا بە چی دەست پێ بکەیت؟ ! چەندەم بیر کردەوە نەمزانی چۆن دەست پێ بکەم ،قورسە بتەوێت نامەیەک بنوسیت و نەزانی چی بنوسیت نەزانیت ئایا بەرامبەرەکەت وەکوو ئەوەی کە تۆ ئەتەوێت لە نامەکەت تێ ئەگات یان نا ،هەرچیەک بێت زۆرم نوسی و زۆرم وەرەقە دڕاند لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتم بە پارچەیەک شیعر دەست پی بکەم ،دوو دێڕ شیعرم لە سەرەتاوە نوسی و دواتر نەمزانی چیتر بنوسم باشە ئەکرێت من بڵێیم مینا تەنها دووجار تۆم بینیوەو خۆشم ئەوێیت ،نا ئەوەم بە ئیشێکی گەمژانە ئەزانی،لەڕاستیدا خۆیشم نازانم خۆشم ئەویست یان تەنها حەزم ئەکرد مینا هیچ نەکات تەنها سەیرم بکات یان تەنها کاتێک بەلای ماڵی ئەواندا تێئەپەڕم ئەو

له دەرەوە بێت و خۆیم پشان بدات ،ویستم ڕاستگۆ بم له نامەکەدا چوونکه ئینسان تا ڕادەیەک ئەتوانی له نامەدا زۆر راستی بنوسێت که ڕوو به ڕوو ناتوانێت بیڵێت ،له نامەکەدا نوسیم

"مینا سەرەتا بمبورە رەنگە ئەوەی که من ئەیڵێم ئازارت بدات یان ڕەنگە بۆ تۆ هیچ گرنگ نەبێت یان ڕەنگە هەربیرت لێ نەکردبێتەوە بەڵام من ناتوانم نەیڵێم ،من ئەوە چەند جارە تۆ ئەبینم هەستێکی سەیرم هەیە یانی هەرجارێک که ئەتبینم دەروونم و دڵم داوام لێ ئەکەن که جارێکی تر بتبینمەوە ،یانی با ڕاست بیڵێم من سەیرکردنتم خۆش ئەوێت ،رەنگە که ئەمە ئەڵێم تۆ پێکەنینت پێی بێت بەڵام من حەزم ئەکرد ماڵەکەتان له شووشە دروست بکردایە ،چوونکە که ئەگەمە تەنیشتی ماڵی ئێوە ئەترسم له ژوورەوە بیت ،زۆرت لێ داوا ناکەم بەڵام که زانیت من به نزیکی ماڵی ئێوەدا تێ ئەپەڕم مەڕۆ ژوورەوە"

نامەکەم تەواو کردوو ئینجا به پشتا ڕاکشام و بیرم کردەوە که چۆن ئەو نامەیە بگەیەنمە دەستی مینا ،ئەچمە تەنیشتی حەوشەکەیان و بانگی ئەکەم و نامەکەی پێ ئەدەم ،یان سبەی بەیانی که خۆڵ و خاشاک ئەرێژێت لەوێ پێی ئەدەم ،یان ئێوارە که چوو بۆ ئەوەی مەڕ و بزنەکانیان بدۆشیت لەسەر دیوارەکەوە بانگی ئەکەم و پێی ئەدەم نامەکە ،هیچ کام لەورێگایانەم بەلاوە تەواو باش نەبوو هیچ کامیشیانم هەڵنەوەشاندەوە ،سەیرکە هێشتا نیوەی شەو تێپەریوە ئەمشەو له شتێک تێگەیشتم ، که شەو تەنها به خەو تێ ئەپەڕێت ،تا ئیستا نەمزانی بوو گوێ گرتن له گۆرانی ، یان بیر کردنەوە له کەسێک

شەو ئەوەندە درێژ ئەکات ،جارێک نا دوو جار نا هەزار جار ئەوەم لەیەک دایەوە کە چۆن نامەکەی پێ بدەم و کەس پێم نەزانێت ،نامەکەم زۆر جار خوێندەوە کە نەوەک هەڵەیەکی تیدا بێت بەڵام هەڵەم تێدا نە ئەدۆزیەوە، چوونکە زیاتر لە دە جار نامەکەم گۆڕی بوو لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە رێکەوتبووم ،دووبارە چوومەوە حەوشەکەو جگەرەیەکم داگیرساند و لە ئاسمانم ڕوانی مانگ ئەستێرە هەموویان لە جاران جوانتر خۆیان پیشان ئەدام ،شەوێکی کۆتایی بەهار بوو بمبوورن وەکوو وتم من تاقەتی لەبەر کردنی بەروارم نیە تا بڵێم چەندی چەن بوو ،ئەوەتا ئیستایش نازانم بەیانی چەندی مانگە ،هەوایەکی فێنکی هەبوو ،ڕووم لە مانگ کردوو یەک دوو نەفەسم بە قوڵی لە جگەرەکەم دا وەکوو ئەوەی بە مانگ بڵێم ئەی مانگ سەیرم بکە کەس لە دڵی من ئاگادار نیە تۆ حاڵم ببینە چۆن ئاوا تاقەتم نیە بچمە ناو جێگاو بخەوم،مانگیش چەندە جوان گوێ ئەگرێت تا ئێستا ئەوەتان تاقی کردوەتەوە ؟! شەوێک کە دڵت تەنگ بوو کەست شك نەبرد قسەی بۆ بکەیت ڕوولە مانگ بکە و قسەکانی دڵتی بۆ باس بکە ، زۆر جوان گوێ ئەگرێت بە دیارتەوە خەوی لێ ناکەوێت ،قسەکانت پێ نابڕێت ، چاوی لەسەرت لانابات،لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە تا ڕۆژ ئەبێتەوە جێت ناهێڵێت ،

ڕاستی تا ئێستایش نازانم چۆن بوو کە خەوم لێکەوتبوو کە بەخەبەر هاتم ڕۆژ بوو بوویەوە ، لە ناوجێگاکەم مامەوە بیرم لە شەو ئەکردەوە کە چۆن بوو خەوم لێ کەوتووە ، یەکەم شت دەستم دایە نامەکەو جارێکی تریش خوێندمەوە بە نامەیەکی کاڵ و کرچم

ئەزانی بەڵام ڕاستی ئەوەندە ماندوو بووم تاقەتی ئەوەم نەما بوو دەستکاری بکەم یان وشەی تری بۆ زیاد بکەم لە ناو جێگاکەم هەستام ،وەکوو هەمیشە دایکم لە تەنیشتی سەماوەرەکە دانیشت بوو بۆنی چایەکەی هەموو ماڵەکەی گرتبوو ،چووم دەموچاوێکم شت و گەڕامەوە لە تەنیشتی دایکم دانیشتم ،هێشتا خوشکەکەم و دوو براکەم لەخەو هەڵنەسابوون ،دایکم خەریک بوو چای بۆ تێ ئەکردم بە دەستی خۆم نەبوو زۆر لە دەستی دایکم ورد ئەبوومەوە یان لە چایەکە چۆن ئەیکاتە ناو پیاڵەکەوە بۆم ،ئەم ماوەیە زۆر لە شت ورد ئەبمەوە لە دەستی خۆیشما نیە،چایەکە لە ناو پیاڵەکەدا لە بەردەمم داینا و شەکرەکەی لە تەنیشتی دانا ،کەمێک لە دەستی دایکم و پیاڵە چایەکەو سپێتی شەکرەکە وورد بوومەوە دواتر چایەکەم خواردەوە ،بەیانیان هەر یەک دوو پاروو نانم ئەخوارد لەگەڵ دایکم ،کەمێک ماستی هێنا بۆ هەردووکمان و چایەکی شیرینی بۆ تێ کردمەوە جار جار دایکم ئەیوت ماست بە نانی گەرمەوە خۆشە یان بە کولێرەوە ،وتم ئیتر ئێرە لادێیە شەونم خان ،دایکم ناوی شەونمەو تەمەنی (٤٧) ساڵە وە باوکیشم بە بیرم نایە کە کۆچی دوایی کردووە ،بێ ئەدەبی نیە بەڵام ئێمە هەر وا ڕاهاتووین لە منالیەوە پێی نالێین دایکە هەر بە ناوی خۆیەوە بانگی ئەکەین،لەگەڵ دایکم نانم خواردو هەر بیرم ئەکردەوە کە ئەمڕۆ ئەبێت ئەو نامەیەی کە شەو نوسیومە هەرچۆنێک بێت بیگەیەنمە دەستی مینا،چاوەڕێم ئەکرد خۆر هەڵبێت و کەمێک دوای خۆر هەڵهاتن بچمە دەرەوە و بۆ نزیکی ماڵی مینا،خۆریش زۆری نەماوە هەڵبێت بەڵام من نازانم چۆن ئەم کاتەم

Scanned by CamScanner

لێ تێ ئەپەڕێت ئەتوانم بڵێم هەر تێناپەڕیت ،ئەترسم زۆریش ئەترسم ، هەر لەبەر خۆمەوە ئەمووت ئەبوایە شەو بیرم لەم ترسەی ئێستا بکردایەتەوە بەڵام نەم ئەزانی ترسێکی ئاوا دروست ئەبێت کە رۆژ ئەبێتەوە،هەروەکو چۆن کاتێک منالیت و پێت بڵێن ئەمڕۆ ئەبێت خۆت بکوتیت دەرزی لە خۆت بدەیت،لە ماڵەوە بیت و کەسێکیش لە دەرگا بدات،تۆیش لە ژوورەوە لە دڵەڕاوکێی و ترسدا وەختە شێت بیت،منیش وام بەسەر هات بوو بۆ هەڵهاتنی خۆر کە خۆر هەڵهات بێ ئەندازە ترس و دوودڵی لە ناخما زیادی کرد ،هەرچۆنێک بێت کەمێک خۆم سەرقاڵ کرد تا هیچ نەبێت ئەوەندەی بستێک خۆر لەسەر شاخ بەرز بێتەوە،کە خۆرم بینی ئەوەندە بەرز بۆتەوە،پێڵاوەکانم لە پێ کردو چوومە دەرەوە، بیری لێ بکەرەوە هەردی تۆ ئێستا ئەچیت نامەیەک ئەدەیت بە مینا، ئەو قسەیەم یەک دوو جار بە خۆم وتەوە هێز لە ئەژنۆکانمدا نەما،شپرزە بووم و شەرم وترس دایگرتم،هەموو گیانم بوو بە ئارەق،سەیرێکی ئاسمانم کردوو وتم :خودایە خۆت بە فریام بکەوە ئەم بارە قورسە لە ئەستۆی مندایە بەتەنها نایتوانم،نە قاچم هەڵم ئەگرێت و تا ماڵی مینام ببات،نەدەستم ئەچێتە ناو گیرفانەکەم و نامەکە دەربهێنم ئەوەندە پەشۆکاوم و ئەلەرزم ،چاوم هیچ شتێک وەکوو خۆی نابینێت شوێنی شتەکان لەبەرچاوم گۆڕابوون ،بۆ نموونە وام ئەزانی تەواوی لادێکە لەو کاتەدا سەیری ماڵی میناو سەیری من ئەکەن ،وام ئەزانی بێ لە خەڵکەکە مریشک و قەل وقازەکانیان ،دارو بەرد دیوارەکانیش سەیری من ئەکەن تا بزانن چۆن ئەو نامەیە ئەگەیەنمە دەستی مینا،نزیک بوومەوە لە ماڵی مینا

Scanned by CamScanner

یەکسەر قسەی ناو نامەکەم بیر کەوتەوە کە نوسی بووم "خۆزگە مینا ماڵی ئێوە لە شووشە دروست ئەکرا تا کاتێک لە ژوورەوەیشی من تۆم ئەبینی"

پەشیمان بووم لەو قسەیە ئەمجارە لە دڵی خۆمدا ئەمووت خۆزگە ماڵی مینا لە شوێنیکی دوور ئەبوو یەک ماڵ لە تەنیشتیان نە ئەبوو ،کەس بە ڕێبواریش بە تەنیشتی ماڵیاندا تێنەئەپەڕی،ماڵێک بوایە مینا تەنها خۆی لیَ بوایە،

ئەمە یەکەم جارم نیە کە شەرم بووبێتە بارێکی گران بەسەرمەوە،هەنگاوم ئەنا بەرەو ماڵی مینا نازانم قاچم لەسەر زەوی دا ئەنا یان هەر بەراستی لە ئاسمان بووم و پێم لەسەر هەور دا ئەنا ،یان ڕێک وەکوو ئەو کەسەم لیَ هاتبوو کە بەسەر پەتێکدا ئەڕوات ولە خوارەوە کۆمەڵیک کەس سەیری ئەکەن،لێم مەگرن کە ئاوا ئەڵێم مرۆڤ ئەگەر شەرمن بێت لە بنەڕەتدا وئێستا ترسیشی بۆ دروست بووبێت، ئاسایی بیت بەلاتانەوە کە بڵێم بە ڕێگادا ڕۆیشتنی ئاساییم بیرچووبووەوە،بەسەر ئەو کێوە بەرزو تاقەت پڕوکێنەدا سەرکەوتم کە هەموو هێزی ئەژنۆکانم بۆ بەکار هێنا،چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە تەنیشتی ماڵی مینا ،دیار بوو کە مینا لە حەوشەیەو گەسک ئەدات،لە دوورەوە پیاوێکی لادێکەمان دیار بوو کە ئەهات،خۆم سەرقاڵ کردو هەنگاوی بچووکم ئەنا تا پیاوەکە تێپەڕێت و منیش بانگی مینا بکەم ،پیاوەکە بە تەنیشتما تێپەری و منیش نزیک بوومەوە لە ماڵی مینا،ئەوەی لە سنگمدا لێی ئەدا دل نەبوو دەفی دەستی دەروێشەکان بوو ،دڵم لە سنگمدا جێی نە ئەبووەوە وام هەست

Scanned by CamScanner

ئەکرد دڵم ئەیەوێت بێتە دەرەوە،ئەمووت ئەگەر خۆریش نەبێت گەرمی دەم وچاوی من بەشی هەموو زەوی ئەکات ،ئەڵێی تەواوی گەرمی دوونیا لە دەم وچاوی مندا کۆبووەتەوە،رەنگە تۆ ئەمەت نەبیستبێت ئەوەندە ئەژنۆکانم ئەلەرزین وام هەست ئەکرد لەگەڵیشیدا دڵم ئەلەرزێت،سەرم کەمێک بەرز کردەوە تا ناو حەوشەکەیان ببینم،من دایکمم بینیوە کە گەسکی داوە،پیاوەکانی شارەوانیم بینیوە کە گەسکیان داوە ،خوشکەکانم،ژنی تر زۆر کەسم بینیوە لە کاتی گەسکداندا،بەڵام هەرگیز ئاوا ورد نەبوومەتەوە لە دەستی کەس ،دەستێکی کەمێک باریک و سپی بە شلی گەسکەکەی گرتووەو وەختە لە دەستی بەربێتەوە،نوشتاوەتەوە بۆ زەوی کەمەرێکی باریک ،جار بە جارێکیش ئەو دەستەی نا کە گەسکەکەی گرتووە بە پشتی دەستەکەی تری تۆزو ئارەقی نێو چاوانی ئەسڕی،کە دەستی لە نێو چاوانی ئەهێنا خوارەوە وام هەست ئەکرد نێو چاوانی من سوک ئەبێت،ویستم بانگی بکەم بەڵام من ئەوەتا شێوازی بانگکردنیشم بیرچووتەوە ئەوەندە ئەترسم و ئەوەندە شەرم ئەکەم تەنانەت وا هەست ناکەم بتوانم دەنگێک لە قورگمدا دروست بکەم نا ناتوانم،با پێتان بڵێم ئەگەر ویستتان کەسێک بانگ بکەن یان قسەیەکی دڵتان بە کەسێک بڵێن ئەبێت لە سەرەتاوە بیڵێیت چوونکە تا دوا بکەوێت کەمتر توانات ئەبێت قسە بکەیت یان بانگی بکەیت،لەسەر جلەکانمەوە دەستێکم دا لە نامەکەو بیرم کردەوە کە چیم بۆ نوسیوە ڕاستی من لە شەودا نامەم نوسیبوو،هەستێک پێم ئەڵێت نامەی شەو وا جوانترە هەر شەو بخوێنرێتەوە چوونکە رۆژ شتێکی ترە،مینا سەرێکی هەڵبڕی و

Scanned by CamScanner

وام پەشۆکام بەئەندازەیەک بە خۆم بینی بەچاوی قیامەتم بینی،منی جاران هێندەی سەدان بە ئەیهێنن و ئەبەن خوێن دەمارانەی ئەو ئەزانی دۆزەخ ئاگری لە بەشیک ئەزانی وام ئەپەڕێت تێ پێدا زیاتریان خوێن شوێنی بە و داخست سەرم خێرا زۆر ئەسوتێت،مندا دەموچاوی لە ناکرێت پێ کارەم ئەم من تا ئەموت خۆمەوە لەبەر گەڕامەوە خۆمدا توانای لەسەروی هێندە سەدان سەختە هێندە کارێکی ئەمە، منەوەیە،هەستم با نائومێدی ئەکرد

هەستێکی ناخۆش بوو کە تێگەیشتم من ئەو کارە ناتوانم بکەم ،گەڕامەوە بۆ ماڵەوە خۆم پێ نەگیرا چوومەوە ژوورەکەی خۆم و لە ئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆمم کرد بینیم هێشتا ڕەنگم و هەناسەدانم ئاسایی نەبۆتەوە،دانیشتم بیرم کردەوە کە من بۆ ئەبێت ئەوەندە بترسم و ئەوەندە شەرم بکەم وەخت بوو رقم لەخۆم ئەبوو،تۆیش بیر بکەرەوە چ هەستێکت هەیە کاتێک توانات نیە ئەو کارە بکەیت کە دڵت ئەیەوێت، لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم کەمێک خۆم سەرقاڵ کردبوو بە خوێندنەوەی شێعرەوە، خۆشبەختانە کۆڵانکیکی بێدەنگمان هەبوو، هیچ دەنگێک نە ئەهاتە گوێ،تەنها هەندێک جار نەبێت دەنگی سەوزەو میوە فرۆشەکان نەبێت ئەوانەیش دەنگێکی بەردەوام نەبوون کە پیاو وەڕس و ماندوو بکات، لە ناکاو دەنگێکی بەرز بێ دەنگی ئەو رۆژەی شکاند.

کاک غەریبی دراوسێمان دەنگی لێ بەرزبوەوە بە شێوەیەک کە بە ئاشکرا هەموومان لە حەوشەکەی خۆمانەوە گوێمان لێی بوو هاواری ئەکرد " کێ بینیویەتی بە نوێژی نیوەڕۆ دزی لێ بکرێت

ژنەکە بۆ خوا قسە بکە بۆ درۆم لەگەڵ ئەکەیت" ئەوەو چەند قسەیەکی تری بە دەنگی بەرز دووبارە کردەوە، وەکوو ئەوەی بیەوێت خەڵکی گوێیان لە دەنگی بێت ئەگەر نا بۆ دێتە حەوشەو بەو دەنگە بەرزە هاوار ئەکات، یان ڕەنگە هێندە تووڕە بووبێت کە بیری لای ئابڕوی خۆی نەما بێت و لای گرنگ نەبێت کە دواتر خەڵک چۆن سەیری ئەکەن، دایکم وتی منالینە ئێوە بچنە ژوورە من ئەچمە ئەو دیو بزانم ئەو دەنگە دەنگە چیە، دایکم نەیهێشت لەو شەڕە تێبگەین و هەمووماني ناردە ژوورەوە دوای نزیکی کاتژمێرێک کەمێک کەمتر گەڕایەوە، من خۆم پی نەگیراو یەکسەر پرسیم دایە ئەوە چی بووە؟ دایکم نەیویست بۆم ڕوون بکاتەوە بە وەڵامێکی کورت خۆی دزیەوەو هەر ئەوەندە ووتی: هیچ نیە ڕۆڵە ئیتر ئەوان ژن و مێردن هەر شەڕیان ئەبێت و ئاشتیش ئەبنەوە، لە ڕاستیدا منیش باوەڕم بە قسەکەی دایکم کرد، ئەوکات نەم ئەزانی هەندێک جار بەهۆی شەڕەوە بۆی هەیە ئەو دوو کەسە کە چەندە یەکیان خۆش ئەوێت بۆ هەمیشە لەیەک جیا ببنەوە، زۆر بیرم لەو شەڕو دەنگە نەکردەوە تەنها چەند قسەیەکی کاک غەریب نەبێت کە لە مێشکمدا مابوونەوە، کە بە دەنگی بەرز هاواری ئەکرد" ژنەکە تۆ درۆ ئەکەیت درۆ ، تۆ درۆ ئەکەیت "

کاک غەریب تەمەنی نزیکی ٣٥ ساڵێک ئەبێت دەم وچاوێکی ئەسمەر و لوتێکی گەورەو پان و کەمێک لە لا تەنیشتی سەریەوە لەگەڵ ریشی تاڵی سپی تێکەوتووە، باڵایەکی کەمێک کورتی هەیە، تۆزێک لە پێشەوە ورگیشی هەیە،وەکوو خۆی هەمیشە ئەڵێت

Scanned by CamScanner

بیری نایە لەکەیەوە کە پێشمەرگەیە، بەڵام ڕووناکی ژنی بە پێچەوانەوە باڵایەکی بەرز و ڕێکی هەیە، تا ڕادەیەک جوان بوو تەمەنی نزیکی ٣٠ ساڵ ئەبوو، کچێکیان هەبوو نزیکی سێ ساڵ ئەبوو، هەندێکجار کوڕەکانی هاوڕێم ئەیان ووت : ڕووناک زۆری هەیە بەسەر غەریبدا. بەڵام لە ڕاستیدا من چی کارێکم داوە لەو شتانە، ئەوتا من تائیستا خۆمم بەراورد نەکردووە لەگەڵ مینا، تەنانەت تاقەتی ئەوەم نیە بیر لە جیاوازی کەسەکان بکەمەوە بزانم کێ زیادی هەیە لەوی تر، هەرچۆنێک بوو ئەو دەنگە دەنگەی نیوان کاک غەریب و ژنەکەی ئەوە یەکەم جارو کۆتا جاریان نەبوو چەند جارێک تریش ئەوە ڕویدایەوە، ناتوانم بڵێم ئەم شەڕانە ئاسایی بە سەرمدا تێ ئەپەڕین، ناکرێت ئاسایی بێت لەلام چوونکە ڕووناک پووری مینایە،ئەوە زۆر جار دڵتەنگی ئەکردم و حەزیشم ئەکرد بزانم بۆچی وا شەڕێک هەمیشە دووبارە ئەبێتەوە، من تا ئێستایش نازانم بۆچی کاک غەریب کارێکی کردبوو کە ژنەکەی بە دزیەوە جگەرە بکێشێت، خۆ لە لادێکەی ئێمە ژنی زۆری لێیە کە جگەرە ئەکێشن، یان بۆچی ژنەکەی هەندێک کراسی هەیە کە کاک غەریب لە ماڵ نەبێت لەبەریان ئەکات، زۆر شتی تر بۆ نموونە کاک غەریب لەماڵ نەبوایە لای ئاسایی بوو ئەگەر لەچکەکەی لەسەری بکەوێتە خوارەوە، یان جلە ڕەنگ کراوەکان و تەسکەکانی لەبەر بکات، نەم ئەتوانی بە ئاسانی لەم شتانە تێبگەم بەڵام زۆریش خەیاڵی منیان داگیر نەکردبوو، تەنها شتێک بیرم لێ ئەکردەوە ئەوە بوو پووری مینایە پێم ناخۆش بوو کە توشی شەڕ ئەبوو هەر ئەوەندە، وەکوو ماڵی

ئێمە هیچ تێکەڵیەکمان لەگەڵیان نەبوو چوونکە هیچ کامیان لە تەمەنی ئێمەدا نەبوون.

من هەندێک جار کە شەوان ئەچوومە دەرەوە ماڵی کاک غەریبیشم لێوە دیار بوو، هەمیشە پورزایەکی کاک غەریب سەردانی ئەکردن ئەویش پیاوێک بوو تەمەنی نزیکی چل ساڵیک ئەبوو، هەر لە دوورەوە ئەگەر دەر بکەوتبایە با شەویش بوایە من هەر ئەمناسیەوە چوونکە کەمێک ئەشەلێت کە بە ڕێگادا ئەڕوات.

بە دایکمم جیگای خەوەکەم لەسەر بان بۆ ڕابخەن هەوا خۆشی کردووە من ئەمەوێت لەسەر بان بخەوم،هەمیشە کۆتایی بەهار و نزیک بوونەوەی هاوین خەوتن لەسەر بان لە لادێ زۆرە، ڕاستە شەوان نزیکی رۆژ بوونەوەو دەمەو بەیان تا ڕادەیەک هەوایەکی ساردی هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خەوتن لەسەر بان چیژێکی تایبەتی هەیە، ئەو شەوە کەمێک زووتر ژوورەکەی خۆمم بە جێ هێشت و ویستم بچمە سەربان و کەمێک جیاوازتر بیر لە مینا بکەمەوە، هەوایەکی فێنکی ئەهات، ئەگەر هەڵە نەبم تەواوی ئەستێرەکانی ئاسمان دیار بوون، ئەگەر کەسێک جوان لێیان وورد ببوایەتەوە بە ئاشکرا ئەیبینین کە چۆن کز ئەبن و دواتر ئەدرەوشینەوە، بە ئاشکرا دیار بوون وەکوو کۆمەڵیک کچ وابوون کە بە عەزی تەنکەوە دەستی یەکیان گرتبێت و سەما بکەن، یان ڕەنگە ئاهەنگ بگێڕن، ئەوەتا ئەبینم ئاهەنگ ئەگێڕن بە هۆی تەواو بوونی زستان و نیوەی بەهارەوە ، چوونکە چیتر هەور ناتوانێت بەرچاویان بگرێت و نەهێڵێت لە زەوی بڕوانن، پیشتر لە چیرۆکەکانی دایکم و داپیرەمدا بیستبووم کە ئەستێرەکان هێندەی

Scanned by CamScanner

ژمارەی کەسەکانی سەر زەوین، یانی هەر کەسەو ئەستێرەیەکی هەیە لە ئاسمان، ئێ باشە بۆچی من تا ئێستا هیچ ئەستێرەیەکم بۆ خۆم دیاری نەکردووە، کە قسەکانی خۆم لەگەڵ ئەو بکەم، یان بۆچی بیرم لەوەیش نەکردۆتەوە، بەڵام ناکرێت زوو بڕیار بدەم کێ ئەڵیت مینا ئەو ئەستێرەیەی لا پەسەندە کە من دیاری ئەکەم، وازم لەوە هێنا کە ئەستێرەیەک دیاری بکەم و جیای بکەمەوە لەوانی تر هەر زوو مینا هاتەوە بەرچاوم، چاوم بەرەو گەرم بوون ئەچوو، خەو کەمێک قورسی کردبوون، چوونکە وا نزیکی نیوەی شەوە، ویستم بە یەکجاری چاوم لەسەر ئەستێرەکان لابەم و چاوم بۆ خەو دابخەم، لە کۆڵانەکەی تەنیشتی ماڵمانەوە تارماییی کەسێک دەرکەوت کە زۆر بە ئەسپاییی بە رێگادا ئەڕۆیشت،هیچ چرایەک و هیچ ڕووناکیەکی بە دەستەوە نیە، لە شەوێکی وا تاریکدا بەلامەوە سەیر بوو، هەستامەوە دانیشتم، بۆ ساتێکی زۆر کەم وەستاو وام هەست ئەکرد لە من بڕوانێت و هەستی بەوە کردبێت کە من سەیری ئەکەم ، بەڵام من هیچ دڵنیا نەبووم لەوەی کە سەیری من ئەکات، چوونکە شەو بە ئەندازەیەک تاریک بوو کە نەم ئەتوانی ئاڕاستەی سەری دیاری بکەم،تەنها تارماییی کەسەکە دیار بوو ئەوەندەم بۆ ڕوون بووەوە کە ژن نیەو پیاوە، بەڵام بەم کاتەی شەو کە وا هەست ئەکەم تەنها من بەخەبەرم کەسێک لێرەوە ئەیەوێت بۆ کوێ بڕوات! بۆچی هێندە بە هێواشی و هەنگاو ئەنێت خۆی ئەهاوێتە بەر تاریکیەکان!، وە هیچ ڕووناکیەکی بە دەستەوە نیە! وا خەریکە لە ماڵی کاک غەریب نزیک ئەبێتەوە، تا زیاتر لە ماڵی کاک غەریب نزیک بێتەوە زیاتر ئەچێتە بن

دیوارەکانـەوە، دەرگاکـەی مـاڵی کـاک غـەریبی کـردەوەو چـووە حەوشەکەیانەوە، وا بزانم کاک غەریب لە ماڵ نیەو ئەمرۆ چووەتەوە بۆ دەوام، بەڵام ئەبێت ئەم پیاوە بەم کاتەی شەو بۆچی بۆ ماڵیان ئەڕوات! قسەکەی چەند رۆژ لەمەو پێشی کاک غەریبم بیر کەوتەوە کە هاواری ئەکرد " کێ بینیویەتی بە نوێژی نیوەڕۆ دزی لێ بکرێت ژنەکە بۆ خوا قسە بکە بۆ درۆم لەگەڵ ئەکەیت" باشە من ئەبێت چی بکەم مەگەر ئەوە دزەکە نیە ؟! بەڵام ژنەکەی کاک غەریبیش خەتای خۆیەتی بۆ دەرگای حەوشەکەیان داناخات؟ نا ڕەنگە لە بیری چوو بێت کە دایبخات، بەڵام من ئەبێت شتێک بکەم، خۆ ناکرێت بە بەرچاوی منەوە دزیەکەی بکات و بڕوات، ئاخر ئەم دزە نەفرەتیە لە کوێوە دەرکەوت بۆ خەیاڵەکانی منی پچڕاند،بۆ نەیهێشت ئەمشەویش هەندێک لە قسەکانی دڵم بۆ ئامسان و ئەستێرەکان باس بکەم، بە هێواشی بەتانیەکەم لەسەر قاچم لابردوو بە پەیژەکەدا هاتمە خوارەوە، زۆر بە ئەسپایی لە ماڵی کاک غەریب نزیک بوومەوە، تا گەیشتمە بن دیواری حەوشەکەیان، پێش ئەوەی سەرم هەڵبڕم و بزانم دزەکە چی ئەکات، گوێم لە دەنگێکی زۆر هێواش بوو بە ئەستەم قسەی ئەکرد، دەنگی ژنێک بوو ئەیووت " نا، ناچینە ژوورەوە منالەکەم گەورە بووە قسە ئەگێڕێتەوە" ئەو دەنگەم زۆر ئاسان ناسیەوە، بەڵێ ئەوە دەنگی ژنەکەی کاک غەریبە بەڵام بۆچی بەو شێوە دۆستانە لەگەڵ دزێک قسە ئەکات؟! ، نەمتوانی جوان گوێم لە قسەکان بێت چوونکە زۆر دەنگیان نزم کردەوە، دەنگی پیاوێکیش ئەهات بەڵام هیچ لە قسەکانی تێ نە ئەگەیشتم تەنها

گرمە گرمێکی دەنگیم گوێ لێ ئەبوو، بەڵام ژنەکەی کاک غەریب بۆ ساتێک دەنگی زیاتر بەرز کردەوە ئەمجارە تێگەیشتم وتی " تۆیش زۆر لە غەریب باشتر نیت، دەستت لەسەر سنگم لابە ئازارم ئەدەیت" راستی ئیتر خۆم پێ نەگیرا سەیرێکی حەوشەکە نەکەم چوونکە هەستم ئەکرد ئەو پیاوە نەناسراوە خەریکە ئەو ژنە ئازار ئەدات، کەمێک سەرم بەرز کردەوە تا لە دیوارەکەوە ناو حەوشەکەم لێوە دیار بێت، ژنەکەی کاک غەریبم بینی پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە و سەری بە ئەمدیووە بەو دیوودا ئەجوڵاند وەکوو ئەوەی بیزار بێت لە بۆنی هەناسەی ئەو پیاوە ، یان ڕەنگە بێزار بێت لەوە دەمێکە وا ماوەتەوە ، پیاوەکەیش هەردوو قۆڵی ژنەکەی کاک غەریبی گرتبوو سەری نزیکی سەری کردبووەوە و خۆی پێوە نوساندبوو، هەرچەند لە منەوە نزیک بوون بەڵام شتەکانم بە جوانی نە ئەبینی چوونکە زۆر تاریکە ئەمشەو ئەستێرەکان بە تەنها هەڵهاتوون مانگیان لەگەڵ نیە، تا هیچ نەبێت کەمێک شەو ڕووناک بکاتەوە، بەڵام شەوێکیش تاریک نەبێت خۆ شەو نیە، ڕاستی من لەوە تێ نە گەیشتم ئەو پیاوە ئەیەوێت ئازاری بدات یان بەو شێوەیە پێی ئەسەلمێنێت لە کاک غەریب باشترەو خۆشی ئەوێت، ڕاستە من ئەمە یەکەم جارمە شتێکی ئاوا بە چاوی خۆم ببینم، بەڵام لەو کتێبانەی کە خوێندوومەتەوەو لە دراماى ناو تەلەفزیۆنەکاندا لەو شتانە ئەگەیشتم کە ئەو پیاوە دز نیە، بەڵکوو خۆشەویست و دۆستی ژنەکەی کاک غەریبە، نەمویست زۆر بمێنمەوە کێشە بۆ خۆم و بۆ ئەوانیش دروست بکەم، سەرم هێنا خوارەوە لە دیاوەرەکەو کەمێک لە

بن دیوارەکە دانیشتم، چوونکە بەراستی زۆر شپرزە بووم، چوونکە
سەرەتا وام نەزانی خەریکم لەگەڵ دزێک ڕوو بە ڕوو ئەبمەوە،
گومانم نەکرد کە توشی شەڕیکیش ببم،ئێستا ئەو پیاوە دز نیەو
وەکوو کوڕەکان ئەڵین دۆستی ژنەجوانەکەی کاک غەریبە، ویستم
جگەرەیەک دابگرسێنم بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەمێک بێمەوە سەرخۆم
بەڵام بیرم کەوتەوە کە بۆنی دووکەڵی جگەرەکەم ئەگاتە ئەوان بۆیە
پەشیمان بوومەوە، هەستامەوە بە هیواشی کە بێمەوە بۆماڵەوە.
دووبارە گوێم لە دەنگی ژنەکەی کاک غەریب بوو دەنگی بەرز
کردەوە ئەمجارە لە هەموو جارەکانی پێشوو زیاتر دەنگی بەرز بوو" تۆ
چۆن پیاوێکی کە ئیشت پێم نەما ئیتر ئەڕۆیت ! من بێتاقەت بووم
بۆیە ویستم بێیت، هیچ پیاوێک لە من تێناگات کە چیم ئەوێت" بە
ئاشکرا بە دەنگیدا هەستم ئەکرد کە توڕەیە ، لەگەڵ ئەوەیشدا
بێتاقەت و بێزارە ، دووبارە دەنگیان نزم کردەوەو دەستیان کردەوە بە قسە
منیش بە هێواشی هەنگاوم ناو بەرەو سەربانەکە گەڕامەوە، هەردوو
دەستم خستە پشتی سەرم و لەسەر پشت راکشام، بیرم ئەکردەوە لە
میناو لە ژنەکەی کاک غەریب، بڕوانە ژنەکەی کاک غەریب دوو
کەسی هەیە کە خۆشی ئەوێن و خۆشیان ئەوێت، بەڵام خۆ میناکەی
من هیشتا وشەیەکی لە من نەبیستووە،پرسیارێکی بێتام هات بە
مێشکمدا. باشە ئەکرێت کەسێک لەیەک کاتدا دوو کەسی خۆش
بووێت؟! ئەم پرسیارە بێتام بوو، بەڵام ئیتر هاتووەتە ناو مێشکمەوە ئەم
پرسیارە جیاواز لە هەموو پرسیارەکانی تر، وەڵامەکەی ئاشکرا بوو

Scanned by CamScanner

لەلام، وەڵامەکەیشی نەخێر ناکرێت،ئەگەر ناکرێت ئەوە نیە ژنەکەی کاک غەریب دوو کەسی خۆش ئەوێت!؟

ئەم پرسیارەیشم بەلاوە زۆر سادەو منالانە بوو ئاخر ئەگەر خۆشەویستی ئەو پیاوەو کاک غەریبیش بخەیتەوە سەر یەک، من لەوە زیاتر من مینام خۆش ئەوێت، ئەوان نیو خۆشەویستی ئەکەن، کە ئەوەم وت وەکوو شێتێک بزیەک کەوتە سەر لێوم و پێکەنینم بەخۆم ئەهات کە چۆن ئاوا وەڵامی پرسیارەکانی خۆم ئەدەمەوە،مینا وردە وردە لەدڵی مندا گەورەتر ئەبێت، وا هەست ئەکەم کە خەیاڵەکانی دێنە ناو ژوورەکەم جێی نابێتەوە هەر بۆیە ئارەزوو ئەکەم بچمە دەرەوەو بیری لێ بکەمەوە، یان ئەوەتا من لە ئاسماندا بە دوای مینادا ئەگەڕێم،ئەمشەو ژنەکەی کاک غەریب خراپ مێشکی سەرقاڵ کردم بە خۆیەوە، دڵم بە حاڵی ئەسوتا، ئەوەتا من تەنها کەسێکم خۆش ئەوێت ئەو هەموو ئازارە ئەکێشم ئەبێت ئەو چەندە ئازار بکێشێت کە دوو کەسی خۆش ئەوێت؟ئەو شەوە نازانم بۆ بیرم لەو پیاوە نە ئەکردەوە کە بزانم کێیە، بەڵام لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو کە ژنەکەی کاک غەریب لەگەڵ پیاوێکدایە، لەبەر ئەوە نا بڵێم خیانەت ئەکات نا، تەنها لەبەر ئەوەی پوری مینایەو ئەترسم لە کۆتاییدا خەڵک بە خراپ ناوی بهێنن و بۆ شان و شکۆی مینایش خراپ بێت، ئەوە زۆر ئازاری ئەدام کاتێک بیرم ئەکردەوە ئەوانەی بە دڵی خۆیان ئەیانەوێت ژیان بکەن ئەوەندە ئازار ئەچێژن ، یان بێ ئەندازە لەسەر کەسایەتیان ئەکەوێت،هەرچۆنێک بێت توانیم ئەو پیاوەو ژنەکەی کاک غەریب لە میشکم بکەمە دەرەوە، هەناسەیەکی قوڵم

هەڵکێشاو سەیری هەر لایەکی ئاسمانم ئەکرد هەمووی ئەستێرە بوو ،سەیر کردنەکانی میناو گەسک دان و چوونە ناو حەوشەکانیشی بە لێشاو ئەهاتنەوە بەرچاووم و خەیاڵمیان داگیر ئەکرد،ئەگەر دەفتەری نوسینەکانم لا بوایە بێ گومان ئەمەم تیا ئەنوسی

" شەو چەندە بێدەنگە
ئەڵێی تەواوی شار نوستوون بێ لە من
نا
تۆیش بەخەبەریت
لە ناو دڵی مندا "

هەرچۆنێک بێت دوای چەندین جار خۆ خستنە سەر ئەم شان و ئەو شان ، نازانم چۆن بوو کە لە شەوێکی ئاوادا خەوم لیکەوتبوو، کارەساتی راستەقینە لێرەدایە، کاتێک کە بەیانی بەخەبەر دێت یەکەم شتێک کە بیری لێ ئەکەیتەوە ئەوەیە کە شەو چۆن بوو کە خەوت لێ کەوتووە

ئەمڕۆ رۆژێکی نوێیە بەڵام بەلای منەوە هیچ خۆش نیە چوونکە بیرم ئەکەوتەوە چۆن دوێنێ هەلی ئەوەم لەدەست داوە کە نامەکە بگەیەنم بە دەستی مینا هەرچۆنێک بێت من نەمتوانی نامەکە بگەیەنمە دەستی جارێکی تر نامەکەم دەرکردەوەو خوێندمەوە،دەستم خستە پشتی سەرم و بە پشتا ڕاکشام وام هەست ئەکرد ماندووم،چاوم داخست و مینام هێنایە پیش چاوی خۆم کە کاتێک گەسکی لە حەوشەکەیان ئەدات،نوشتاوەتەوە بۆ زەوی و سەری هەڵنابڕیت و کەمێک لە قژی لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتۆتە دەرەوە، قۆڵی

Scanned by CamScanner

ماکسیەکەی تا ئانیشکی هەڵکردووە،دەستێکی خستۆتە سەر ئەژنۆی و دەستەکەی تری گەسکەکەی بە شلی گرتووە،من لە ئەو وورد ئەبمەوە ئەویش لە گەڵای وەریوی حەوشەکەیان کە بەر گەسکەکەی ئەکەون و لەگەڵ گەسکەکەی ئەڕۆن،هەندێک جار گەڵایەکی لێ بە جێ ئەمێنێت و دووبارە ئەگەڕێتەوە بۆی،پرسیارێک هات بە خەیاڵمدا باشە ئەکرێت کەسێک گەسک بدات و بیر لە کەسێک بکاتەوە ؟! وەڵامەکەم نە ئەزانی بەڵام وتم باشە وا گریمان کرا بیر لە کەسێک بکاتەوە ،بەڵام باشە ئەو کەسە کێیە کە مینا بیری لێ ئەکاتەوە؟تۆ بڵێی من بم؟نا ناتوانم ئەوە بزانم ،بەڵام کە چاوی مینام بینی چۆن لە گەڵا وەریوەکان ئەڕوانیت بە دەم گەسکەکەیەوە دڵنیا بووم کە بیر لە کەسێک یان شتێک ئەکاتەوە،دواتر چوومە کتێبخانەکەو تا شتێک بخوێنمەوە تا هیچ نەبێت کەمێک حاڵم باشتر بکات،من خۆم زیاتر هۆگری خوێندنەوەی شیعرم چیژیکی زۆر وەر ئەگرم لە خوێندنەوەی چوونکە هەمیشە ئەمووت شیعر قسەی ناو دڵە هیچ شتێکیش هێندەی قسەی ناو دڵ جوان نیە بەلامەوە،چەندین پارچە شیعرم خوێندەوە، ئەوەتا ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار وا هەست ئەکەم شاعیرەکان هەستی من ئەزانن و شیعرەکانیان بە تایبەت بۆ من نوسیوە،زۆرم خویندەوە زیاتر هەستم بە ماندوێتی کرد چوومە دەرەوە تا جگەرەیەک بکێشم و هەوایەکی دەرەوە هەڵبمژم،پارچەیەک نوسین هاتە خەیاڵم و چوومە ژوورەوە ،وتم وەکوو ئەوەی کەسێک شک نابەم یان ناتوانم قسەکانی دڵم بە کەسێک بڵێم بڕیارم دا ئەوەی هەستی پێ ئەکەم بینوسمەوە،کەمێک چاوم داخست و دووبارە مینام هاتەوە

Scanned by CamScanner

پێش چاو کە چۆن گەسکی ئەداو چۆن چاوەکانی لەسەر گەڵا وەریوەکانی حەوشەکە لا نە ئەبرد ،بۆیە دەستم دایە قەڵەمەکەم و لەسەر پارچەیەک کاغەز نوسیم،

گەڵاکان
ئەگەر ئەوەیان بزانیبایە
تۆ چۆن لێیان وورد ئەبیتەوە
بە چ هەستێکەوە بە گەسکەکەت
ئەیان بەیت و ئەیان هێنیت،
سەمایان پێ ئەکەیت،
هەرگیز تەمەنی درێژیان خۆش نە ئەویست
هەر زوو زەرد ئەبوون و
هەر زوو بەر ئەبوونەو
هەر زوو ئەکەوتنە
بەر گەسکەکەت

قەڵەمەکەم دانایەوەو مینام هاتەوە بەرچاو کە سەری هەڵبڕی و منیش خۆم پێ نەگیرا لە شەرم و ترس دا تا ماڵەوە نەوەستام،زۆرم بیرکردەوە کە ئەبێت هەر ڕێگایەک هەبێت من هەستەکانی خۆم بە مینا بڵێم،لە ماڵەوە خۆم پی نەگیراو چوومە دەرەوە بە تەنها خۆم بەرەو دەشتەکەی پشتی ماڵی خۆمان چووم،خۆر کەمێک تینی گەرمی زیادی کردبوو دوور کەوتمەوە لە ماڵەوە و لە ئاوایش دوور کەوتمەوە لە ناو سەوزە گیایەک بە پشتا ڕاکشام و دەست و قاچم لێ ڕاکێشا تا

توانیم لە شینی ئاسمان و ئەو چەند پەڵە هەورەی کە بە ئاسمانەوە بوو ڕوانیم، بەشێوەیەک سەیرم ئەکردن و لێیان ورد ئەبوومەوە وەکوو ئەوەی ڕێگا چارەیـەک لای ئـەوان بدۆزمـەوە،دوونیا بێـدەنگ بـوو تـەنها هەنـدێک جـار دەنگـی چۆلەکـە ئەهاتـە گـوێم کـە لـە دوورەوە ئەیانخوێند،لە ڕاکشان لەسەر گیاکە بیزار نەبووم چوونکە تازە تینی خۆر شەونم و تـەڕی سەر گیاکەی وشک کردبوویەوە،لەبەر خۆمـەوە چەنـد گۆرانیـەکم ووت،دواتـر هەسـتامەوەو دانیشـتم و لـە دوورەوە سەیرێکی لادێکەمانم کرد و بەڵام ماڵی مینام لێوە دیار نەبوو،لەبەر خۆمەوە وتم گریمان مینا ئێستا لێرەیە ئادەی هەردی بزانم چی پێ ئەڵێیت،نازانم ئەگەر مینا ببینم لەنزیکەوە چی پێ ئەڵێم ڕاستی نازانم ،تەنانەت نازانم چی بۆ سڵاو کردن بەکار بهێنم ،بڵێم باشیت؟ چۆنی؟ سڵاو؟ ئەم کاتەت باش؟... نا من نازانم چۆن باشە سڵاو بکەیت لە کەسێک کە هۆگری بینینی بوویت بۆ کەسێک کە ئەیبینیت نەک دڵت تـەواوی دەمارەکـانی سەریشـت لـێ ئـەدەن،من ئـەڵێم بیرکردنـەوە شتەکان ئاڵۆزتر ئەکات، بڕوا بوون بەخۆ کەمتر ئەکاتـەوە،بیر کردنەوە هەموو شتەکان تێک ئـەدات،بڕوانن مـن ئەوەنـدەم بیرکردۆتـەوە تەنانـەت سڵاوێکی ئاساییم بیرچووەتـەوە نـازانم کـە مینـام بینـی چۆن سـڵاو بەکار بهێنم،خەیاڵم زۆر ئەرۆیشت و زۆرم بیر کردەوە تـەواو وەرس بـووم و ماندوو بووم بە دەست خۆمەوە، گەڕامـەوە بۆ ماڵەوە ئەتوانم بڵێم تـا ڕادەیەکی زۆر نا ئومێد بووم ،نا ئومێد بووم لەوەی کە ڕۆژێک بتوانم قسە بکەم لەگەڵ مینا ،نزیکی نیوەڕۆ بوو گەشتمەوە ماڵەوە دایکم لە دەشت بوو هێرۆی خوشکم کە چوار ساڵ لـە مـن منـاڵترە خواردنی

ئامادە کردبوو، دەست و دەم وچاوێکم شت و دانیشتم چایەکی بۆ هێنام و خواردمەوە دواتر یەک دوو پاروم لەگەڵ خوشکەکەم و هێرش و هەڵۆی برام خوارد،دواتر چوومەوە ژوورەکەی خۆم لەبری خوێندنەوە یان هەر شتێکی تر گوێم لە گۆرانی گرت نازانم چۆن بوو خەوم لێکەوتبوو من زۆر بە کەمی دوای نیوەڕۆ ئەخەوم هێرۆ بانگی کردم کاکە هەردی؟ کاروانی هاوڕێت لە دەرەوەیە بانگت ئەکات هاتووە بە شوێنتدا وتم باشە بڵێ ئیستا دێت،کاروانم بینی ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بەیەکەوە بووین زۆر قسەمان کرد بەڵام لە کۆتایی قسەکانیدا شتێکی ووت کە من گێژ و وڕ بووم، یانی باوەڕم نە ئەکرد بە قسەکەی بەڵام قسەکەیشی ڕاست بوو،بەسەرهاتێکی خۆی بۆ گێڕامەوە کە چۆن لەگەڵ کچێک قسەی کردووەو کچەکەیش بەوە رازی بووە کە پەیوەندیان هەبێت، زۆرم لەیەک دایەوە باوەڕم بەوە نەبوو کەسێک هەبێت بتوانێت ڕوو بەڕوو بوەستێت و قسەکانی دڵی بە کچێک بڵێت،بۆ من زۆر قورس بوو باوەڕ بەوە بکەم کە کاروان بۆ منی دەگێڕایەوە.

کە شەو هات وەکوو ئەوەی بەردێک لەسەر دڵم دانرا بێت نا شتێکی قورستر یانی وام هەست ئەکرد قورسترین بەشی جەستەم دڵمە نازانم بۆچی لە جاران زیاتر دڵم تەنگ بوو بیرم ئەکردەوە یانی من تاکەی ئاوا بم ئاوا بترسم یانی هێندەی کاروانم پێ ناکرێت، ڕوو بە ڕوو بوەستم و قسەکانم بە مینا بڵێم، ئەو شەوە یەکەم شتێک کە لەبەرچاوم کەوت ئەو نامەیە بوو کە نوسی بووم بە شتێکی منالانەو ترسنۆکانەم ئەزانی،نامەکەم دەرهێنا لە گیرفانم و تاقەتی

خوێندنەوەییم نەبوو ئەمجارە بێ یەک و دوو دڕاندم وتم نا ئەبێت ڕوو بە ڕوو قسەکانم بە مینا بڵێم،بەڵام ئەبێت ئەو ڕاستیەیش بڵێم ئینسان لە شەودا زۆر بوێر ئەبێت منیش هەروا بووم قسەی زۆرم بۆ خۆم دانا ڕێگای زۆرم دانا کە ڕۆژ بوویەوە جێ بەجێیان بکەم،شەو زۆری تێنەپەڕی بوو دایکم هاتە ژوورەکەم و وتی هەردی بەیانی کاکت تا شار ئەڕوات شتمان پێویستە ئەبێت بچێت بیان کڕێت زوو بخەوە بەیانی تۆ بچۆ لای مەڕەکان و شوان بە،وتم باشە دایە زوو ئەخەوم، دایکم ڕۆیشت بە قسەکانی دایکم وام ئەزانی تەواوی ئاسمان بەسەری مندا ڕووخاوە ئەوەندە دڵم تووند بوو وتم یانی بەیایش هیچ؟! من ئەمە چەند شەوە خەوم لێ ناکەوێت دوا نیوەڕۆیش کەمێک خەوتووم بەیانیش شوان ئەبم و مینا نابینم ئیتر باوەڕ ناکەم ئەمشەو هەر تێپەڕیت،هەر ئەوەی کە بیرم ئەکردەوە ڕۆژێک درەنگتر هەستەکانم بە مینا ئەڵێم نەم ئەتوانی بەرگەی ئەوە بگرم وام هەست بێ بەخترین کەسی دوونیا منم کە ڕێگر دێتە بەردەمم، توانای مانەوەم نەما لە ژوورەوە و هاتمە دەرەوە جگەرەیەکم داگیرساندو سەیرێکی مانگم کرد،بینیم کە چۆن ئاسمان بووە بە حەوزێک و مانگ مەلەی تێدا ئەکات، ئەستێرەکانیش وام هەست ئەکرد دەستیان گرتووە،دووبارە هەر خەیاڵم ئەچوویەوە لای مانگ هات بە خەیاڵم دا دووبارە شتێک بنوسم

"چەندە جوانە

لە من و لە مینایشەوە دیارە

مانگ"

بە حەوشەکەدا نەهاتم و نەچووم پیاسەم ئەکرد،شەو زۆر بیدەنگ بوو گوێم لە دەنگی پێی خۆم بوو،بۆ ساتێک چاوم داخست و مینا هاتەوە پێش چاوم کە ئێستا خەوتووە،ڕەنگە ئێستا گەرمی بێت و بەتانیەکەی بە خۆیەوە لابردبێت،یان رەنگە خەوی ناخۆش ببینێت و کەسی لە تەنیشت نەبێت خەبەری بکاتەوە،یان ڕەنگە ئەوان درەنگ بخەون ،کێ نالێت ئەمڕۆ کاری زۆری نەبووەو ماندوو بووە ڕەنگە هەر زۆر زوو خەوتبێت،لە نیوەی خەیاڵەکانمدا بیرم کەوتەوە کە بەیانی لە ئاوایی نابم ڕێک دڵم گوشرا،لە دوای ئەم جگەرەیە ئەچمەوە سەربان و ناو جێگاکەم و ئەخەوم ئەوەم بە خۆم وت و جگەرەیەکی ترم داگیرساندو وام هەست ئەکرد ماندووم کە ئەوەندە بە ناو حەوشەکەدا هات و چۆم کردووە،هاتوو چۆ کردن کە خەیاڵت لای هەنگاوەکانت نەبێت و خەیاڵەکانت لە ئاسمان و لە ماڵی یار بێت، کاتێک ئەزانیت ماندوو بوویت کە تەواو قاچت توانای هەڵگرتنی تۆی نەما بێت، بە خەیاڵ کردنیش و قسە کردن لە بەر خۆتەوە شەو بە خۆ خەڵەتاندن تێ ناپەڕیت،بێزار بووم و بە پەیژەکەدا سەرکەوتم بۆ سەربان وام هەست ئەکرد دەنگێک بانگم ئەکات هەردی ؟ هەردی ؟ هەردی؟ ناوەکەی خۆمم بە دەنگێکی زۆر نزم هاتە گوێ کە چەند جارێک دووبارەی کردەوە، دەنگەکە غەریب نەبوو بەلامەوە، دوای ئەوەی ئاوڕم دایەوە دڵنیا بووم ئەو دەنگەی من بانگ ئەکات ژنەکەی کاک غەریبە ، بەڵام بۆ بانگم ئەکات و بەم کاتەی شەو چی کارێکی بە من هەیە؟!

ڕاستی ئەترسام چوونکە دەنگی ژنێک و لەو شەوەدا بانگم بکات نەمزانی چی بکەم، گەڕامەوە بۆ لای دیواری حەوشەکەمان و وتم

ـ بەڵی دادە ڕووناک چی بووە؟ خێرە بەم کاتەی شەو لێرە چی ئەکەیت؟

زۆر خیرا وەڵامی دامەوە وتی

ـ هەردی گیان دەنگت نزم بکەرەوە با کەسێک گوێی لێ نەبێت،ئەمەوێت کەمێک قسەت لەگەڵ بکەم.

ـ باشە قسەم لەگەڵ بکە بەڵام بۆ ئەم کاتەی شەوت هەڵبژاردووە ئەمە کارێکی باش نیە

ـ نا هەردی گیان، با ئیستا لێرە کەم بوەستین، یان بچینە ماڵ ئێمە یان بچینە سەربانەکەی ئێوە.

زۆر بە پەلە وەڵامم دایەوە ئەوە تۆ ئەڵێیت چی؟ ماڵی ئێوەی چی؟! وەرە با بچینە سەربانەکەی ئێمە کەس نایەتە ئەوێ، بە دوای مندا هات و بە دەم ڕێگاوە وتم

ـ ئەی منالەکەت چی؟

ـ ئەو خەوتووە

دواتر چووینە سەربانەکەی ئێمەو لە تەنیشتی منەوە کەمتر لە مەترێک دانیشت و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی جارێ "جگەرەیەکم پێ بدە زۆر بێتاقەتم"، جگەرەیەکم دایە دەستی ئەو و دانەیەکیشم بۆ خۆم داگیرساند،دوو نەفەسی لە جگەرەکەی دابوو بە هێمنی دەستی کرد بە قسە کردن، هەردی من ئەزانم دوێنێ شەو ئامۆزاکەی غەریبت بینی و هاتە حەوشەکەمان و لەگەڵ من بوو،

ڕەنگە تۆ لەم شتانە تێ نەگەیت جارێ تەمەنت ئەوەندە زۆر نیە، بەڵام ئەگەر بێت و بە غەریبی بڵێیت خراپ بەسەری مندا ئەشکێتەوە یان لەگەڵ هاوڕێکانت باسی بکەیت، بۆ ساتێک بیرم کردەوە بۆ ئەبێت ئەم قسانە بۆ من بکات! من کارم چیە بەسەر ئەوەوە چی ئەکات و چی ناکات، منیش بەهەمان تۆنی دەنگی ئەو وەڵامم دایەوە. " نا من کارم بەسەر تۆوە نیە، خۆم تێنەگەیاندووە لەوەی چی ئەکەیت و چی ناکەیت ئەوە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، من تاقەتی ئەوەم نیە خۆم سەرقاڵ بکەم بەوانی ترەوە، ئەوەی دوێنێ شەویش کە ڕوویدا لە من وابوو کە دزە هاتۆتە سەرماڵی ئێوە، کە ڕاستیەکەم بۆ دەرکەوت و زانیم دز نیە و بە ویستی تۆ هاتووە، بە بێ دەنگی بە شوێنی خۆمدا گەڕامەوە"، ووتی: نا هەردی من ناڵێم تۆ لەم شتانە ناگەیت، چوونکە ئەو قسەیەت ڕاست نیە، ئەو بە ویستی من نەهاتووە، هەر جارێک بیەوێت دێت، ناتوانم بڵێم نامەوێت سەردانم بکەیت، لێم تێبگە هەردی هەوڵ بدە بتوانی لێم تێبگەیت ئەو بەزۆر دێت. لە ڕاستیدا کە ئاوا قسەی بۆ ئەکردم کەمێک شەرم دایگرتم و نەم ئەزانی چی بڵێم تەنها ئەوەندە نەبێت ووتم: شتی وا ناچیتە مێشکی منەوە چۆن ئەتوانێت بەزۆر بێت بۆ لات ؟! لە راستیدا سەرم لەوە دەر نە ئەچوو ئەو ڕاست ئەکات، یان ڕەنگە ئەو ڕاست بکات من هێشتا منداڵم و ناتوانم تێبگەم، چوونکە من بە چاوی خۆم بینیم کە ئەو پیاوە سەری نزیکی رومەت و ملی ژنەکەی کاک غەریبی کردبووەوە، هەندێک جاریش ئەوەم ئەبینی کە ماچی ئەکات و توند باوەشی پیادا ئەکات، ناتوانم لەوە تێبگەم ئەم پیاوە بۆ ئەبێت بەزۆر ماچی کەسێک بکات یان

کەسێک لە باوەش بگرێت. ووتی: بەڵێ ئەو بەزۆر دێت ئەگەر نا من دەمێکە جوابم کردووە کە نەیەتەوە سەر ڕێگام بەڵام ئەو پیاوە من چیم لە دەست دێت؟ئەگەر هاتوو قسەکانی بە غەریب ووت من چی بکەم ؟ کوێم هەیە بۆی بچم؟ دەنگی وردە وردە هەستم ئەکرد زیاتر ئەچێتەوە ناو قورگیەوە، هەستم بەوە ئەکرد کە ئیتر لە تەواوی دەروونیەوە قسە ئەکات، ئەو ئازارەی کە لە ناخیدایە بە ئاشکرا لە هەناسەو قسەکانیدا هەست پێ ئەکرا، دەنگی وردە وردە کپ ئەبوو وەکوو بڵێیت ، شتێک هەیە ئەیەوێت قورگی بگرێت ، ئەگەر هات و ئینسان ئازاری هەبوو، یان لە ناو دڵیدا قسە گەلێکی هەبوو بۆ ووتن و قورگی گیرا ئەو قسەکان هەر ڕێگایەک ئەدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە ناو دڵ بێنە دەرەوە، خۆش بە حاڵی ژنەکان کە قورگیان ئەگیرێت لە خەمدا ئەتوانن قسەکانی دڵیان بکەنە دڵۆپە فرمیسک و بە چاوەکانیاندا بێتە خوارەوە، ئەوەتا ژنەکەی کاک غەریب ئەگری و قسە ئەکات، منیش ناتوانم شتێک بڵێم هەندێک ئازاری ژن هەیە بە ئەندازەیەک گەورەیە، ناتوانیت دەستی لێ بدەیت ناتوانی هیچی لەسەر بڵێیت،هەرچیەک بڵێیت زیادەیە یان ڕەنگە لە خەمەکانیان زیاتر بکەیت، هەندێک لە ژنەکانیش هیچیان ناوێت بۆیان بکەیت تەنها گوێگرێکی ڕاستەقینەیان ئەوێت، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەم ژنە قسەم بۆ ئەکات بەڕاستی لەوەی کەمە کە گوێگرێکی نیە تا خەمەکانی خۆی لە بەردەمیدا هەڵبڕێژێت، بە دەم گریانەوە هەر بەردەوام قسەی ئەکرد. هەردی من نە غەریبم خۆش ئەوێت نە ئەو پیاوە، ئەوانیش منیان خۆش ناوێت، من جگەرەیەکی ترم داگیرساندوو جوانتر چوومە

ناو قسەکانیەوە چیتر بیرم لەوە نە ئەکردەوە کە شەرم بکەم و یان ئەم هاتنەی بەم کاتەی شەو بە خراپ لەیەک بدەمەوە بۆیە گوێم گرت و ئەویش قسەی کرد. هەردی ئەزانم لە من تێناگەیت یەکەم تەمەنت کەمە دووەمیش تۆ ژن نیت. منیش ووتم " نا وا قسە مەکە هەوڵ ئەدەم تێبگەم راستە تۆ ژنیت بەڵام ئازار شتێک نیە کە دیاری کراو بێت تەنها بۆ ژنەکان پیاویش ئازاری هەیەو تەنانەت گیانلەبەرەکانیش ئازاریان هەیە، بەڵێنت نادەمێ بڵێم وەکوو ئەوەی ئەتەوێت لێت تێ بگەم، بەڵام تا ئەو شوێنەی پێویست بکات گوێ ئەگرم و هەوڵ ئەدەم تێبگەم،

- هەردی تۆ ئەزانی ئەو پیاوە کێ بوو کە دوێنێ شەو هاتبووە حەوشەکە

- نا نازانم شەو زۆر تاریک بوو

- ئەگەر پێت بڵێم بەڵێنم پێ ئەدەیت بۆ کەسی باس نەکەیت؟

- ئەگەر بەڵێنیش نەدەم هەر باسی ناکەم بۆ کەس

- ئەوە پورزاکەی غەریب بوو

بەو قسەیەی بێ ئەندازە بێتاقەت بووم، چوونکە ئەوە پیاوێکی باش نەبوو خەڵکی ئاوایی کەس بە باش باسی نە ئەکرد،خراپەکانی ئەو پیاوەم لە دەمی زۆر کەسی لادێکەوە گوێ لێ بوو بوو

- نا من باوەڕ بە شتی وا نەکەم.

- ئەزانم باوەڕ ناکەیت بەڵام ئەوە ڕاستیە من تێکەوتم هەردی کەسێکیش شک نابەم هاوکاریم بکات،

ـ ئەگەر شتێک بە من بکرێت بۆتی ئەکەم

بێدەنگ بوو، هەوایەکی فێنک هەڵی کرد، لەچکەکەی لەسەری کردەوەو قژی دا بە هەواکەو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا لەگەڵیدا، کەمێک هاتە پێشەوە زۆر کەم ،ووتی: نا سوپاس هەردی گیان بە کەس هیچ ناکرێت، سوپاس کە ئەمشەو هیشتت قسەکانم بۆ تۆ بکەم دڵم کەمێک ئاسوودە بوو، لەم قسانەی کۆتایی هیچ سەرم لێ دەرنەکرد چوونکە لە ڕاستیدا من هیچ هاوکاریەکی ئەووم نەکردووە، تەنها گوێم بۆ گرتووە، یان ڕەنگە ئەم ژنە زۆر لەوە ترسابێت من ئەم قسانە لای کەسێک بگێڕمەوە هەر بۆیە ئەوەندە دوو دڵ و پەرێشان هاتبووە لام دواتر بەردەوام بوو لە قسە کردن و ووتی: هەردی نازانم بۆ لێرە لە تەنیشتی تۆوە هەست بە ئارامی ئەکەم، ئەگەر لەبەر دڵی تۆو نا ئارامی تۆ نەبوایە ئارەزووم ئەکرد زیاتر بمێنمەوە. منیش وتم: نا مانەوەت نەبووە بە ئەرک بە سەرمەوە، بەڵام شەو وا درەنگی کردووە بەیانی ئەبێت کەمێک زوو هەستم، کاکم لێرە نابێت من شوان ئەبم، دووبارە سوپاسی کردم و بە هێواشی ڕۆشتەوە خوارەوە تا ناو حەوشەکەیان بینیم، دڵم ئاسوودە بوو کە بێدەنگ ڕۆیشت و کەسێکیش پێی نەزانی، هەستێکی ناخۆشم نەبوو، چوونکە پووری مینا بوو تا ڕادەیەک هەستم ئەکرد بەشێک لە مینایە هاتووەتە تەنیشتم و خەمەکانی بە من ئەڵێت، شەو زۆر درەنگە ڕەنگە کەمێکی تر بانگی بەیانی بدات، خەیاڵەکانی مینایش ماندوێتی و درەنگ و زووی نازانێت هەرکاتێک بێت دەبێتە میوانم .

،لەبەر خۆمەوە ئەمووت باشە ئەوە منم واز لە بیر کردنەوە ناهێنم
یان بیرکردەوەیە واز لە من ناهێنێت،یان باشە مرۆڤ چۆن بە دەم بیر
کردنەوەوە خەوی لێ ئەکەوێت،یان دڵتەنگی بۆ ئەبێت ئەوەندە شەو
درێژ بکاتەوە،خودایە چەند وەڕسم لەشەو ئاسان نیە لەشەودا بیر
بکەیتەوە لەوەی  کە لە تەواوی ئەو شوێنەی تۆی تێدایە تەنها تۆ
بەخەبەریت ئەوە بارێکی قورسە لەسەر دڵت، من تائێستا شەوم بەم
درێژیە نەبینیوە،ڕاستی کارێکی باشم کردبوو کە لە حەوشەکە پیاسەم
کردبوو خۆم ماندوو کردبوو لە نیوەی شەو تێپەڕی بوو وام هەست
ئەکرد ئیتر وردە وردە خەوم دێت،بەیانی زوو بە دەنگی دایکم بەخەبەر
هاتم کە پێمی ئەوت هەردی  کوڕم ئەوە هێشتا لەناو جێگایت؟ کوڕم
هەستە ئەمڕۆ تۆ شوانیت. باشە دایە وا هەستام تۆ بڕۆ،چەند
هەستێکی ناخۆشم هەبوو کە چوومە دەرەوە هێشتا خۆر
هەڵنەهاتبوو،سەرم چەندە قورس بوو،بێ خەوی چەندە مرۆڤ ماندوو
ئەکات،بیرم کەوتەوە بە درێژایی ئەمڕۆ لە ماڵ نابم دڵم زۆر تەنگ
بوو وتم ئەوە ئەمڕۆیشم وەکوو شەو هەر تێناپەڕێت،بڕوا ناکەم هیچ
شتێک هەبێت هێندەی ئەوە قورس بێت کە بەیانی بەخەر دێیت ئەو
کارە نەکەیت کە دڵت ئەیەوێت، من شەو دوونیایەک قسەم لە خەیاڵ
و مێشکدا بوو کە ڕۆژ بوویەوە بە مینای بڵێم بەڵام ئەوەتا من ئەمڕۆ
لە ماڵ نابم دایکم نان و شەکرو چای بۆ کردبوومە ناو لەچکێکەوە و
گرێی دابوو،منیش ئەوە یەکەم جارمە کە بەیانی بێت حەزم لە نان
خواردنی بەیانی نەبێت تەنانەت نەمتوانی پاروویەکیش نان بخۆم،
چایەکەم خواردەوەو ئەو نان و چایەی دایکم بۆی پێچابوومەوە لە

پشتمدا بەستم و دەبەیەک ئاویشم ڕاست و چەپ کردە ملم و مەڕەکانم لە گەوڕەکەیان دەرکرد و یەکەم جگەرەی بەیانیم داگرساندوو شوێن مەڕەکان کەوتم،وا خەریکە کەمێک لە خۆر دەر ئەکەوێت نازانم من وام بیر ئەکردەوە یان هەر لە ڕاستیدا وابوو وام ئەزانی خۆر تەنها بۆ ئەوە هەڵدیت ماڵی مینا ڕووناک بکاتەوە ئێمەیش چەند لادێیەکی خۆشبەختین کە مینا لە لادێکەمانە، بەهۆی میناوە هەموو بەیانیەک خۆر لەلادێکەمان هەڵدێت هەموو شەوێکیش لەبەر مینا ئەستێرەکان دێنە ئاسمانی لادێکەی ئێمە،مانگیش ناو بەناوێک پشوو ئەدات ئەگەر نا هەموو شەوێک دێتەوە ئاسنانی لادێکەمان،لەسەر زەوی دەنگی پێی مەڕەکان و دەنگی پێی خۆم تێکەڵ بووبوون و لە نێوان قاچی ئەوان و زەویەکدا خەیاڵی منیش لە ئاسمانەکان بوو،هەندێک شوانی تر پێش من ئاژەڵەکانیان دەر کردووەو بردوویانە بۆ لەوەڕ بە لاپاڵی شاخەکەوە دیارن، دنگی چۆلەکەیش لەگەل خۆر کەوتندا تەواو ئەو دەشت و شاخەئاوەدان کردووەتەوە،

هەر لە سەرەتای ڕۆژەوە بیرم کردەوە کە من ئەمرۆ شوانم یان ئەمرۆم تەرخان کردووە بۆ بیرکردنەوە لە مینا، مەڕەکانی پێشەوە گەیشتنە شاخەکەی تەنیشت لادێکەمان و منیش لە دوای کۆتا مەڕی دواوە وەستام و سەیرم ئەکردن کە چۆن هەموویان سەریان داخستووەوە قەپ لە گیای سەوزی سەر زەویەکە ئەگرن، زیاتر بۆ بنی بەردەکان هانایان ئەبرد چوونکە گیای بن بەردەکان پێی مرۆڤ و ئاژەڵی پێ نەگەیشتووە،لەبەر ئەوی خۆریشی کەم بەر ئەکەوێت ناسک و سەوزێکی کاڵە، هیچ دەنگێک نایە ئەگەر لە لادێ نەژیا

بیت نازانیت هەدێک جار تەنها دەنگی چۆلەکە دێت لە دوورەوە دوونیا زۆر کپ و بێدەنگە ئەگەر بتەوێت بیر بکەیتەوە مەگەر خۆت بیپچڕێنیت ئەگەر نا هیچ شتێک نیە خەیاڵەکانت بپچڕێنێت، کۆتا مەڕیش گەشتە شاخەکەو منیش بنی شاخەکە لەسەر بەردێک پشتم کردە خۆرەکەو دانیشتم،نازانم من پێشتر بەو جۆرە سەیری ئاسمانم نەکردووە یان ئاسمان هیچ کاتێک بەو ئەندازیە شین نەبوو شینێکی دڵ رفێن تەنها چەند پەڵە هەورێکی سپی بچووک بە ئاسمانەوە بوو، لە کۆتایی بەهاردا خۆری بەیانیانیش چێژێکی تایبەتی هەیە بە تایبەت کە پشتی تێ ئەکەیت و بۆ ساتێک لە شوێنێکی ئاوا بێدەنگدا دابنیشیت و لە پێش چاوت تا ئەو شوێنەی چاوت ئەیبینێت گیای سەوز و گوڵاڵە سورەو گوڵاڵەزەردە هەبێت، تاکە شتێک کە منی وەڕس ئەکرد تەڕی گیاکە بوو بەیانیان جلەکانمی تەڕ ئەکرد ئەویش ئەو شەونمەی کە شەو ئەبارێتە سەر گیا تا خۆری بەیانی وشکی نەکاتەوە ئەمێنێتەوە، یانی تا نزیکی کاتژمێرێک دوای خۆر هەڵهاتن هەر ئەمێنێتەوە هەندێکجاریش زیاتر، بۆیە نەم ئەتوانی لەسەر گیاکە دابنیشم هەر لەسەر بەردەکە مامەوە هەرچەند لە ژێرمدا کەمێک هەستم بە ساردی بەردەکەیش ئەکرد،لە بەردەمی خۆم و لە سێبەرەکەی خۆمم ئەڕوانی کە نیوەی کەوتبووە سەر بەردەکەو نیوەکەی تری لەسەر گیاکە بوو گۆچانەکەم ئەکێشا بە بەردەکەدا ،خۆریش لە پشتەوە لێی ئەدام و پشتمی گەرم کردبوو کەمیکیش وڕو گێژی کردبووم، باوەڕم پی بکەن لە شوێنیکی ئاوا بێدەنگدا گەرمی خۆری بەیانی هێندەی گۆرانیەکی خاو یان موزیکێکی لەسەر خۆ

وات لێ ئەکات کە ئارەزوی خەو بکەیت،هەستم بە گێژ بوون ئەکرد دووبارە شتێک سەر دڵی گرتمەوە ئەویش قسەکانی ئەو ئێوارەیەی کاروان بوو کە بۆی باس ئەکردم چەندە ئاسان توانیویەتی قسەکانی دڵی بەو کچە بڵێت کە خۆشی ئەوێت، دواتر کچەکەیش رازی بووە، من کارێکی باش ناکەم خۆم بە کاروان بەراورد ئەکەم ئاخر ئەو کەسێکی لە من کراوەترو لە من کەمتر شەرمن بوو، هەندێک خۆمم لۆمە کرد لەسەر ئەوەی چۆن ئەبێت من ئەوەندە کەم توانا بم لە ئاستی ئەوەی نەتوانم تەنانەت سڵاوێکیش لە مینا بکەم ،تەنها سڵاویش نا هەر ئەوەندەی مینا بیزانیبایە کە من سەیری ئەکەم لە ترس و شەرمدا ئەمردم و زیندوو ئەبوومەوە ئیتر پێم نالێن چۆن بەم حاڵەمەوە قسەکانم بە مینا بڵێم، لە دوای لۆمە کردنێکی زۆری خۆم سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستمم کرد و بینیم کاتژمێر(٩)ە، سەیرێکی مەڕەکانم کرد زۆر لە من دوور کەوتوونەتەوە هەستامەوەو شوێنیان کەوتم لە بێزاری و بێتاقەتیدا هەندێک جار شەقم لەو بەردانە ئەدا کە ئەهاتنە بەردەمم ،هەندێکجاریش گۆچانەکەی دەستمم ئەکێشا بە گیاکەدا ئەمجارە کە مەڕەکان دوور کەوتبوونەوە بە ناویاندا تێپەڕیم و چوومە بەردەمی ئەو مەڕەی کە لە پێشی هەموویانەوەیە ئەمجارە لەسەر گیاکە دانیشتم، ئەگەر لە بەردەمی کۆتا مەڕی پێشەوە دابنیشیت ئیتر ئەوەستێت و ئاوا هەموویان زیاتر خڕ ئەبنەوە وە لەبری ڕۆیشتن زیاتر خۆیان سەرقاڵ ئەکەن بە لەوەڕ خواردنەوە، بەردەکەی بەرامبەرم زۆر تەخت و گەورە بوو ئەگەر لە نزیکی کانیەک بوایە ڕەنگە پیاوێکی بە تەمەن بیبینیبایە ئەیکرد بە بەردە نوێژ و تا

هەرکەسێک هاتە ئەو شوێنە بتوانێت نوێژی لەسەر بکات، گەڕام پارچەیەک ئاسنم دۆزیەوە هەمیشە پارچە ئاسن لەو شاخەی نزیکی ئێمە هەیە بەهۆی شەری نێوان ئێران و عیراقەو پارچە تۆپ و هاوەن هەمیشە هەبووە ، پارچە ئاسنەکەم هەڵگرت و و چوومە تەنیشتی بەردەکە، بیرم کردەوە کە ناوی مینای لەسەر هەڵبکۆڵم بەڵام نا ئەوە کارێکی باش نیە چوونکە خەڵکی لادێکەمان هەموویان ئەزانن تەنها یەک مینا هەیە لێرە ،بیرم کردەوە کە ئەوە بۆ کەسیایەتی مینا کارێکی باش نیە ، چوونکە دوای من هەر شوانێکی تر ئەگاتە ئێرەو ئەو ناوە ئەخوێنێتەوە، وتم تەنها پیتی یەکەمی ناوەکەی ئەنووسم هەرچۆنیک بێت یەکەم پیتی ناوەکەیم نووسی دواتر لە دوورەوە کەمێک سەیرم کرد وام لا جوان بوو کە یەکەم پیتی ناوەکەی خۆیشمی لە تەنیشت بێت، نازانم هەر من وابووم یان کەسەکانی تریش وان ،لەو ڕۆژەوە بە دەست خۆم نەبوو یەکەم پیتی مینا لەسەر بەرگی کتێبەکانم و دەفتەرەکانم ئەنووسی هەندێکجاریش لەسەر دەستم و پێش ئەوەی کەسێک بیبینێت ئەم سڕیەوە، بەڕاستی من لە بینینی ناوەکەی مینا چێژ وەر ئەگرم کە هەندێک جار بە دەستی خۆیشم نوسراوە، پیتی ناوەکەی خۆیشمم تەواو کردوو ئەمجارە سوکناییەک بە دڵمدا هات کە لە دوورەوە لێم ڕوانی ، تا تەواوم کرد ماندوو بووم هەڵکۆڵینی ناو یان پیتێک بە گەورەیی لەسەر بەردێک کارێکی کەمێک دژوارە ماندووت ئەکات، بەڵام من ئەوەتا ئەمڕۆ تێگەیشتم هەندێک ماندوو بوون هەیە لە پشوو دان چێژی زیاترە بۆ مرۆڤ، سەیری کاتژمێرم کردەوە کەمێک لە (١١) لایدابوو، من تا ئێستا

Scanned by CamScanner

ڕۆژم بەم درێژیە نەبینیووە، ئەبێت مینا چ جادوویەک بێت کە لە من کراوە شەو و ڕۆژی منی بەو ئەندازیە درێژ کردوەتەوە، ئەوە نا دادپەروەریە ڕۆژەکان و شەوەکان وەکوو یەک لەسەر تەمەن بنوسرێنەوە، هەندێک ڕۆژ هەیە هێندەی ساڵێکی تەمەنت بیرت کردۆتەوە هێندەی ساڵێکی تەمەنت ئازارت کیشاوە، هەندێکجاریش بە ڕێکەوت لە ڕۆژێکدا هێندەی ساڵێکی تەمەنت چێژت وەر گرتووە خۆشیت بینیووە، بەڕاستی ئەوە نا دادپەروەریە ڕۆژەکان و شەوەکان وەکوو یەک ئەچنە سەر تەمەن، خۆی لە بنەڕەتدا کارەساتی ئەمڕۆی من لێرەوە دەستی پێ کرد کە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆز و قورسم لە خۆم کرد،ئەمووت تۆ بڵێی ئەمرۆ مینا لە حەوشەکەیانەوە چاوەڕێی ئەوەی کردبێت بە تەنیشتی ماڵەکەیاندا تێپەڕم؟!

وەکوو هەمیشە وەڵامی ئەو پرسیارەیشم نە ئەزانی ئەبوایە خۆم وەڵامم بدایەتەوە، دوو وەڵامم هەبوو بۆ ئەو پرسیارە یەکێکیان ئەم ووت ناکرێت چاوەڕێی دەرکەوتنی منی کردبێت چوونکە تا ئێستایش مینا نازانێت من بە تایبەیت لەبەر ئەو ئەو چەند ڕۆژە بە تەنیشتی ماڵیاندا تێپەڕیووم، گومان ئەکەم مینا ئەو بینینانەی بە ڕێکەوتێکی ئاسایی بێتە بەرچاو ،ڕەنگە بێ لە من کەسی تریش هەبێت بە تەنیشتی ماڵیاندا تێپەڕیت و مینا بیبینێت ئیتر بۆ ئەبێت چاوەڕێی بینینی من بکات ئەم وەڵامەی یەکەم زۆر ئازاری ئەدام نەم ئەتوانی لەوە زیاتر کاتی پێ بدەم و زیاتر بیری لێ بکەمەوە، وەڵامی دووەمیشم ئەوە بوو کە مینا لە حەوشەکە وەستاوەو لە بری ئەوەی نوشتابێتەوە بۆ زەویەکەو گەسکی بدات ڕێک ڕاوەستاوەو گەسکەکەی

Scanned by CamScanner

وردە وەستاوە تا من لێی وەستاوە کە پێش چاو هاتە مینام وا ،دەستەوەیە بە
دەستەوە بە گەسکەکە نیە تاقەتی ئەویش نەکەم سەیری نەبمەوە
مەگرن لێم ،بکات وەریوەکان گەڵا بە سەما هەمیشە وەکوو و بگرێت
بایەکی شنە بن درەختەوە بە گەڵاکان ئەگەر ئاخر جوانە لا مینام کە
درەختێکدا ژێر لە جارێک ،کردن سەما بیانخاتە ئەتوانێت کەمیش
جوان ئەگەر ئەکات سەما گەڵا چۆن ئەبینیت بکە سەیر دابنیشەو
گۆرانیش ئەکەوێت گەڵاکان بەر بایەک کە ئەبینیت بگریت گوێیش
بەڵام، ئەبیستیت ئاشکرا بە دەنگیان شنەبا بەرکەوتنی لەگەڵ ئەڵێن
سەمای ناتوانێت شنەبا زەوی سەر کەوتۆتە کە وەریوو گەڵایەکی
بایەکی هیچ رۆژە چەند ئەم ،توند بایەکی مەگەر بکات لەگەڵ
ئەبەن شک مینا تەنها وەریوەکان گەڵا بۆیە نەکردووە هەڵی تووندیش
گەسکی ئەمڕۆ مینا دڵنیام من ئەمووت ، دەستی گەسکەکەی و
سەیرە !؟من یان بکەن مینا بیری زیاتر وەریوەکان گەڵا بڵێی تۆ نەداوە
ئەدەن ئازارم زۆر وەڵامانە بێ پرسیارە ئەم نازانم ئەوەیش وەڵامی
بۆ ، نەکەم لەخۆم پرسیارێک هیچ ئیتر کە ئەکەمەوە بیر هەندێکجار
خۆزگە بەڵام، نازانم وەڵامیک هیچ کاتێکدا لە بکەم پرسیار ئەبێت
ناو دێنە خۆیان بەڵام کردن پرسیار بوایە خۆمدا دەسەڵاتی لە
بەخشی دەروونم بە ئاسوودەی کەمێک دووەم وەڵامەی ئەم ،مێشکمەوە
هەموو مینا ماڵی کۆلانەکەی چوومەوە جار هەزار خەیاڵ بە دواتر
، ئەڕێژین دای خۆمان چوونکە خەیاڵ ،بوو دەرەوە لە جارێکیش
وا ،ئەهێنین خەیاڵەکانمان بە کۆتایی خۆمان بەرژەوەندی لە هەمیشە
و بدەم پشوو ئەوەیە کاتی ئەبێتەوە نزیک نیو یانزەو لە کاتژمیر

نانیک بخۆم، خۆر گەرمیەکەی زۆر زیادی کردووە ئارەزووی سێبەرم ئەکرد،ئەو چەند داربەڕووەی بەشی سەرەوەی شاخەکە شوێنیکی باش بوو بۆ پشوودان ، مەڕەکانم برد بۆ ئەوێ و هەر لەو تەنیشتەیش ئاوی لێبوو کە بیخۆنەوە، مەڕ لە دوای لەوەڕ خواردن کە ئاوی خواردەوە بۆ نزیکی دوو تا سێ کاتژمیرێک نیوەڕۆ ئەخەوێت ، دوای ئاو خواردنەوە هەموو مەڕەکان لە سێبەری دوو داربەڕووەکەی تەنیشتم خەوتن، منیش کەمێک گەڕام بە تەنیشتی خۆمداو چەند لقێک داری وشکم پەیدا کرد بۆ ئاگر کردنەوە، سێ بەردم لە تەنیشتی یەک داناو لقە دارەکانم ئەشکاندەوەو لە ناو بەردەکاندا دام ئەنا دواتر ئەو لەچکەی کە نان و چایەکەمی تیا بوو هێنام کردمەوە بینیم تەنها سێ هێلکەی کوڵاو و کەمێک سەوزەو خوێ و شەش نانی تێدایە، خواردنەکەم ئاگری نە ئەویست هێشتا هێلکەکان بەشی ئەوە گەرم بوون کە بتوانم بیخۆم، بەڵام ئاگرەکەم کردەوەو چایەکەم لەسەر دانا، جارێکی تر بە تەنها نان ئەخۆم، قورسە بە تەنها نان بخۆیت و خەیاڵت لای نانەکەت بێت خەیاڵت لای پارووەکانت بێت، کە نانم ئەخوارد ئینجا ئەوە تێگەیشتم، لە نانخواردن بوومەوەو چایەکەم ئەکوڵا، چایەکم تێکرد و کەمێک لە ئاگرەکە دوور کەوتمەوە جگەرەیەکم داگیرساند و سەیرێکی خوارەوەی شاخەکەم کرد کە لادێکەمان دیار بوو بەڵام نەم ئەتوانی ماڵی مینا جیا بکەمەوە لەنێوان ماڵەکاندا، کە بیرم ئەکردەوە ئەوە من ڕۆژێک تێ ئەپەڕێنم و ڕۆژیک لە دەست ئەدەم و مینا نابینم دووبارە باری سەر دڵم قورس بوو ، کەمێک لە مەڕەکان وورد بوومەوە کە چۆن ئارام خەوتوون

تەنها چەند دانەیەکیان نەبێت کە بە پێوە وەستاون ، وام هەست ئەکرد بۆیە نەخەوتون تا چێژ لە سێبەر دارەکەو سەیرکردنی ئەو دەشتە سەوزە وەربگرن،جگەرەکەم تەواو کردوو دەستێکم خستە پشتی سەرم و لەسەر پشت راکشام، شنە بایەکی کەمی ئەهات و بەسەر سەرمەوە گەڵای درەختەکەی ئە لەراندەوە، ناو بە ناوێکیش گەڵاکان ورشەیەکیان لێوە ئەهات، لەلای دەستی ڕاستمەوە چەند گوڵاڵە سوورەیەک هەبوو، گوڵاڵە سوورە کە زیاتر لە شاخ ئەڕوێت تەنها یەک چاوی رەشی گەورەی هەیە کە هەمیشە سەیری ئاسمانی پێ ئەکات تەنها هەندێک جار کە بارانێکی زۆری بەسەردا ببارێت کەمێک سەری خوار ئەکاتەوە بەڵام دواتر بە دەرکەوتنی خۆر دووبارە ڕێک ڕا ئەوستێتەوە، بیرم ئەکردەوە بۆ ئەبێت هەندێک جار گوڵێک بە تەنها بێت و هەندێکجار بە کۆمەڵ ڕواون، بە دەستی من بوایە هەر گوڵێک کە بە تەنهایە گوڵێکی ترم لە تەنیشتی دا ئەنا، ئاخر لەو کاتەوەی کە من هەست بە تەنیای ئەکەم تێگەیشتووم تەنیای هیچ شوێنێکی جوان نیە بەرگە گرتنی ئاسان نیە، هیچ دروست کراوێک بۆ ئەوە دروست نەکراوە بە تەنها بمێنێتەوە کە لە گوڵ و گەڵاکانم ئەڕوانی هات بە خەیاڵما شتێک بنوسم بۆ مینا، لەبەر ئەوەی من هەمیشە ئارەزووی خوێندنەوەو هەندێکجاریش شتم نوسیوە هەمیشە قەڵەمێک و دەفتەرێکی بچووکم پێ بوو، هەستامەوەو دانیشتم لەسەر لاپەرەیەکی نوسیم

" گوڵاڵە سوورە لە کێو
میناش لە ناو دڵی مندا

ڕواوە "

خەیاڵەکانم ئەم ماوەیە شپرزەن لە شوێنێکەوە ئەچن بۆ شوێنێکی تر ،یانی ناتوانم بۆ ماوەیەک بیر لە شتێکی دیاری کراو بکەمەوە وا هەست ئەکەم کەس ناتوانێت دڵم بداتەوە، کەس ناتوانێت لە من بگات، ئاخر لە من وایە تەنها من ئەو هەستەم هەیە هەرگیز ناتوانم وا بیر بکەمەوە کەسێکی تری وەکوو من هەیە ، چوونکە ئەوەتا من وەخت و نا وەختم بۆ نیە هەمیشە لە شوێنێکەوە یان بە هۆی شتێکەوە مینا دێتەوە ناو خەیاڵەکانم، بە دەستی خۆم نیە ناتوانم خەیاڵەکانم بوەستێنم، کات وا تێ ئەپەڕێت و کاتی ئەوە هاتووە دووبارە مەڕەکان لە شوینی پشووی نیوەڕۆیان دەر بکەم و بیان بەمەوە بۆ لەوەڕ خواردن، کەلوپەلەکانی خۆمم کۆ کردەوەو بەستمەوە پشتم گۆچانەکەم گرتەوە بە دەستمەوەو کەوتمەوە شوێنی مەڕەکان، جارێک نا سەدجار بیرم لەوە ئەکردەوە چی ئەبوو یەکێک لەم مەڕانە قسەی بزانیبایە تا قسەکانی خۆمم بۆ بکردایە تا ئەوەندە قسەکانی ناو دڵم لەبەر خۆمەوە نەڵێمەوە.

هەرچۆنێک بوو ئەو ڕۆژە شوانیەم تێپەڕاندو وا خەریکە خۆر ڕوو لە ئاوا بوون ئەکات، هەروەکوو چۆن بەیانی خۆر بستێک لە کێوەکان بەرز بوو بوویەوە دڵم تەنگ بوو چوونکە لەو کاتەنەدا سەرێکم لە ماڵی مینا ئەدا، ئێستایش وا خۆر بستێک لە کێوەکان بەرزترە و ئاوا ئەبێت زیاتر دڵم تەنگ بووە، بەڕاستی بە ئەندازیەک دڵم تەنگ بوو نەم ئەتوانی ئەوە بە بیری خۆم بهێنمەوە کە ڕۆژێک وا خەریکە تێ ئەپەڕێت و مینام نەبینیووە، هەستێکی ناخۆشم هەبوو، وام هەست ئەکرد لە جێی دڵم هەموو بەردانەی ئەمڕۆ پێم لەسەر داناون لەسەر

بە قورسی دڵم ئەکرد لە ناو دڵما کۆبۆتەوە بەو ئەندازەیە هەستم بە قورسی دڵم ئەکرد لە ناو سنگمدا،جگەرەکەم خستەوە نێو پەنجەکانم و لە پێش مەڕەکانەوە بەرەو ئاوایی بوومەوە مەڕەکانیش خۆیان بە دوامدا ئەهاتن، بەڕاستی کەسێک کە قسەی لە دڵدایە ئەیەوێت بە کەسێکی بڵێت و لەو ڕۆژەدا فریا ناکەوێت قسەکان بکات، هیچ شتێک بە ئەندازەی ئاوابوونی خۆر غەمگین نیە، وا خەریکم لە لادێکە نزیک ئەبمەوە لە ڕاستیدا من ئەمڕۆ خۆ هەر لادێکەم جێنەهێشتبوو بە خەیاڵەکانم هەزار جار بە ناویدا هاتم و ڕۆیشتم هەزار جار چوومەوە کۆڵانەکەی ماڵی میناو هەر هەزار جارەکەیش مینا لە دەرەوە بوو، گەیشتمەوە ناو لادێکە و خۆر بە تەواوی ئاوا بوو، دەنگی بانگ بێژەکە هاتە گوێم و بانگی مەغریبی ئەدا، ئەوە هیچ پەیوەندی بە دینداری و بێ دینی منەوە نیە کە تەنانەت بیرم لەوەیش ئەکردەوە کە ئەم بانگی مەغریبە ئێستا مینایش گوێی لێیە یانی نزیکین لەیەکەوە، بەڕاستی خەیاڵەکانم ئەوەندە مێشکیان ماندوو کردبووم ئەوەندە دلیشم تەنگ بوو وام هەست ئەکرد کەسێک نا بەڵکوو بە چەند کەسێکەوە دەستیان خستوەتە ناو دڵمەوە ئەیگوشن هەر بۆیە کە گەشتمەوە ماڵەوە سڵاوم لە بیر چوو کە لە دایکمی بکەم، ئەوکاتە هەستم بە دایکم کرد کە ووتی

- کوڕم کوا سڵاوەکەت؟

- دایە گیان باشیت؟

- بەخێر بێیتەوە کوڕم برۆ دەست و قاچت بشۆو پشوو بدە

کۆڵەکەم لە پشت کردەوە وای چەندە ماندووم، هیچ جارێک بەو شێوەیە لە شوانیدا ماندوو نەبووم، ئەمجارە جیاواز بوو تەواوی

لادێکەمانم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو تەواوی ئەمڕۆ هەموو لادێکە و مینام لەگەڵ خۆم بردبوو ئیتر ڕێی تێدەچێت ئەوەندەیش ماندوو ببم، گۆرەوەیەکانم لە پێم لابرد و دەست دەموچاوێکم شت و دواتر قاچیشم کە ئاوە ساردەکە بەر قاچم کەوت، هەستم کرد کەمێک لە ماندوێتیم ئەرەوێتەوە دواتر چوومە ژوورەوە، خۆم نەگۆڕی بوو لەسەر پشت ڕاکشام تا کەمێک پشوو بدەم و چاوەڕی بم نانی ئێوارە ئامادە ببێت وەکوو هەموو ئەم چەند ڕۆژەی پێشوو دوای نانخواردن چوومەوە ژوورەکەی خۆم بەیانی ڕۆژی شەمەیەو وەکوو هەموو ڕۆژەکانی تر خۆم سەرقاڵ کرد بە کەمێک سەعی کردنەوە دواتر گوێ گرتن لە گۆرانی و خوێندنەوەی شیعر، من دووێ شەویش زۆر کەم خەوتووم و ئەمڕۆیش بێ ئەندازە ماندوو بووم ، پاکەت و چەرخەکەم هەڵگرت و چوومە سەربان، تا لە وێ جگەرەیەک بکێشم و دواتر بخەوم با هیچ نەبێت بەیانی ڕۆژ ببێتەوە و بتوانم مینا ببینم، لاشەم هەمووی کوترا بوو نەمتوانی زۆر بە دانیشتنەوە بوەستم و ڕاکشام، هێشتا کات زووە ڕەنگە کاتژمێر نزیکی دەی شەو بێت، جگەرەکەی دەستم بەرەو تەواو بوون ئەچوو دەنگی پێیەک زۆر بە ئەستەم هاتە گوێم، دەنگی پێی کەسێکە کە ئەیەوێت بە پەیژەکەدا سەر بکەوێت بۆ لای من، دووبارە ژنەکەی کاک غەریبە، ئەبێت ئەمشەویش چی لە من بوێت،ڕاستی بێتاقەت بووم بە هاتنی، چوونکە ئەگەر کەسێک لێرە بیبینێت من چی بکەم! لە لادێیشدا شتەکان زۆر ئاسان و زوو بڵاو ئەبنەوە هەمووی یەکتر ئەناسێت، ماندووم و هێشتا پر بە دڵی خۆیشم بیرم لە

کاک غەریب شتەکان لە من ژنەکەی هاتنەی ئەم مینا نەکردوەتەوە،
تێک ئەدات، هێشتا دوو مەتری مابوو بگاتە من ،
به هێواشی ووتی: به جگەره کەی دەستتدا زانیم لێرەیت

ـ خێر بوو ئەمشەویش هاتیتەوە ؟

ـ کە تۆم بینی وتم ماندووە با نەڕۆم بەڵام خۆمم پێ نەگیرا

ـ خۆ من وتبووم نێوان تۆو ئەو پیاوە لای کەس باس ناکەم

ـ هەردی من بۆ ئەوە نەهاتووم

ـ شتێکی گرنگ هەیە تۆ بەم شەوە بگەیەنێتە سەر ئەم بانە!، تۆ ناترسیت کەسێک بتبینێت؟ کەسێک بتبینیت چی ئەکەیت نازانیت دواتر چۆن بیرمان لی ئەکەنەوە،

ـ ئەزانم، هەموو شتێک ئەزانم،بەڵام گوێ بگرە من ئەمشەو ئیشم بە تۆیە

ـ چ ئیشێک ؟!

ـ تۆ جارێ ڕێگا بدە کەمێک دابنیشم و بێمەوە سەرخۆم قسەت بۆ ئەکەم ،

لە شەوەکەی پیشوو زیاتر لە نزیکمەوە دانیشتبوو، شەوان هەمیشە هەوایەکی کەمیش بێت هەیەتی، کە دانیشت هەستم کرد زۆر جیاوازە لە جاری پێشوو، چوونکە بۆنێکی خۆشی بەکار هێنابوو لەگەڵ بایەکەدا تێکەڵ ئەبوو، کەمێک زیاتر لێی ورد بوومەوە وام هەست ئەکرد کام جلەی لە هەموویان تەسک ترو ناسک ترە ئەوەی لەبەر کردووە، نەم ئەزانی بە چ مەبەستێک هاتووە بەڵام لە ناخەوە هەستم

به‌ ترسێک ئه‌کرد، تا ئیستا ترسی وام نه‌بووه‌، وتم: ئه‌بێت ئه‌وه‌ بزانیت منیش ماندووم، ڕه‌نگه‌ نه‌توانم زۆر بمینمه‌وه‌و خه‌وم لێ بکه‌وێت ، بۆیه‌ با زوو ده‌ست بکه‌ین به‌ قسه‌کانمان.

- هه‌ردی من ژیانم نیه‌ به‌ ده‌ست ئه‌و پیاوه‌وه‌، ڕۆژێک دێت خه‌م و خه‌فه‌ت له‌و ماڵه‌ چۆڵ و سارده‌دا ئه‌مکوژێت، خه‌مه‌کانی غه‌ریب که‌م نه‌بوون، ئه‌م ناپیاوه‌یشی هاتۆته‌ سه‌ر.

- بۆچی وا له‌ خۆتی ئاڵۆز ئه‌که‌یت بڵی من تۆم ناوێت و با کۆڵ بدات، له‌ خۆشه‌ویستیدا کوا زۆر لی کردن هه‌یه‌ ، من زۆر له‌ خۆشه‌ویستی شاره‌زا نیم به‌ڵام وا هه‌ست ئه‌که‌م به‌ دڵ کردنی یه‌کتر له‌سه‌روی هه‌موو شتێکه‌وه‌یه‌

- هه‌ردی گیان ئه‌و له‌م شتانه‌ تێناگات، ناتوانم زیاتر بۆت ڕوون بکه‌مه‌وه‌ چوونکه‌ تا ڕاده‌یه‌ک شه‌رمت لێ ئه‌که‌م

- نا ئه‌وه‌ی که‌ شه‌رم ئه‌کات منم، حه‌ز ئه‌که‌م ڕوونتر قسه‌ بکه‌یت تا وه‌کوو ئه‌وه‌ی ئه‌ته‌وێت وا تێبگه‌م لێت. که‌ من ئه‌و قسه‌یه‌م کرد هه‌ستم کرد که‌مێک زیاتر توانی به‌سه‌ر شه‌رم کردنیدا زاڵ ببێت و قسه‌ بکات،

پورزاکه‌ی کاک غه‌ریب ناوی جوامێره‌، پیاوێکی باش نیه‌.

- باشه‌ هه‌ردی من قسه‌ت بۆ ئه‌که‌م دڵنیام له‌ نیوان خۆماندا ده‌ر ناچێت، هه‌مووی ساڵێک نابێت، ئه‌و ڕۆژه‌ی غه‌ریب چووه‌وه‌ بۆ دوامه‌که‌ی شه‌وه‌که‌ی هه‌ر دوای نان خواردنی ئێواره‌ جوامێر هات بۆ ماڵمان، له‌ ده‌رگاکه‌ وه‌ستام و فه‌رمووم لێ نه‌کرد، پێم ووت که‌

Scanned by CamScanner

غەریب لە ماڵ نیەو ئەمڕۆ چووەتەوە بۆ دەوام، وتی ئەزانم کە لێرە نیە بەڵام ئێوارە نانم نەخواردوەو لەگەڵ نەسرینی ژنم بووە بە شەڕمان و زۆر بێتاقەتم، ئەگەر تۆ بتەوێت هاتووم لێرە کەمێک نان بخۆم و قسە بکەین، بەڵکوو هیچ نەبێت کەمێک لە بێتاقەتی و دڵتەنگیەکانم بڕەوێتەوە، زۆر خۆی بێتاقەت و دڵتەنگ پیشان ئەدا بە ئەندازەیەک کە بەزەییم پیایدا ئەهاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر دوو دڵ بووم لە کردنە ژوورەوەی ئاخر چ ژنێک پیاوێک ئەکاتە ژوورەوە ؟با پیاوێکی باشیش بێت خۆ خەڵک وا ناڵیت، هەموان بەو شێوە لێت تێ ئەگەن کە ئەیانەوێت، هەزارو یەک قسەت بۆ دروست ئەکەن بە شێوەیەکیش باست ئەکەن ئەگەر ئاگادار نەبیت لەگەڵ تۆیانە ئەو کەسایەتیە ناناسیتەوە کە بۆت دروست ئەکەن، دڵم زۆر خێرا لێی ئەدا ئەکرێت بیکەمە ژوورەوە یان نا، وەکوو ئەوەی تێبگات من بیر لە چی ئەکەمەوە وتی: مەترسە کاتێک هاتمە ناو حەوشەکەوە کەس لە دەرەوە نەبوو بێخەمبە کەسێک منی نەبینیووە، وا هەست ئەکەم ئەو رۆژە ئەوەندە ترسا بووم و شڵەژا بووم ئاگام لەخۆم نەبوو کە چۆن بوو ڕێگام دا هاتە ژوورەوە، ووتم ئێمە نانمان خواردووە شتێکی وا ئامادە نیە کە بۆت تێبکەم، ئەگەر بۆت ئەخورێت هێلکەو ڕۆنیکت بۆ ئەکەم،نان و چایەکم بۆ ئامادە کرد و خواردی لە من وابوو ئیتر ئەڕوات بەڵام وا نەبوو، چووە دەرەوە دەستی شت و گەرایەوە ژوورەوە، بە بیانوی سەیرکردنی مناڵەکەم ئەوەندە لە نزیکمەوە دانیشت تەریق ئەبوومەوە کەمێک چوومە ئەولاتر،ترسام زۆریش ترسام بەڵام هێشتا بە تەواوی لە مەبەستی تێنەگەیشتبووم، سەیری مناڵەکەمی ئەکردوو

Scanned by CamScanner

دەستی ئەهێنا بە ڕومەتیدا و ماچی ئەکرد یاری بۆ ئەکرد، کچەکەیشم لێی ناترسێت و بە دەمیەوە پێ ئەکەنی، کە سەیری منالەکەمی ئەکرد ووتی " وەرە لە نزیکەوە سەیری بکە ئەوەت زانیوە زۆر شتی لە تۆ ئەچێت" منیش وتم" نا بەو شێوەیەیش نیە، کچەکەم لە من جوانترە". هەر سەیری منالەکەی ئەکردوو مەچەکی دەستی گرتم و ڕایکیشام بەرەو منالەکە وتی دە وەرە نزیکەوە سەیری قژە لولەکەی بکە، یان چاوە ڕەشەکانی ، بچووکی دەمیشی ، بروا بکە زۆر لە تۆ ئەچێت. کە دەستی بە دەستمەوە بوو توونند گوشی، ئەوەندە ترسام نەم ئەزانی چی وەلام بدەمەوە،هەموو گیانم ئەلەرزی، دەستم کێشا دواوە ویستم دەستم لەو دەستیدا دەر بکەم بەلام نەمتوانی، زۆر توند دەستی گرتبووم، تێکەڵ بوونی من و جوامێر لەو شەوەوە دەستی پێکرد، با لەتۆی نەشارمەوە ئەو دەموو چاوەی ئەو هەڵسوکەتەی یان ئەو نەرم و نیانیەی ئەو شەوە پیشانی منی دا زۆر رایکێشام بەرەو خۆی، زۆر شیرین و نەرم قسەی بۆ ئەکردم، هەندێک قسەی ئەکرد کە من ئەوە چەنێکە ژنی غەریبم شتی وام لەو نەبیستووە، نازانم چۆن پیت بڵیم، مەستی کردبووم، ئاگام لەخۆم نەبوو کە چی ئەکەم و چی ناکەم ، تا وای لێهات خۆم لە باوەشیدا بینیەوە، لە باوەشیدا هەستم بە ئارامیەکی زۆر ئەکرد، ئاخر هەردی لێم مەگرە، من تامەزرۆی مشتێک خۆشەویستیم ، تینووی هەندێک وشەم کە تا ئێستا لە غەریبم نەبیستووە، ئەو شەوە حەزم ئەکرد بمینێتەوە لەسەر سنگی بخەوم و ڕۆژ بکەمەوە بەلام ووتی ناکرێت بمێنمەوە بە ڕۆژ ناتوانم لێرە بچمە دەرەوە بۆیە ڕۆشتەوە، هەر ئەوەندەی کە ئەو ڕۆیشتەوە

خەیاڵێکی قورس منی داگرت، بیرم لەوە ئەکردەوە کە من خەریکم خیانەت لە غەریب ئەکەم، خەمێکی قورس سەر دڵمی ئەگرت، ڕقم لە خۆم ئەبووەوە، خۆمم بە ئەندازیەک لەبەرچاو ناشرین ئەبوو ئەگەر لەبەر ئاوێنە خۆم ببینیبایە ڕەنگە تفم بکردبایەتە روخساری خۆم، بەڵام دواتر کە کچەکەمم بینی خەوتبوو ، لە ڕوومەتەکانی وورد بوومەوە، هەستم ئەکرد شوێن پەنجەکانی جوامێری لەسەر بەجێماوە، بیرم لەوە ئەکردەوە کە من تەمەنێکە بە دڵی خۆم نەژیاوم، بیرم لەوە ئەکردەوە غەریب بێ لە خەم و خەفەت شتێکی تری بە من نەداوە بە مافی خۆمم ئەزانی کە ئەمشەو بە دڵی خۆمم کردووە.

قسەکانی لێرەدا وەستاندو داوای لێ کردم جگەرەیەکی بۆ دابگرسێنم منیش جگەرەیەکم بۆ ئەوو بۆ خۆیشم داگرساندوو ووتم :لە ژیانمدا قسەکانی دڵی خۆمم بۆ کەس باس نەکردووەو کەسیش قسەی دڵی خۆی بۆ باس نەکردووم، بمبوورە ئەگەر نەتوانم بە پێی پیویست لێت تێبگەم، بەڵام ئەوەیش بزانە من باوەڕم وایە عەشق شتێک نیە مرۆڤ بەرەو ڕووی بڕوات و هەنگاوی بۆ بنێت، شتێکە خۆی دێت، ڕێگات پێ ئەگرێت،باوەڕیشم وایە هەموو کەسێک پیویستی بەوە هەیە کەسێکی هەبێت دەست بخاتە ناو دڵیەوە، کەسێکی هەبێت قسەکانی ناو دڵت دەربهێنێت،بمبوورە ئەمە ئەڵیم بەڵام من تۆ بەهەڵە نازانم، خیانەت وشەیەکە کەسە داگیرکەرەکان دروستیان کردووە، ئەو کەسانە دروستیان کردووە کە دڵت ڕاناگرن و لەگەڵ ئەوەیشدا ئەیانەوێت تەواوی دڵیشت هی ئەوان بێت، خیانەت وشەیەکە هەندێک کەس بەکاری ئەهێنن تا بتبەستنەوە. تۆ خیانەتت نەکردووە جارێکی

تر ئەو وشەیە بەکار مەهێنە لەلای مندا. ووتی بۆستە هەردی گیان باتەواوی بکەم و باشتر لێم تێبگەیت، جوامێر هەر ئەو شەوە پاڵەوان بوو، هەر ئەو شەوە مەلەوانێک بوو حەزی ئەکرد لە ناو دڵ و خەمەکانی مندا بخنکێت،تەنها ئەو شەوە لەبری کۆشی قسە ئەکەوتە ناو دڵیەوە، بە کورتی تەنها ئەو شەوە بەڕاستی پیاو بوو. تۆ نازانی دوای ئەو شەوە چەند جارێکی تر هاتەوە بێ ئەوەی قسەیەکم لەگەڵ بکات بێ ئەوەی بهێڵێت سەر بنێم بە سنگیەوە و هەست بکەم پیاوێکم خۆش ئەوێت، هەست بکەم هۆگری پیاوێک بووم کە هەمیشە شیرین قسە ئەکات، نا هەردی گیان ئەو پیاوە حەز ئەیهێنا بۆ ماڵەکەم و حەزەکەی تەواو ئەبوو بە ڕێگای خۆیدا ئەگەڕایەوە،لە قسەکانم زوو بێزار ئەبوو،لە ڕاستیدا هەندێک جاریش تەنانەت گوێی نە ئەگرت بۆ قسەکانم، کارێکی کرد رقم لە خۆم ئەویش ئەبێتەوە تا وای لێهات ڕۆژێکیان ووتی ئەمشەو دێم دەرگای حەوشەکە دامەخە ،منیش ووتم نا بێتاقەتم ئەمشەو مەیە، تووڕە بوو هاواری کرد "بۆ مەگەر بە دەستی تۆیە کەی بێم و کەی نەیەم" هەردی ئیستا زۆر بێزارم لێی نامەوێت ، ئەو پیاوێکی دڕندەیە دڵ و دەروون و جەستەیشم ئازار ئەدات، خۆمم لا بچووک بووەتەوە لە جاران زیاتر خەمم هەیە. دووبارە گریا نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات.

بیرم ئەکردەوە ئەم ژنەی کاک غەریب لە من زیاتر و خەم و ئازاری هەیە، دڵی دوو کەس رازی ئەکات کە هیچ کامیانی خۆش ناوێت، لە ڕاستیدا ژن دروستکراوێکی تەواو جیاوازە هەندێک جار وای پێخۆشە لەگەڵی بچیتە دەرەوە بچیتە قەرەبالغی و دەستی بگریت

لەگەڵی پیاسە بکەیت و بێت و بڕۆیت، هەندێک جاریش وای پێخۆشە لـە قـەرەباڵغی رزگـاری بکـەیت و بیبەیتـەوە بـۆ ماڵـەوەو بەیەکـەوە چایـەک بخۆنـەوە، هەنـدێک جـار وای پێخۆشـە دابنیشـیت چەنـد کاتژمێرێک تەنها گوێی بۆ بگریت و ئەویش قسەت بۆ بکات، باسی بووکەکانی مناڵیت بۆ بکـات ، ئەو بووکانەی کە خۆی عـەزی بۆ ئەدوورین و لەبەری ئـەکردن ، هەندێک جاریش بووکـەکانی ئـەدا بە شـوو، یـان خـواردنی بـۆ چەنـدین بـووکی تـر دروسـت کـردووە، یـان هەنـدێکجار پێی خۆشـە باسـی هـەرزەکاری خۆی بکـات، باسی ئەو کوڕانە بکـات کـە رێگایان پێ گرتووەو ئـەم ڕازی نەبووە،باسی ئەوە بکات چەند کەسی تر هاتوونەتە داوایی و ئـەم شـووی پـی نـەکردوون، یان پێی خۆشە باسی ئـەوە بکـات مـاڵی کـام لـە خزمـەکانی بۆ ئـەم باشـن و کامیـان بـۆ ئـەم خـراپن، ژنـەکان بیانـەوێت قسـە بکـەن هـەر بابەتێک ئەدۆزنەوە قسەی لەسەر بکەن،بەو مەرجەی پیاوێک هەبێت کە گوێگرێکی باش بێت، هەندێکجاریش پێی خۆشە سـەر بنێت بە سنگتەوە بێـدەنگ بێـت، تـۆیش تـا چـاوی ئەچێتـە خـەو قسـەی بـۆ بکـەیت، ژنـەکان دروسـتکراوێکی جیـاوازن بەڕاسـتی،ژنەکەی کـاک غـەریب هێشـتا ئـەگری و منـیش زۆر دڵـم بـۆ حـاڵی ئەسـووتا، ووتـم: ئەوەندە خۆت دڵتەنگ مەکە لە کۆتاییدا شتەکان باش ئەبن ، مەرج نیە ئێستا بە دڵی ئێمە ناچنە پێشەوە.

- هەردی من پێویستم بە هاوکاری تۆ هەیە تا رزگارم بێت لەو نا پیاوە

- هەرشتێک بە من بکرێت ئەیکەم ، من ئەتوانم چی بکەم ؟!

Scanned by CamScanner

ـ هەردی ئەوە دوو شەوە قسەت لەگەڵ ئەکەم کوڕێکی باشیت، بۆیە داوای یارمەتیت لێ ئەکەم

ـ پێویست بەم پێشەکیە ناکات وەکوو ووتم ئەوەی بە من بکرێت ئەیکەم

دواتر کەمێک هاتە پێشەوە ،دەنگی بە ئەندازەیەک نزم کردەوە هەستم ئەکرد لەوە نزم تربێت نەک تێناگەم، تەنانەت گوێم لە دەنگیشی نابێت، بە ترسێکی زۆرەوە ووتی: ئەمەوێت بۆ سبەی شەو جوامێر بانگ بکەم و کاتێک شەو هات بۆ ئەوێ تۆ چاودێری بکە گەیشتە نزیک ماڵی ئێمە لە دواوە بە بەردێک یان بە دارێک پیایدا بکێشە و بیترسێنە بەو شیوەیە ناوێرێت بە شەو بێتەوە ئەو ناوە ، چوونکە وا تێ ئەگات کە کەسێک بەم هاتنانەی ئەو ئەزانێت و لە کۆڵی من ئەبێتەوە باشە هەردی؟ ئەوەم بۆ ئەکەیت؟

کە ئەو داوایەی لە من کرد لە ناوخەیاڵەکانم هاتمە دەرەوەو ئەگەر شەو نەبوایە بە ئاشکرا پێمەوە دەر ئەکەوت کە چەندە ڕەنگم گۆڕا، ووتم : دادە ڕووناک تۆ چۆن داوایەکی وا لە من ئەکەیت من تەنانەت وەکوو منداڵەکانی تری هاوڕێم گەورە نەوبووم ، لە منداڵیشدا دەستم تێی نەچووە ڕاوە چۆلەکە بکەم، تۆ کەسێکی هەڵەت هەڵبژاردووە مـن ناتوانم ئازار بە کەس بگەیەنم، ڕاستە جوامێر بە پیاوێکی خراپ ئەبینم، ئەوەندەی کە ئەمشەویش بۆت باس کردووم زیاتر تێگەیشتووم لە خراپیەکانی ، بەڵام بە هەموو ئەو خراپیانەوە کە هەیەتی لەوە زیاتریشی هەبێت من دەستم تێی ناچێت ئازاری پێ

بگەیەنم،من کەسێکی بێ هەڵوێست نیم بەڵام بمبوورە ناتوانم ئەو کارە بکەم

- بۆ ناتوانی هەردی، من هەموو ڕۆژێک بە دەستی ئەوەوە ئەمرم و زیندوو ئەبمەوە، باوەڕ ئەکەیت هەندێک جار بیرم لە خۆ کوشتن کردوەتەوە !

- من باوەڕ ئەکەم پێت بەڵام ئەوەی تۆ داوای ئەکەیت کارێکی ئاسان نیە، ڕەنگە زۆر کەس بتوانن بیکەن، لەلایان کارێکی زۆر سادەو ئاسان بیت بەڵام من بە دەستی خۆم نیە ناتوانم بمبوورە

- بۆچی وا تێ ئەگەیت! من داوام نەکردووە بیکوژیت، تەنها ترساندێکەو هیچی تر

- نازانم بڵێم چی، لێم گەڕێ با بیری لێ بکەمەوە

قسە کردنمان تەواو بوو، ویستی زیاتر بمێنێتەوە بەڵام کە تێگەیشت بە کردنەوەی ئەو بابەتی ترساندنە من زۆر حاڵم باش نیە، یان وەکوو پێشوو گوێم بۆ نەگرتووە، هەستایەوەو ڕۆیشت، چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و گەڕایەوە، من هەر دانیشتبووم، نووشتایەوە بە سەرمدا و دەستی خستە سەرشانم، ئەوەندە لە من نزیک بوویەوە هەستم ئەکرد قژی بەر شان و سەرم ئەکەوێت، بۆنی عەترێکی خۆشی لێ ئەهات،

- هەردی من تەنها تۆ شک ئەبەم، دڵنیام ئەو کارەم بۆ ئەکەیت

- ڕەنگە بیکەم، بەڵام جارێ دڵنیا نیم

توند هەردوو شانی گوشیم و زیاتر سەری هێنایە خوارەوە، بە ئەندازەیەک هینایە خوارەوە هەستم ئەکرد نێو چاوانی وەختە بنوسێت بە نێو چاوانی منەوە، ڕاستە شەو بوو من هیچم نە ئەبینی بە ڕوونی، بەڵام دڵنیا بووم کە ئەو لە چاوی من ئەڕوانێت، وەکوو ئەوەی پێم پیشان بدات و پێم بڵێت زیاتر بە غیرەت ببە، دەستیشی بە نەرمی ئەهێنا بە شانمدا وەکوو ئەوەی پێم بڵێ ، هەردی هەست بە مێینەییم بکە، پێم بڵێت من بەم ناسکی و ژنێتیمەوە چەندە ئازار ئەدرێم، پێم بڵێت من دڵێکم هەیە پڕە لە سۆز و خۆشەویستی ، بۆ ئەبێت دڵێکی ئاوا هێندە ئازار بدرێت.بۆ ناتوانم بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت بە دڵی خۆم بکەم، بۆچی پیاوەکان هەمیشە دەمێکی سارد و باوەشێکی گەرمیان هەیە، بۆ باوەشی هیچ پیاوێک بۆ ئەوە دروست نەکراوە پشووی تێدا بدەم،کە بیرم لەوە ئەکردەوە ئەوەی بە شانەکانمەوەیە دەستەکانی ژنێکە کە عاشقە ، کە پڕە لە ژنێتی ، خەیاڵەکانم چوونەوە ئاسمان و وام هەست ئەکرد خەیاڵەکانم پارچە پارچە بوون و بە ئاسماندا پەرشوو بڵاو بوونەتەوە ، هەر پارچەیەکیان لە گەڵ ئەستێرەیەک دەستی گرتووەو سەما ئەکات.

- هەردی ئەوە لەکوێیت ؟! خەیاڵ تۆی بۆ کوێ بردووە؟

- من ئەمەوێت یارمەتیت بدەم ، ئەمەوێت ئەو کارەیشت بۆ بکەم

- من ئەمزانی کە تۆ ئەوە ئەکەیت هەر دوێنێ شەو کە لەگەڵت قسەم کرد زانیم

- باشە دەی با ئاسوودەیی بڕۆ، وەکوو وتم ئەو کارەت بۆ ئەکەم

دەستی که لەسەر شانەکانم بوو بە شێوەیەک هەردوو دەستی بەرز کردەوە کە لە ڕوومەتەکانم بخشێت، دواتر ماچێکی سەریشی کردم، نازانم چۆن هەستی پێ نەکرد هەموو گیانم ئەلەرزی، ئەوەندە بە میهرەبانی ماچی کردم وام هەست ئەکرد ماچی دایکێکە بۆ کوڕەکەی، ئەوەندەیش بە هەستەوە دەستی بەر ڕومەتم کەوتوو ماچی کردم وام هەست ئەکرد چەند ساتێکی تر بەردەوام بێت لە ناو ژنێتی ئەم ژنەدا ئەتوێمەوە، پشتی تێکردم و بە نابەدڵیەکەوە ڕۆیشت چوونکە وای هەست ئەکرد کە بێزاری کردووم ، لە ڕاستیدا بێزار کەر نەبوو ، بەڵام مانەوە ئاسان نیە لەگەڵ ژنیکی خاوەن ئەو هەموو هەستە بتەوێت یان نەتەوێت زیاتر بمێنیتەوە شوێنی زیاتر لە ناو دڵتدا داگیر ئەکات، هەندێک لە ژنەکان لە عشقدا ئەوەندە ئازار دراون ئەوەندە دڵیان شکاوە دڵت نایەت عاشقیان بیت،هەست ئەکەیت گەورەترین سزایە بۆ ئەوان کە عاشقیان بیت،ژنێکی دڵشکاو پێویستی بە پیاوێک نیە عاشقی بێت، پێویستی بە پیاوێکە پیاوانە هاوڕێی بێت،ژنەکەی کاک غەریبیش بە هەمان شیوە بوو ئەوەندە بە زەییم پێیدا ئەهاتەوە ئەگەر بیشمویستایە نەم ئەتوانی خۆشم بوێت،نەم ئەتوانی عاشقی ببم، دووبارە ڕۆیشت و منیش بە تەنها مامەوە، دووبارە خەیاڵەکانم بە دوو بە شەوە، بەشێکیان ئەی ووت بۆ هێشتت بڕوات با لێرە بوایە، ئەویتریش پێمی ئەوت لێ گەڕێ مانەوەی زیاتر باش نیە زیاتر داگیرت ئەکات، بە هەرحاڵ بۆ ڕۆشتنەکەی کەمێک دڵگران بووم و بیرم کەوتەوە کە چ بەڵینێکم پێداوە بۆی بکەم، ژنێک داوام لێ ئەکات پیاوێک ئازار بدەم ئەمە ڕاستە ؟! ئازاردان لەکوێی میهرەبانی

و سۆزی ژندا جێی ئەبێتەوە؟!، بێ لە ژنەکەی کاک غەریب ژنی تر لە ئازاردانی پیاوێک بکاتەوە؟! من ناتوانم لەم هاوکێشەوە هەیە بیر بکەم، مرۆڤ ناتوانێت لەو شتانە بگات کە خۆی پرسیارانە سەر دەر بکەم، هەمیشە وەڵامی دروست وەرناگرێت، بۆ نموونە من لە خۆی ئەپرسێت، هەمیشە وەڵامی دروست وەرناگرێت، بۆ نموونە من ئێستا لە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی ژنەکەی کاک غەریبدام، لە ژێر کاریگەری خەم و ئازارەکانیدام بۆیە، ئەو مافە ئەدەم پێی کە ئازاردانی پیاوێک ڕەوایە، بەڵام ڕەنگە لەکاتێکی ئاساییدا تەواو پێچەوانە ببمەوە، هەمیشە ئەو دۆخەی کە ئێمەی تێدایە بێ ئەندازە کاریگەری هەیە لەسەر بڕیارەکانمان.

من وەڵامی ئەو پرسیارانە نازانم ، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت من زۆر بە کەمی یان ئەتوانم بڵێم تێکەڵیم لەگەڵ ژنەکان نیە ، لەبەر ئەوە نا بڵێم کارێکی باش نیە یان بلیم نامەوێت، نەخێر من بی ئەندازە شەرم ئەکەم و ئەو کاتانەی کە کاتێکم هەبێت نەزانم چیبکەم ، خۆ کتێبێک شیعرێک هەر هەیە بیخوێنمەوە،بۆ چەند ساتێک ئەمویست پەشیمان ببمەوە لەو بەڵینەی کە داومەو ئەموت لە توانای مندا نیە ئازاردانی کەسێک، دواتر کە بیرم لە پێکەنین و دلخۆشیەکانی ژنەکەی کاک غەریب ئەکردەوە کە ئەوکاتەی وتم بۆت ئەکەم ، زەردەخەنەیەک و پیکەنینێک کەوتە سەرلێوی، زیاتر سوور ئەبووم لەسەر بەڵێنەکەم، من باوەڕ ناکەم هەبێت تۆیش بیری لێ بکەرەوە من شتێک ناتوانم بدۆزمەوە هێندەی ئەوە چیژ بەخش بیت، کەسێک بەهۆی تۆوە پێ بکەنێت، ئاسوودە بێت،بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە ژنێک بێت، بە تایبەت ئەگەر بتەوێت کارێک بکەیت ژنێک پێ

بکەنێت، ناکرێت بڵێم پێکەنینی ژن فریو دەرە، نا ئەوە ڕاست نیە، چوونکە لە پێکەنینی ژندا جوانیەک هەیە کە وا هەست ئەکەیت لەگەڵ سروشت تێکەڵ ئەبیت، کە پێ ئەکەنن هەست ئەکەیت هەر بە تەنها خۆیان نا بەڵکوو حاڵی هەموو شتێکی دەورو بەریان باشە،ئەگەر ژنیک بینی پێئەکەنێت ئەو هەلە لەدەست مەدە زۆر جوان لێی وورد ببەرەوە، بە ئاشکرا ئەتوانی لەسەر ڕوخساری هەموو جوانی سروشت ببینیت. بەڵام ژنەکەی کاک غەریب داوام لێ ئەکات پیاوێک ئازار بدەم، یانی ژنێک ئەو داوایەم لێ ئەکات، ئەگەر ئەو کارەی بۆ نەکەم وەکوو خۆی ئەڵێت" دەستم تێی ئەچێت خۆم بکوژم" من ئەوکارەی بۆ ئەکەم، ئەم بابەتە چەندە مێشکی سەرقاڵ کردووم بە خۆیەوە، ئەوەندە کاتی بۆ نەهێشتوومەتەوە کە بیر لە مینا بکەمەوە، کە بیر لەوە بکەمەوە من تا ئێستایش قسەکانم بۆ مینا نەکردووە، ئەگەر مینا بزانێت من هاوکاری پووری ئەو ئەو ئەکەم بەوە دڵخۆش ئەبێت، لە ڕاستیدا نازانم، مرۆڤ ئەگەر شتێک بزانێت و لە شتێک دڵنیا بێت هەرگیز پرسیار لەخۆی ناکات، هەرکاتێکیش پرسیاریشی لەخۆی کرد بە دڵنیایەوە وەڵامێکی راست و دروستی دەست ناکەوێت، بۆیە هەمیشە پرسیارکردن لە خودی خۆت تەنها ئازارت بۆ ئەهێنێت، ئەمشەویش شەوێکی تاریکەو مانگ کەمێک درەنگتر دەر ئەکەوێت، کەمێک لە ڕوناکیەکەی لە پشت شاخەکەوە دەرکەوتووە، کەمێک بیرم لە بێدەنگی شەو کردەوە، هەستامەوە لە ئاواییم ڕوانی بە تاریکی زۆرێک لە پەنجەرەکان و کەمی روناکی هەندێک لە پەنجەراکان دیار بوو کە هەموویان لە خەوێکی قوڵدان، ئەگەر هەموان خەوتبن و

تۆیش لە بێدەنگی شەو دا دانیشتبیت، هیچ شتێک نیە هێندەی دیمەنی شەو غەمگین بێت، یانی ئەگەر بە دڵێکی تەنگەوە دابنیشت و لە ئەستێرە بڕوانیت هەست ئەکەیت لەبری ئەوەی سەما بکەن، ئەوانیش ئەڵیی کۆمەڵە کەسێکی عاجزن و لە پرسەیەکدا دانیشتوون، وە تاریکی و ڕەشی شەویش زیاتر ئەو هەستەت زیاتر تێدا تۆخ ئەکاتەوە، شەوەکان هەمیشە لەیەک ناچن، هەمیشە تاریک نین، هەمیشە بێدەنگ نین، بەڵام شەو بۆ کەسێک کە بیەوێت بیر لە یەکێکی تر بکاتەوە شتێکی ترە یان بۆ کەسێک کە خەمێکی قوڵی هەبێت شتێکی ترە، من ئەمشەو بێ ئەوەی بە خۆم بزانم ماندووم زۆریش ماندووم، ئەبێت بخەوم بە درێژایی ئەمرۆ من پشووم نەداوە، ئاوا بڕوات نەخۆش ئەکەوم، هەندێک جار ماندوێتی لاشە هەدیەیەکە لەلای خوداوە دیت، وات لێ ئەکات ئارەزوی خەو بکەیت، ماندوو بووم و راکشام.

من چەندە گەرمامە لە تاو ئارەق کردنەوەو گەرمادا بەخەبەر هاتم، بەتانیەکەم بە خۆمەوە لابرد سەیر ئەکەم خۆر زۆر بەرز بووەتەوە، یانی ڕۆژ بووەتەوە، یەکێک لە ناخۆشیەکانی ئەوەی کە لەسەربان بخەویت ناتوانیت درەنگ هەستیت لەخەو چوونکە گەرمی تینی خۆر خەبەرت ئەکاتەوە، رەنگە دایکم و ئەوانیش بەوەیان زانیبێت کە من ماندووم وا خەبەریان نەکردوومەتەوە، پێش ئەوەی هەستمەوە لە ناو جیگاکەم دوو شتم هاتەوە بە خەیاڵدا یەکێکین ئەوە بوو نەهێڵم کات تێپەڕیت و بچم مینا ببینم با ڕۆژەکەم بە بینینی ئەو دەست پێ بکات و دووەم شت کە هاتەوە خەیاڵم ئەوە بوو کە ئەمشەو ژنەکەی کاک غەریب

هاتبووه سەر ئەم بانەو داوای کارێکی ئیجگار قورسی لێ کردم، کە ئەمەم بیر کەوتەوە هەستێکی ناخۆش دایگرتم کەمێک بێتاقەتی کردم، بەڵام زوو هەستامەوەو چوومە خوارەوە دەست و دەم و چاوم شت و بینیم هەموویان نانیان خواردبوو هەرکەسەو چوو بوو بەلای کاری خۆیەوە دایکم نەبێت لە تەنیشت سەماوەرەکە راکشابوو،

ـ بەیانیت باش شەونم خان

ـ بەیانیت باش کوڕم، تێر خەو بوویت ؟

ـ بەڵێ زۆریش، چایەکی جوانمان بۆ تێبکە

چایەکم خواردوو دواتر یەک دوو پاروو نانم خوارد بە ماستەوە و هەستامەوە، ئەمڕۆ شەمەیەو دوای نیوەڕۆ دەوامم هەیە، یەکێک لە هەرە بەختە باشەکانی منیش ئەوە بوو میناش دەوامەکەی بە هەمان شیوەی من بوو، ئیستا راهاتووم گرنگی بە خۆم بدەم و جلو بەرگم رێک و پێک بکەم و ئینجا بڕۆم بۆ نزیکی ماڵی مینا، بەڵام تا ئیستایش من ئەوەندە تاقەتم نیە ووردەکاری بکەم لە شێوازی قژ و جل و بەرگدا هەر ئەوەندەی شپرزە نەبم بەسە،کە بەرێگادا بەرەو ماڵی مینا ئەڕۆیشتم و بیرم لەوە ئەکردەوە کە مینا ئەبینم هەستێکی ئەوەندە خۆش دای ئەگرتم وام هەست ئەکرد ئەگەر کەسێک بە تەنیشتمدا تێبپەڕیت، بە ئاشکرا ئەو خۆشیە بە روخسارمەوە ئەبینیت، بەڵام کات درەنگەو دڵنیام ئێستا مینا لە گەسک دانی بەیانیانی حەوشەکەیان بۆتەوە، ماڵی مینام لێ دەرکەوت، هەست ئەکەم بە بینی ماڵەکەیشیان ئاسودەییەک دڵ و دەرونم دا ئەپۆشێت، هەندێکجار وام هەست ئەکرد لەو کاتەوەی مینا ئەناسم و لێی ورد ئەبمەوە

Scanned by CamScanner

گەمژەیەکم لێ دەرچووە، ئاخر من تا ئێستا لە کەسم نەبیستبوو کەسێک ماڵی کەسێکی تری خۆش بوویێت، من ماڵەکەیشیانم خۆش نەویست ، وەکوو شێتێک لەبەر خۆمەوە قسەم ئەکردوو هەنگاوم ئەنا ، نەتوانم بڵێم قسەکانم زیاتر لە دۆعا کردنەوە نزیک بوون ، وەکوو ئەوەی چەند جارێک لەبەر خۆمەوە بڵێم " خوا بکات مینا لە دەرەوە بێت و ببینم" ئەوە دادپەروەری نیە ئەمرۆیش نەیبینم من دوێنێش نەمبینیووە،نزیک بوومەوە لە ماڵی مینا و مینا دیار بوو لە حەوشەکەیە بەڵام جارێ نەگەیشتوومەتە تەنیشتی ماڵیان تا باشتر ڕوخساری ببینم ، وەکوو ئەوەی بڵێیت خودا نزاکانمی وەرگرتبێت، دەنگێکی بیزار کەرو بەرز بەرگوێم کەوت هاواری ئەکرد " هەردی گیان پێشی پێ بگرە ، پێشی پی بگرە با نەڕوات" ژنەکەی کاک شەریف بوو، شوێنی گوێرەکەیەکی بچووک کەوتبوو کە لە گەوڕەکە هەڵهاتبوو، ئەم نەفرەتیە لە کوێوە پەیدا بوو، من ئەوەندەیش بەختێکی باشم نیە، ناچار بووم چووم بە دەم هاوەرەکەیەوە تا گوێرەکەکەمان گێرایەوە شوێنی خۆی نزیکی نیوە کاتژمێریکی پێچوو، گەڕامەوەو بە تەنیشتی ماڵی مینادا تێپەریم و نەمبینی ڕۆیشتبووە ژوورەوە، چەندە بێزار بووم، ڕێک ئەڵێی من ئەوە دروست بووم کە شتەکان بە دڵی من نەبن ، وا هەست ناکەم هیچ بەختێکی باشم هەبێت، هیچ شتێک هێندەی ئەوە خەمهێنەر نیە کە هەر لە سەرەتای ڕۆژەوە دڵتەنگیەک ببێتە میوانت، ئیتر چۆن ئەتوانی ئەو ڕۆژە باش بیت، گەیشتمە دووکانەکەو پاکەتێکم بۆ خۆم کڕی و جگەرەیەکم داگرساند و کەمێک پشووم دا، بەڵام هێشتا هیوایەک

ماوە کە لەم سەرەوە رۆشتمەوە مینا ببینم، جگەرەکەی دەستم مابووی تەواو ببێت بەڵام هەر خستمە ژێر پێمەوە و کوژاندمەوە، لەو سەرەوە چەندە نزام کردبێت ئەمجارە دوو هێندە کە مینا ببینم و هیچ نەبێت کەمێک لە دڵتەنگیەکانم برەوێتەوە، خۆ ئەوە مینایە! ، لەچکی بەسەرەوە نیە قاچی تا ئەژنۆی هەڵکردووە حەوشەکەیان ئەشوات، من ئەوە یەکەم جارمە مینا ببینم بەبێ لەچک، قاچەکانی تا ڕادەیەک باریک و لاوازن، قژیشی ئەم بەیانیە شانەی بەر نەکەوتووەو دای نەهێناوە، بە ئاسانی نەمتوانی باوەڕ بکەم بە چاوەکانی خۆم، کەمێک لە قاچی وورد بوومەوە، هیچ هەستێکی جیاوازی پێ نەدام، هیچ ئارەزوویەکم نەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستی لێ بدەم ، ئەوەم زۆر بەلاوە سەیر بوو، بەڵام ئەوە ڕاستیە کەسێک زۆر لە خەیاڵەکانتدا بیری بکەیت، یان بە بینینەکانی لیدانی دڵت زیاد بکات، شەوان بە یادی ئەوە خەوت لێ نەکەوێت گوومانم نیە دڵیشت نایە دەستی لێ بدەیت، مینا بەبێ لەچک چەند دیمەنێکی دڵرفێن بوو، هەرکەسێکی تر وەکوو من لێ وورد ببوایەتەوە بە ئاشکرا ئەوەی ئەبینی کە خودا هەندێک جار کەسی ئاوا دروست ئەکات تا بە مرۆڤی پیشان بدات کە هەموو مرۆڤەکان سەر زەویان ناشرین نەکردوە ، کەسانێک هەن وەکوو مینا کە زەوی پێویستی پێیانە تا ئاوەدانی بکەنەوە، کە نزیک بوومەوە مینا سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کردم ، بە ئاشکرا لە چاویدا پرسیارێکم ئەبینی کە بە منی ئەوت دوێنێ دیار نەبوویت، منیش ناتوانم قسە بکەم لەگەڵ مینا ئەگەر نا پێم ئەوت دوێنێ لە ماڵ نەبووم بۆیە نەهاتووم، لە جاران زیاتر لە مینا ورد بوومەوەو زیاتر

وێنەی رخساری و باڵاو قژیم لە مێشکمدا هەڵگرت وەکوو ئەوەی بمەوێت تۆڵەی دوێنێ بکەمەوە کە نەمبینی بوو، شتێکی ناخۆشە من نەبێت کەمێک زوو بگەڕێمەوەو خۆم ئامادە بکەم بۆ دەوام،

نانخواردن و خۆ گۆڕینی من ئەوەندە کاتی نە ئەویست ، زۆر گرنگیشم بەوە نەدا بوو کە ئەرکی ماڵەوەم جێ بە جێ کردووە یان نا گرنگ ئەوەیە من ئەمرۆ مینام بینی زۆریشم بینی، ئەوە ئیتر ئەوپەری ئاسودەیی من بوو،من لە قوتابخانە شتێکی وام نە ئەکرد هەندێکجار بە دزی مامۆستاوە وێنەم ئەکێشا لەسەر دەفتەرەکانم یان دێڕێک شیعرم ئەنوسی پێش ئەوەی بیر لە مینایش بکەمەوە من هەر بەو شێوەیە بووم، ئەو رۆژە لە قوتابخانە شتێکی وا نەبوو کە جیاواز بێت تەنها لە وانەی عەربیدا نەبێت، کە هەمیشە من لاواز بووم تێیدا، بۆ ساتێک بیرم لەوە ئەکردەوە ئەکرێت ئەم وانەیە مینایش بێزار بکات ! بیرم لەوەیش ئەکردەوە کە مینا قژی کردۆتەوەو لەسەر کورسیەک لە حەوشەکەیان دانیشتووە و سەعی ئەکات، ئەگەر بە دەستی من بوایە بێ لە شیعرو بابەتی ئەدەبی نەم ئەهێشت مینا هیچ وانەیەکی تر بخوێنێت، چۆن ئەبێت مینا بەو ناسکیەوە بێ لە شێعر وانەی هونەر بچێت وانەیەکی ئاڵۆزی وەکوو بیرکاری و ئینگلیزی و عەرەبی و کیمیاو زانستەکان بخوێنێت، نا مینا ئەبێت تەنها شیعر بخوێنیت چی ئەبوو یەکەم شیعریشی ئەمەی من بوایە کە سەیری پەنجەرەی پۆلەکەمانم کرد ئەم نوسینە هاتە خەیاڵم و لەسەر دەفتەری عەرەبی نوسیم

"ئەو دەنگەی مینا

که تێکەڵ بە هەوای ئەکات
ئەو بۆنەی مینا
که به هەوادا بڵاوی ئەکاتەوە
ئەو ڕەنگانەی که
لە قژی مینا جیا ئەبنەوە
ئەی پەنجەرە تۆ که ئەمانەم بۆ دەهێنیت
پێم بڵێ ئەی دەرگا
تۆ چ کارەیت !! "

وەکوو رۆژەکانی تریش ئەوە لە قوتابخانە گەڕامەوەو بۆ ماڵەوە نزیکی کاتژمێرێت زیاتر رۆژی ماوە ، ڕەنگە تەنها چەند ڕۆژێکی کەم دەوام بکەین ئیتر تاقی کردنەوەی کۆتایی ساڵ دەست پێ بکات، بۆ ماڵەوە ئەچمەوە لە دوورەوە ژنەکەی کاک غەریب دیار بوو کە لەبەر دەرگاکەی خۆیان بوو، وا دەر ئەکەوت کە چاوەڕێی من بکات لێی نزیک بوومەوە ، ئەمە یەکەم جارم بوو ئاوا لێی ورد بوومەوە ، قسەی کوڕەکانم بیر کەوتەوە کە ئەیان وت ژنێکی جوانە ، ئەوان ڕاستیان ئەکرد بەتایبەت ئەم ئێوارەیە ، وەکوو بڵێی ئەیەوێت بۆ ئاهەنگێک بچێت ئەوەندە خۆی رازاندبووەوە، گەیشتمە تەنیشتی سڵاوی لی کردم

– بەخێر بێیتەوە، چاوەڕێی تۆم ئەکرد
– نا، دڵ لە دڵ مەدە بەڵێنەکەم لەبیر نەکردووە
– ببورە هەردی گیان بەڵینی شەو لای پیاوەکان شتێکەو رۆژ بووەوە شتێ تر

نەمویست زیاتر بمێنمەوە بۆیە خوا حافیزیم لێ کردوو بەجێم هێشت،ژنەکەی کاک غەریب هەموو خەیاڵەکانم تێک ئەدات نایەڵێت وەکوو خۆی بیر لە شتەکان بکەمەوە بیر لە مینا بکەمەوە، ئەم کێشەیەی تەواو میشکی داگیر کردووم تەواو سەرقاڵی کردووم بە خۆیەوە، من ئەبێت ئەمشەو کارێک بکەم کە لە ڕاستیدا هیچ دڵم پێوەی نیە بیکەم و کارێکی ئاسان نیە ، چوونکە هەمووان ئەزانن ئەو پیاوە چەندە خراپە کەسێک نیە بە باشە باسی بکات ، بەڵام هیچ نەبێت لە سەرەتادا ژنەکەی کاک غەریب عاشقی بووە، من ناتوانم لەوە تێبگەم ژنەکان چۆن عاشقی پیاوی لەو شێوەیە ئەبن، ئەمویست بیر بکەمەوە چ شتێک هەیە لە پشت ئەوەوە کە وا بکات لە ژنێک عاشق بێت، نەرم و نیانی پیاو یان شیرینی قسە کردنی یان بەهێزی و سەروەت و سامان یان ئازادی یان لێپرسینەوە، من ئەمانە شت گەلێکی ئاڵۆزن کە من ناتوانم سەریان لێ دەربکەم، ئەگەر کەسێکیش هەمان پرسیار لە من بکات چی وای لەتۆ کردووە عاشقی مینا ببیت! ڕەنگە لە ڕووم نەیەت وەڵامی بدەمەوە چوونکە تەنها خاڵێکیش ناتوانم بژمێرم، من هیچ لە باشی و خراپە نازانم ، ئەوەی کە بە ڕوونی ئەیزانم هەر ئەوەیە من حەز ئەکەم مینا ببینم، من تا ئێستا هیچ داوایەکیشم لە مینا نەکردووە.

من ئەبێت دوای نانخواردن زوو بچمەوە سەربان، بە دایکم و ئەوانم ووت زوو جێگاکەم بۆ دابخەن و ماندووم و کەمێک زوو ئەخەوم، پێش ئەوەی بچمە سەربان چوومە ژوورەکەی خۆم و کتێبەکانم بڵاو کردەوەو چاوم پیا خشاندن نەمزانی کامیان بخوێنمەوە، تا ئینسان

ئەگەر دوو دڵ بێت و دڵە راوکەی هەبێت ناتوانێت شێعر یان ڕۆمانێکی عاشقانە بخوێنێتەوە، ئەگەر هاتوو وەکوو ئێستای من زۆری لە خۆی کردوو هەر دەستی دایە شیعرێک یان ڕۆمانێک ئەوا بێگوومان هیچ کات ناتوانێت هەست بەوە بکات نوسەری ئەم کتێبە بە چی هەستێکەوە نوسیوویەتی، یان نوسەرەکە ئەیەوێت بەرەو کوێی ببات. نابێت من ئەوەندە لە ژوورەکەی خۆم بمێنمەوە ئەبێت لەسەر بانەکە بم کێ ناڵیت زووتر نایەت، چوومە سەربان و جگەرەیەکم داگرساندوو چاوم بڕی ئەو ڕێگایەی کە جاری پێشوو پێیدا هات، ئیستا پێش ئەوەی بێت من ئەبێت بیر بکەمەوە بزانم بە چ ڕێگایەک من ئەو پیاوە بترسێنم کە نزیکی دوو تەمەنی منی هەیە، درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم لەروی لەشیشیەوە دوو ئەوەندەی من ئەبێت، تا ڕادەیەک پیاوێکی گەمژەو ناحەز دەر ئەکەوت، ئەبێت بیر لە ڕێگایەک بکەمەوە ئازاری پێ نەگەیەنم و تەنها بترسێت، یان ئەبێت ڕێگایەک بێت بە هیج شێوەیەک گوومانی ئەوە نەکات ئەو کەسەی کە ترساندوویەتی من بووم، چوونکە ئەوە کارێکی باش نابێت بۆ من، کاتێکی زۆرم نیە بۆ بیر کردنەوە ئێستا نا کاتێکی تر ئەو پیاوە هەر دەر ئەکەوێت و ژنەکەی کاک غەریبیش هەموو متمانەیەکی خۆی بە من بەخشیوە ، کە من ئەو کارەی بۆ ئەکەم ناکرێت من ئەمشەو نا ئومێدی بکەم، خۆزگە کەسێک لە تەنیشتم بوایەو کەمێک لە بری من بیری بکردایەتەوە، ئاخر ئینسان چۆن ئەتوانێت لە کاتی شپرزەیی و دڵەڕاوکێیدا بیر بکاتەوە،لە کۆتاییدا واهات بە خەیاڵمدا لە تاریکی شەودا بەردێکی تێ بگرم ، بەڵام کێ ناڵێت بەری ناکەوێت

و بە شێوەیەکی وا ئازاری نادات کە زۆر خراپ بەسەر ئەو کەسەدا بشکێتەوە کە تێی گرتووە، ئەو کەسەیش منم کە ئەوەندە شەرمنم زۆربەی کات ناتوانم بەرگری لە خۆم بکەم لەکاتی قسەکردندا، گریمان من ئەم بیرۆکەیەم لاپەسەند نیە ئەی ئەبێت من چی بکەم! من ئەبێت کەمێک پەلە بکەم چوونکە ئەمشەو زوو تر مانگ هەڵدێت و زووتر دوونیا ڕوناک ئەبێتەوە من دڵنیام جوامێریش ئەمە ئەزانێت و بۆیە زووتر دێت ، منیش هیچ خۆم بۆ ئەوە ئامادە نەکردووە کە ئەبێت چ کارێک بکەم ، ئەوەندە ئەزانم جگەرەکەی دەستم ناکوژێتەوە دانەیەکی تر دا ئەگرسێنم، شپرزەم و ترسێکیش لە ناخمدایە ، من بە منداڵی توشی شەڕ هاتووم و شەڕیشم کردووە، لەوە ناترسم کەسێک ئازارم بدات، بەڵام ئەوە چەند ساڵیکە بیرم لەوە کردوەتەوە کە چیتر نابێت کەس ئازار بدەم و کەسیش ئازارم بدات، هەمیشە وەکوو کەسێکی بێدەنگ و گۆشەگیر لای هاوڕیکانیشم دەرکەوتووم، بەڵام هەرگیز کەسیان وەکوو کەسێکی ترسنۆک لە منیان نەڕوانیووە، چوونکە ئەوە ئەزانن کە چەند ساڵێک لەمەو پیش شەڕم توش هاتبێت بە زیادەوە کردوومە، بەڵام خۆ ئێستا ناکرێت من شەڕ بکەم لەگەڵ جوامێر ، یانی جوامێر ناپرسێت بۆ ئەم شەڕەم لەگەڵ ئەکەیت؟! ئەی ئەگەر بزانێت ژنەکەی کاک غەریب منی ڕاسپاردووە زۆر خراپ بەسەر ئەو ژنە فەقیرەدا ناشکێتەوە؟کات تێئەپەڕێت لەسەر من ناوەستێت تا بیر بکەمەوە ، جوامێریش لەسەر من ناوەستێت دڵنیام تا دوونیا تاریکە دێت، لە کتوپردا خەیاڵێکی زۆر بێ وێنەم بۆ هات، لە خۆشیدا گەشامەوە، خۆیشم نەم ئەزانی چۆن بوو

بەو هەموو دوو دڵیەوە ئەو خەیاڵە عەنتیکەیەم بۆ هات ، وەکوو بڵێی خودایش هاوکاری کردبێتم، چەند خولەکێکی کەمە خەیاڵەکەم بۆ هاتووەو تارماییەک لەو سەری کۆڵانەوە دەرکەوت، بۆ چەند ساتێکی کەم کەوتە بەر رۆشنایی گڵۆپەکانی حەوشەی ماڵەکەی ئەوسەر کۆڵان ، دیار بوو کەسێکە کەمێک ئەشەلێت بە دڵنیایەوە ئەوە جوامێرە،پێڵاوەکانی خۆمم توند کردەوەو بە ئەسپایی بە پەیژەکەدا رۆشتمە خواوەرە، چوومە تەنیشتی حەوشەکەی ماڵی کاک غەریب و شوێنێکی کەمێک پێچ بوو تاریکی شەویش یارمەتی دام کە بتوانم خۆمی تێدا بشارمەوە بە شێوەیەک لە نزیکی مەترێکەوە نەبێت نەبینرێم،جوامێریش هەر وەکوو ئەو شەوەی پێشتر کە بینیم خۆی دوور ئەگرت لە ڕوناکیەکان و بە تاریکیەکاندا رێی ئەکرد، وام هەست ئەکرد کە تەنانەت نایەوێت دەنگی پێی بێت، وا تەواو نزیک بووەوە، ئەبێت بە تەنیشتی مندا تێپەڕیت و بگاتە دەرگای حەوشەکەی ماڵی کاک غەریب ، چەند مەترێک لە منەوە دوور بوو بە هەناسەدان و دەنگی هەناسەیدا دیار بوو کە بە ترسەوە بە ڕێگادا ئەڕوات، وەخت بوو بگاتە تەنیشتی من ، منیش بە تەواوەتی جوڵەم لەخۆم بڕی بوو بە تایبەت کە گەیشتە تەنیشتی من هەناسەی خۆمم راگرت تا بە تەواوی لە من دوور کەوتەوە، زۆر بە هێواشی دەرگای حەوشەکەی کردەوەو بە هەنگاوێکی زۆر لەسەر خۆ چووە ژوورەوە بۆناو حەوشەکە ، منیش یەکسەر نەمهێشت زۆر بڕوات و بە دوایدا رۆیشتم دەرگای حەوشەکەم لێ گرت و بە دەنگێک شێوەی هاوار بیت بەڵام ئەوەندە بەرز نا کە دراوسیکان بە ئاگا بێن و لە حاڵی ئەو ژنە ئاگادار بن ،

به دەنگێکی کەمێک نزم هاوارم لێی کرد "هێی کابرا لە شوێنی خۆت بوەستە"

وەکوو پەیکەرێک لە شوێنی خۆی وەستا ، بەو شەوە تاریکە ئەمتوانی هەست بەو هەموو ترسە بکەم کە لە ناخیدا دروست بوو بەو هاوار کردنەی من، وەکوو ئەوەی بوێرێت ئاوڕ بداتەوە یان نا، بەڵام پێش ئەوەی بڕیاری ئەوە بدات ئاوڕ بداتەوە یان نا من بەردەوام بووم بە هەمان دەنگ هاوارم کردەوە" تۆ تەریق نابیتەوە چاوت لە ماڵی خەڵکەو دزی ئەکەیت "

دڵنیام لەو کاتەوەی یەکەم هاوارم لێ کردووە هەناسەی خۆی ڕاگرتووە تا ئەوکاتەی کە وشەی دزیم بەکار هێنا ئەوکات هۆشی هاتووەتەوە سەرخۆیی و هەناسەیەکی کەمێک ئاسوودەیی هەڵکێشاوە، چوونەکە پیاوەکان تا ڕادەیەکی زۆر تاوانی دزی بە کەمتر ئەزانن لە تاوانێک بەهۆی ژنێکەوە بچێتە حەوشەی ماڵێک و ئاشکرا بێت، هەندێک لە پیاوەکان ئەچنە حەوشەو ژنەکان وەڕس ئەکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا توانای هەڵگرتنی دەر ئەنجامی ئاشکرا بوونیان ناکەن، ئەبووایە من زۆر بە وریاییەوە قسە بکەم و هەرگیز ئەوە دەرنەکەوێت لە قسەکانمدا کە جوامێر لەوە تێبگات من بە پەیوەندیەکەیان ئەزانم، دڵنیام بە دنگمدا منی نەناسیەوە بۆیە بە هێواشی ئاوڕی دایەوەو یەک دوو هەنگاو لێم نزیک بووەوە تا کەمێک بە ڕوونی دەموو چاوم ببینێت

- ئاه ئەوە تۆیت هەردی !!

ـ ئەو چەند جارە دز دێتە سەرماڵی کاک غەریب تۆ بوویت کاک جوامێر؟!!

ـ خەڵکم لێ کۆمەکەرەوە، دەنگت نزمکە

ـ چۆن دەستت ئەچێتە ماڵی هاوڕێی خۆت ؟!

ـ بەو شێوەیە نیە کە تۆ تێگەیشتوویت

پێکەنینێکی گاڵتە جاڕیانە گرتمی و ئەو پەندەم ووت " باوکم لە شاخ نەهاتۆتەوەو پیاوێکیش گوورگ خواردوویەتی" کاک جوامێر وا باشە بە شوێنی خۆتدا بگەڕییتەوە ئەمە چەند رۆژە کاک غەریب هاواری ئەوەیەتی کە دز دێتە سەری بەڵام ئەو پیاوە فەقیرە لە کوێوە بزانێت تۆیت؟

ـ هەردی تکایە ئەو قسانە بەسە گوێم بۆ بگرە

ـ کاک غەریب هاتەوە هەموو شتێکی پی ئەڵیم، قسەکانت بۆ ئەو باس بکە ، پێویست ناکات ئێستا هیچ بۆ من باس بکەیت

بە خێرای پشتم تێ کردوو لە دەرگای حەوشەکەوە هاتمە دەرەوە، ئاگادار بووم جوامێر زۆر بە خێرایی ڕایکردوو توونت لە دواوە قۆڵی منی گرت،

- هەردی ئەزانم کوڕیکی تێگەیشتوویت و تەمەنت هەیە ، هەموو ئاوایی ئەزانن لە قوتابخانە چەندە زیرەک و لێهاتوویت وەرە وەکوو دوو پیاو بەیەکەوە قسە بکەین

- بۆ نموونە ئەتەوێت بڵێیت بۆ دزی نەهاتووم؟! خۆ کاک غەریب لە ماڵ نیە تا بڵێی هاتووم بۆ لای ئەو .

که ئەو قسەیەم کرد زۆر باش تێگەیشت کە ناتوانێت لە تۆمەتی دزیەکە هەڵبێت و وە دڵنیایشم هەرگیز ناتوانێت دان بەودا بنیت کە بۆ لای ژنەکەی کاک غەریب هاتووە. بۆیە هەوڵی ئەدا من هێور بکاتەوە لە ڕادە بەدەر هەوڵی ئەدا نەرم قسە بکات، خۆ کەسی سێیەم لە نێوان من و ئەودا نیە بۆیە لایشی ئاسانە ئەگەر خۆی بچووک بکاتەوە تا ئەوەی ئەیەوێت سەر بگرێت و بەسەلامەتی لەم کێشەیەی کە تێکەوتووە بچێتە دەرەوە. دەستی درێژ کرد بۆم و کە تەوقەی لەگەڵ بکەم ، دەست بخەمە ناو دەستیەوە، کەمێک ڕوی خۆم لێ وەرگێڕا ،

- هەردی وەکوو پیاوێک بەڵین ئەدەم ئەمە دووبارە نەبێتەوە ، بەڵام تۆیش لای کەس باسی مەکە، چوونکە بە باسکردنی تۆ هیچت دەست ناکەوێت،

من هەر هیچم نە وت و ئەویش بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی، ئینسان هەر جارێک یان دوو جار هەڵە ئەکات بەڵام لەو شوینەی کە زانی هەڵەیە نابێت بەردەوام بێت ڕێک وەکوو ئێستای من

- من چۆن لەوە دڵنیا بم کە جارێکی تر ناگەڕییتەوە ئێرە؟

- بە دڵنیاییەوە ناگەڕێمەوە وەکوو ووتم تەنها تۆ ئەمە لای کەس باس مەکە ، هەرچەند لەوە دڵنیام کە باسی ناکەیت، هەموو ئاوایی ئەزانن چەندە کوڕێکی بێدەنگیت و چەندە خۆت لە هەموان بە دوور ئەگریت

ڕاستی درێژەدان بەم مەسەلەیە هیچ لە پەرژەوەندی من نەبوو، ئەوەی کە وەکوو بارێکی قورس لەسەر شانم بوو جێبەجێم کرد، بۆیە بۆ کۆتا جار دەستم خستە ناو دەستیەوە، ووتم : دڵنیام کە ئەمە دووبارە نابێتەوە چوونکە چەندە خراپ بیت لە کۆتاییدا هەر ئینسانیت و ئابڕووی خۆتت خۆش ئەوێت، هەستم کرد بە قسەکانم هێور بوەتەوە و ئاسوودەییەک بە دڵی گەیشتووە، هەرچۆنێک نەبوو توانی پشت لە من بکات و بڕوات ، منیش گەڕامەوە بۆ سەربانەکەو هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا، زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کە پێویستم بەوە نەبوو ئازاری بدەم و کارەکەیشم سەری گرت، ئێستا ئەوەی کە ماوەتەوە بیکەم جگەرەیەک بکێشم و لەسەر پشت ڕاکشێم و بە بیر کردنەوە لە مینا کەمێک دڵ و دەروونم ئاسوودە بکەم ، بەڵام ئەوەی چاوەڕێی نەبووم هات، دووبارە ژنەکەی کاک غەریبە و بەو شەوە هاتووەتەوە سەربانەکەی ئێمە، هەر پێش ئەوەی بگات بە من دەستی کرد بە قسە کردن

- دەست خۆش بێت هەردی گیان ، لە حەوشەکە بووم ، لە پشتی دیوارەکەوە ، گوێم لە هەموو قسەکانتان بوو،من ئەم باشەیەت لەبیر ناکەم
- هەرکەسێکی تر بوایە لە بری من هەر ئەو کارەی ئەکرد
- نا وانیە، ئەوەی تۆ کردت کەسێکی تر پێی ناکرێت
- بە هەرحاڵ ئەوەی ویستمان هەر بەو شیوەیە بوو
- هەردی ئەوە چەند شەوە کە من دیمە ئێرە زۆر هەست بە ئاسوودەیی ئەکەم لە نزیکتەوە، تۆ کوڕێکی زۆر گەنجیت بەڵام

زۆر گەورە بیر ئەکەیتەوە، وە ناتوانم ئەوەیش نەڵیم هەمیشە هەست بە خەمێکی زۆر گەورە ئەکەم لە تۆدا، بۆچی وەکوو هاوڕێیەک من و تۆ قسە نەکەین.

من تا ئێستا ئەوەندە لەگەڵ ژنێک قسەم نەکردووە، من ناتوانم قسەکانی ناو دڵم بۆ هاوڕێ کوڕەکانم باس بکەم، کە لە منداڵیەوە لەگەڵیان گەورە بووم، من زۆر شەرمم لە ژنەکەی کاک غەریب ئەکرد ،هەرچەند تەمەنی کەم بوو بەڵام جۆرێک لە جۆرەکان میهرەبانیەکی دایکانەی پێ ئەدام ، ئەگەر هەڵە نەبم ئەو میهرەبانی و سۆزە لە هەموو ژنێکدا بوونی هەیە، بەڵام کەمن ئەو پیاوانەی کە ئەوەندە بەختیان هەبێت سۆز و میهرەبانی ژنێک بیانگرێتەوە ، ئەگەر نا لەوە تێ ئەگەیشتن هیچ شتێک هێندەی ئەوە ئارام بەخش و خۆش نیە ژنێک لە سۆز و میهرەبانی خۆیت پێ بدات بێ ئەوەی زۆرت لێ کردبێت،ئەمجارە لە هەموو جارەکانی پێشوو زیاتر لە نزیکمەوە دانیشت و مانگیش هەڵهاتبوو، شتێکی لە ڕۆژ گەڕابووەوە ئەوەندە دوونیای ڕوناک کردبووەوە، زۆر ترسام کەسێک لەسەربانی ئێمە بڕوانێت و تارمایی هەردووکمان لەسەربان ببینێت، بۆیە ووتم : سەیرکە، مانگ چەندە ڕووناکە ڕێک ئەڵێی بۆ ئەوە هەڵهاتووە من و تۆ لەسەر ئەم سەربانە بۆ ئەوانی تر ئاشکرا بکات.

لە ڕاستیدا نازانم چۆن بوو ئاوا بۆ یەکەم جار دۆستانە قسەم کرد لەگەڵ ئەو ژنەدا، زۆر زوو وەڵامی دامەوە پێی ووتم : تۆ کەسێکی لە ڕادە بەدەر شەرمنی ناکرێت وابیت. نازانم چۆن بوو توانی بەوە ڕازیم بکات تا کەسێک نەمان بینیت هەردووکمان لەسەر پشت

بکات نزیکی نیو مەتر یان ئەتوانم بڵێم ڕاکشێین و ئەو قسەم بۆ کەمتر نێوانمان بوو. من بۆ جارێکی تر سەرنجم چووەوە سەر ئەستێرەکان و لەبەر خۆمەوە ووتم: نهێنیەک هەیە لە دەرکەوتنی ئەستێرەکان لە شەودا ئەگەر نا بۆ لە ڕۆژدا دەرناکەون ، من وا گوومان ئەکەم بۆ ئەوە هەڵدێن تا قسەیان لەگەڵ بکەین ئەو کاتانەی کە گوێ گرێکمان نیە. قسەی لە دەم وەرگرتم و ووتی: هەموو کەسێک ئەستێرە کانی خۆش ناوێت و کەمن ئەوانەی لەئەستێرەکان ورد ئەبنەوە بەڵام ئەستێرەکان ئێمەیان خۆش ئەوێت بۆیە هەموو شەوێک ئەگەڕینەوە ئاسمان و خۆیانمان پیشان ئەدەن.

لە ڕاستیدا نازانم ئەم ژنە لەبەر دڵی من ئاوا قسە ئەکات یان هەر ئەویش تا رادەیەکی زۆر وەکوو من بیر ئەکاتەوە، بە دەست خۆم نەبوو کاک غەریبم هاتەوە یاد، کە چەندە کەسێکی داخراوە و بێ لە کار و سیاسەت شتێکی تر نازانێت، ڕەنگە هەتا وەکوو ئێستا لەبەر خۆیەوە گۆرانی نە ووتبێت، یان ڕەنگە ڕۆژێک دانەنیشتبێت و بە تایبەت لە جوانیەکانی ئەم ژنە بڕوانێت، تۆ بڵیی ڕۆژیک لە باوەشی گرتبێت؟! یان تۆ بڵێی تەنها جارێک وتبیتی خۆشم ئەوێی؟! من ناڵێم ئینسان تینوێتی لە عشق ئەشکێت بەڵام ئەگەر کەسێکت نەبێت تا ڕادەیەک لە دڵتەوە نزیک بیت هیچ شتێک تۆ نابەستێتەوە بە ژیانەوە.

ووتم: تۆ ڕاست ئەکەی ئێمەیان خۆش ئەوێت، تۆ تا ئێستا ئەستێرەت بینیوە سەما بکات ، سەیرکە هەندێک لە ئەستێرەکان بە ئەستەم ئەدرەوشێنەوە هەندێکجار ون ئەبن و دێنەوە، ئەگەر جوان لێی وورد بیتەوە بە ئاشکرا ئەیبینیت کە سەما ئەکەن

ئەوان بە چی موزیکێک سەما ئەکەن ؟
ـ هەردی ئەوان بە چی موزیکێک سەما ئەکەن ؟ ڕەنگە تەنها ئەوە گرنگ بێت
ـ موزیک و گۆرانی گرنگ نیە، ڕەنگە ئێستا لەم لادێی
لای ئەوان کە کێ سەیریان ئەکات، ڕەنگە ئێستا لەم لادێی
ئێمەدا کچێک پەنجەرەکەی کردبێتەوەو دەستی لە ژێر
چەناکەی دانابێت و لێیان بڕوانێت، ئەستێرەکان زۆر چێژ وەر
ئەگرن لەم سەیر کردنە قووڵە ، هەمان سیفەتی ژنەکانیان هەیە،
کە کاتێک کەسێک سەیریان ئەکات بە شەرمەوە سەما ئەکەن
و ڕوومەتیان سوور هەڵ ئەگەڕێت.

ـ ئەتوانیت ژنێک بهێنیتە بەرچاوی خۆت کە خۆی گۆرانی ئەڵیت وبە دەنگی خۆیشی سەما ئەکات؟

ـ عەزیەکەی بەر زەوی ئەکەوێت و هەندێکجاریش ـ با ـ بۆی بەرز ئەکاتەوە، قژی کەوتۆتە سەرشانی و چاوی داخستووە، دەستەکانی زۆر هێواش بەرز ئەکاتەوە وەکوو بڵێیت خۆی نیەو هەوا بۆی بەرز ئەکاتەوە، چەند دیمەنێکی دڵرفێنی هەیە، من وا بیر ئەکەمەوە کە سروشت هەندێک لە جوڵەکانی لە سەمای ئەو ژنەوە وەر گرتووە. من قسەکانم لێرەدا وەستان و ئەویش هیچی نەووت هەردووکمان وەکوو ئەوەی چاومان داخستبێت و دیمەنی ئەو سەمایە لەبەرچاومان بێت ڕاستی من حەزم نە ئەکرد چاووم بکەمەوە، بەتەواوی خەیاڵەکانم بەستبوو بەو ژنەوە کە سەما ئەکات، کە زیاتر ژنەکەی خەیاڵم سەمای ئەکرد زیاتر حەزم ئەکرد روخساری ببینم، کە زیاتر لێم ئەڕوانی هەستم ئەکرد کە ئەوە مینایە، بەڵام هەموو کەسێک کە ماندوو

ئەبێت پشوو ئەدات تۆ بڵێی مینا لە تەنیشتی منەوە پشوو بدات، هێشتا چاووم نەکردبووەوە ئاگادار بووم ژنەکەی کاک غەریب خۆی خستە سەرشان و دەستێکی خستە ژێر سەری و ڕووی کردە منەوە ووتی:

ــ هەردی پرسیارێک بەڕاستی وەڵامم بەرەوە ، تۆ ئەڵێی ژن بۆچی دروست کراوە؟

ئەو پرسیارەی لە کاتی ئاساییدا بکردایە ڕەنگە لە ڕووم نەهاتبایە وەڵام بدەمەوە، بەڵام من ئێستا بە خەیاڵ کردن بە میناوە مەست بووم، وە ئەم ژنەیش زیاتر هاوکاری کردووم کە بچمە ناو خەیاڵەکانمەوە، چوونکە نزیکیەک هەیە لەنێوان من و ئەودا لە ڕووی بیر کردنەوەوە ، من تا ئێستا کەسم نەبینیوە بەو ڕادەیە نزیک بێت لە خەیاڵەکانمەوە، وەڵامم دایەوە و ووتم: من نازانم ژن بۆ دروست کراوە بەڵام ئەزانم ئەگەر دروست نەکرایە چی ئەبوو، بۆ نموونە پیاو تاقەتی نە ئەبوو گوڵ بڕوێنێت، ڕەنگە خەڵک ڕقی لە باران بوایە، ڕێی تێ ئەچوو لە دوای هەموو جەنگەکان ئاشتی نەبوایە، ڕاستی من نازانم بۆچی دروست کراون بەڵام ئەزانم زەوی پێویستی پێیەتی، پیاوەکانیش بۆ ئەوەی پشوو بدەن پێویستیان بە پێکەنینی ژنە، باوەڕ ناکەم هیچ موزیکێک جێی دەنگی پێکەنینی ژن بگرێتەوە. لێرەدا وەستام ڕاستی ئەگەر گوومانم لەوە نەبوایە کە بە گوێگرتن ماندووی ئەکەم، ئەوا ئارەزووم ئەکرد تا بەیانی ئەو کارەساتانە بژمێرم کە لە نەبوونی ژندا دروست ئەبن.

ـ هەردی تۆ وەکوو کەسێکی عاشق قسە ئەکەیت، یانی عاشقیت؟

ـ بێگومان

ـ کەسێک هەیە لەم گوندەی خۆمان دڵی تۆی بردبێت؟

ـ نازانم

ـ بۆ مەگەر ئەوە ئەکرێت نەزانیت؟

ـ بەڵێ بۆ نا ، من زۆر شت نازانم، هەر ئەوە نیە، شەو هەیە تا بەیانی دڵم تەنگە نازانم بۆ، دوونیایەک قسە هەیە لە دڵما زۆر جار نازانم چین، زۆر جاریش نازانم کەسێک هەیە بیری من بکات، هەر ئەمانە نا من زۆر شت نازانم.

لە ڕاستیدا من زۆر لەسەر خۆ قسەم ئەکرد، ئەکرێت کە ئەو ژنێکی بێ هەست نیە دوونیایەک ئازاری بینیوە، هەست بەو ئازارانە بکات کە لە پشتی قسەکانی منەوەن، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو هەستم کرد کەمێک لێم نزیک بووەوە، من هەر چاوم نەکردبووەوە لەسەر پشت کە ڕاکشابووم، ئەوەندە نزیک بوو لێمە گوێم لە دەنگی هەناسەکانی بوو، کە لەسەر لا تەنیشت ڕاکشابوو، دەستێکی لەژێر سەری دانابوو وەکوو بڵێیت بەو دەستەی سەری ڕاگرتبوو، دەستەکەی تری هێنا خستیە سەر سنگم، ئەمە یەکەم جاری نیە کە دەستی بەرم بکەوێت، بەڵام زۆر جیاواز دەستی لەسەر دڵم دانا و هەناسەیەکی تری هەڵکێشاو ووتی: خۆش بە حاڵی تۆ کە تەمەنت ئەوەندە زۆر نیە ، شت گەلێک هەن کە تۆ هێشتا لێیان بێخەبەری. قسەی بۆ ئەکردم و

دەمی لە گوێم نزیک ئەکردەوە ئەوەندە نزیک کەوتەوە لێم هەستم ئەکرد قژی ڕوومەتم ختووکە ئەدات کە بەرم ئەکەوێت، من ناتوانم لە ئاستی هەستێکی ئەوەندە گەرمی ژنێکدا خۆم بگرم، بۆ چەند ساتێکی کەم هەناسەدانم وەستا کە گەرمی هەناسەی بەر گوێم کەوت، دەستم هیزی تیا نەبوو کە بیجولێنم، چوونکە ئەلەرزی، دەستی لەسەر سنگم خشاندو لە گەردنمی نزیک کردەوە و کەمێکیش زیاتر سەری بەرز کردەوە بە شێوەیەک کە بتوانیت چاوە داخراوەکانم ببینێت، بە چرپەیەکەوە بە گووێمدا ووتی:

ــ پەلکە زێڕینەی دوای باران تەمەنی کورتە ، بەڵام تا دڵ بیەوێت جوانە

ــ شوانێکی عاشقیش ئەگەر چی باران تەڕی کردووەو سەرمایەتی،بەڵام ئەویش تا پەلکە زێڕێنەکە ئەکوژێتەوە سەیری ئەکات

ــ شەو بۆیە بەو ئەندازەیە تاریکە تا گوناهەکانی دوو عاشق بشارێتەوە

ــ مانگیش دوای گوناهەکانیش پشتمان تێناکات هەر خۆشی ئەوێین

- پیاوێکی ماندوو کە ئەهلی دڵ بێت، لە خەیاڵەکانیدا تەنانەت ئەستێرەکانیش دەستی یەک ئەگرن

- بەڵام دەستەکانی خۆی ساردوو خاڵیە

گەشتبووە کەمێک خوار گەردنمەوە کە ئەو قسەیەم کرد، دەستی هێنایە خوارەوە بە هێواشی دەستی برد بۆ دەستم و گرتی، دەستێکی سەیرم هەبوو کە بینیم دەستەکانی ئەو زۆر لە دەستی من ساردترە، بێگومان ئەبێت زەوی هەڵە بسورێتەوە، ڕەوتی ژیانی گۆڕی بێت، ئەگەر نا ژنەکان بێ لەوەی دڵێکی گەرمیان هەیە، باوەشێک و دەستێکی گەرمیشیان هەیە، وەکوو جارەکانی تر هەستێکی بەزەیی لە دڵمدا دروست بوو، نەفرەتێکیش لە دڵمدا دروست بوو، بەرامبەر ئەو پیاوەی کە کەمتەرخەمی کردووە و کاری بەوە نەبووە کە ئەم ژنە دەستەکانی گەرمن یان سارد، کەمێک دەستی توند کردەوە وەکوو بڵێیت ئەیەوێت بەو دەستە ساردەی دەستی من زیاتر گەرم بکاتەوە، منیش تا ئێستا نازانم هەستێکی دایکانەی بۆ من هەیە یان وەکوو ژنێک سۆزی خۆی بە من ئەدات، بەڵام منێک کە مینا لە ناو خەیاڵەکانمدایە، ساتێک تێناپەڕێت بیر لە مینا نەکەمەوە بە دڵنیاییەوە نەمئەتوانی وەکوو ژنێک لێی بڕوانم، زیاتر ئەوەی لە دڵی مندا بوو لە بەزەییەوە نزیک بوو، بەڵام تا ڕادەیەک چێژ بەخشیش بوو کە ژنێک بەو هەموو گەرمیەوە ئەوێت لە من نزیک بێتەوەو ئەیەوێت ئەمشەو بکاتە شەوێک کە ئازارەکانی خۆی لە بیر بکات و لەگەڵ ئەوەیشدا ئاسوودەییەک بە دەروونی من بگەیەنێت، ئەو دەستی منی ئەگوشی و منیش دەستم وەکوو خۆی هێشتەوە، وەکوو شتێک نەم ئەویست هیچ کاردانەوەیەکم هەبێت بۆ ئەوەی کە دەستی گرتووم، پێم وابێت ئەو وا هەستی ئەکرد کە من ئەو دەست گرتنەو خۆ نزیک کردنەوەی ئەوم پێ ناخۆش بێت، بەڵام لە ڕاستیدا پێیشم

ناخۆش بوایە نەم ئەتوانی کاردانەوەیەکی وا بکەم کە ئەو دڵی تەنانەت گەرد بگرێت و دڵی تەنگ بکەم،هێشتا چاوم نەکردبووەوە و ووتم

ـ دەستی تۆ لە دەستی من ساردترە

ـ دوو دەست چەندە سارد بن بەیەکەوە بن گەرم ئەبنەوە

ـ من ئەترسم!!

ـ لە چی ئەترسیت؟

ـ تۆ ژنیت، بەڕاستی لێت ئەترسم، ئەترسم دەستت بگرم و کە ڕۆیشتیت دڵت لە نێو دەستی مندا جێ بهێڵیت، ئەگەر بێت و ئەوە ڕووبدات ، دوایی زۆر لۆمەی خۆم ئەکەم.

ئاگادار بووم ئەو کەمێک هاتەوە سەر خۆیی و کەمێک دەستی شل کردەوە کە دەستی گرتبووم و هەستم ئەکرد ئەو قسەیەم داوە لە دڵی، تا ڕادەیەک پێوەی دیار بوو کە لە من تووڕە بوو، بەڵام بەو ئەندازەیە تووڕە نەبوو کە لێم دوو بکەوێتەوە، جۆرێک لە جۆرەکان نا ئومێدیەکیشی پێوە دیار بوو، نا ئومێدیەکەی بۆ ئەوە بوو کە ئەمشەو بە دڵی ئەو شتەکان ناچنە پێشەوە، بەڵام ناکرێت من ئەوەندە دڵی ڕابگرم کە دڵی لای من بە جێ بهێڵێت و دواتر نەتوانم ئەو شتانەی بۆ بکەم کە دڵی ئەیەوێت، من هەمیشە ووتوومە دڵی ئینسان تەنها شوێنی یەک کەسی تیا ئەبێتەوە، نا ئەسڵەن جێی کەسێکیشی تیا نابێتەوە بە تەواوی، من ئەگەر بۆم بکرایە کاتم ئەدزی تا زیاتر بیر لە مینا بکەمەوە، هەمیشە کاتم بە کەم زانیوە،یان بۆ نمونە هەمیشە کە

کاتێک هیچ بەر گرمە ئە ڕێگایەک یان ، ئەکەم ڕێ کۆڵانێکدا بە لە زۆر ڕێگاکان هەمیشە ، ببن تەواو زووتر خەیاڵەکانم نەداوە ڕووی و بکات تەواو خەیاڵەکانی ئەوەی بۆ ئینسان ، بوون کورتتر خەیاڵەکانم کەمێک ، بگەڕیت زەوی سەر تەواوی مەگەر بڕوات ڕیاگادا بە بەڵام ، بوو مندا دەستی ناو لە کە ئەکرد تاوان بە هەستم چەندە و گەرمە ژنێکی چەندە ئەکردەوە لەوە بیرم کە ئەوەیشدا لەگەڵ خۆم دەست بە ساتێک بۆ ئەما نە هەستەم ئەو هەیە گەرمی دڵێکی قوڵی هەناسەیەکی ، گوشی دەستیم کردەوەو توند دەستم نەبوو کەمێک ، نزیکمەوە هاتە ئەوەندە کەوت شانم بەر سنگی هەڵکێشاو دەستی و لابرد سەری ژێر لە تری دەستەی کردەوەو بەرز خۆی زیاتر خۆش پێم ئەبووەوە نزیک من لە شێوەیە بەو ئەو کە ، قژمدا بە هێنا بێمەوە و بدات بەرم مەستیە ئەو کەمێک ئەوەی بۆ ، بخەوم بوو سەرخۆم ووتم:

- پێم خۆشە لە تەنیشتم راکشێیت و کەمێک لە مانگ بڕوانین

شانی کە راکشا شێوەیەک بە تەنیشتمەوە ولە بەرنەدابووم دەستی کەمێک قژی کە بوو سەرمەوە تەنیشت لە سەری شانمەوەو بە نوساند لەبەر مینا وەختە سەیرە شەوێکی چەند ، ئەدام ڕوومەتی ختووکەی من سەیری مانگ کە بکەمەوە لەوە بیر ناتوانم یان ، ئەبێت وون چاوم تائێستا من ، بکەم بۆ قسەی تر شەوەکانی وەکوو چاوەڕێیە و ئەکات لە ژنێک ئەگەر ، نەوەستاوە نزیکیە بەو تەنیشتمەوە لە ژنێک نیە خۆت دەست بە ، نەکەیتەوە لێ بیری ناتوانیت بێت تەنیشتەو مەرج ژنەکان لە هەندێک تایبەت بە ، خۆی بۆ ئەبات خەیاڵەکانت

نیە عاشقیان بیت ، بەڵام هێندە ژن بوونیان لیٚ جوانە پێت خۆشە لە باوەشیاندا بخەویت، یان ئەگەر زۆر ماندوو بیت پێت خۆشە لەباوەشیدا بمریت، ئەم ژنەی کە لە تەنیشت منەوە ڕاکشاوە، بۆنی ژنێتی خۆی تێکەڵ بە هەموو شەو کردووە ، بە شێوەیەکیش ئەمشەو خۆی پیشانی مانگ داوە ئەویش ڕەنگی ئەم ژنەی گرتووە، من هەر خەیاڵەکانی خۆم کۆ ئەکەمەوەو ئەیان بەمەوە لای مینا و هەر شپرزە ئەبنەوە، ئەمجارە بە شێوەیەکی تر هات و تا ئەمشەو لی داگیر بکات، دوای ماوەیەکی زۆر کە بێدەنگ ئاوا مابووینەوە، ئەمجارە سەری خستە سەر سنگم وە لەبەر ئەوەی کە قژی کردبووەوە، قژی هەمووی کەوتبووە ژێر چەناگەی من و ئەمتوانی بە ئاسانی بۆنی بکەم ، سەری لەسەر سنگم دانابوو بە دەنگێکی زۆر ژنانەو نەرم ووتی " هەردی تەنها کەمێک پەنجەکانت بخە نێو قژمەوە" لە ڕاستیدا داوایەکی قورس نەبوو بۆ من، بەڵام ئەگەر بمەوێت بە هەموو هەستمەوە ئەو کارە بکەم ئەوا بە دڵنیاییەو ناتوانم، تێناگەم بۆ ئەیەوێت ئەمشەو هەموو ژنێتی خۆیم پیشان بدات، من شەوێکی زۆر قورسم لە پێشە کە تێیپەڕێنم، چوونکە نامەوێت بیٚ دڵی خۆم و ئەویش بکەم، هەستێکی سەیرم هەیە، بۆ ساتێک دڵم خۆشە کە ژنێک لەسەر سنگی من ئارام بووەتەوەو پشتی کردووەتە ئازارەکانی و وە لە هەمان کاتدا کە مینام بیر ئەکەوێتەوە دڵتەنگیەک داگیرم ئەکات و دەستەکانم شل ئەبنەوە، ڕەنگە ئەم ژنەیش ئەگەر بیر لە کاک غەریب بکاتەوە هەمان هەستی منی هەبێت، بەڵام ئەکرێت من ئەمشەو تا تیٚ ئەپەڕیت مینا لەبیر خۆم ببەمەوەو شەوێک بۆ ئەم ژنە دروست بکەم

زۆر زوو ئەگەمە ئەو ئەنجامەی کە من ناتوانم کە دڵی نەیەوێت؟، زۆر زوو ئەگەمە ئەو ئەنجامەی کە من ناتوانم ئەم کارە بکەم ، چوونکە خۆ ژیان لە شەوێکدا کۆتایی نایە، لە ڕاستیدا دوای ئەم شەوە رۆژ ئەبێتەوە دووبارە شەو دێت، بە دڵنیاییەوە جارێکی تر ئەم ژنە دێتەوە لام،من زۆر دوو دڵم، جارێک ئەڵێم دەست نابەم بۆ قژی ، وە جارێکی تریش کە شنەبایەکی کەم دێت و قژی ئەدات لە دەم و چاومدا و بۆنی قژی دێت و هەڵی ئەمژم ژنێتی و سۆزی ئەو تەواوی بوونم داگیر ئەکات و لە دڵی خۆمدا ئەڵیم ناکرێت پەنجەکانم نەخەمە ناو قژیەوە، زۆر پەرێشانم لەو حاڵەی کە تێکەوتووم ، پیاوێکی لاوازم و ناتوانم بێ دڵی بکەم، لە هەمان کاتیشدا مینا لە ناو دەروونمدا بە خەبەرەو ئاگاداری هەموو جوڵانەوەکانی منە، دڵنیام ئەو مینای کە لە دەرونمدا هەناسە ئەدات و زیندووە دوای رۆیشتنی ئەم ژنە بێ ئەندازە ئازارم ئەدات و لۆمەم ئەکات، من ئێستا کەوتوومەتە نێوان دوو هەڵبژاردنی قورسەوە، کە ناتوانم بە ئاسوودەیی یەکێکیان هەڵبژێرم، هەردانەیەکیان هەڵبژێرم کەسێک لە خۆم ئەرەنجێنم، دەستەکانم شل بوونەتەوەو ئەویش بە گڕو تینێکی زۆر گەنجانەو ژنانەوە لەسەر سنگم وەستاوە ، چاوەکانی داخستوون و چاوەڕێی پەنجەی من ئەکات کە یاری بە قژی بکەم، بەڵام منیش دەستەکانم بە بێ ویستی خۆم شل بوونەتەوەو دەستم تێی ناچێت دەست لە قژی بدەم، من بێدەنگ وەستاوم و هەندێکجاریش حەز ئەکەم هەناسەکانی خۆم رابگرم تا گوێ لە دەنگی دڵی ئەو و دڵی خۆم بگرم ، یان گوێ بۆ ئەو دەنگانە بگرم کە شەو بڵاویان ئەکاتەوە، بۆ ساتێکیش چاوم ئەکەمەوەو سەیری ئاسمان ئەکەم و مانگ ئەبینم

Scanned by CamScanner

وەکوو هەموو شەوەکانی تر کە کاتێک بە تەنها خۆم بووم قسەم لەگەل ئەکرد، حەز ئەکەم قسەکانی دڵم بە مانگ بڵێم، من نامەوێت ئەم ژنە ئەمشەو لە تەنیشتم بڕوات و نامەوێت دەست لە قژیشی بدەم، ئەمە چ شەوێکە منی تێکەوتووم، بە بێدەنگی شەودا دیارە کە تەواوی لادێکەمان ئیستا چاویان لەخەودایە، هەندێکیان بەو خەیاڵەوە خەوتوون کە بەیانی چ کارێک بکەن، ئەکرێت و ڕێیشی تێ ئەچێت هەندێکیان بەبێ بیر کردنەوە چاویان چووبێتە خەو و ئێستا لە قوڵایی خەودا بن، من زۆر سادە لەوە ئەگەم کە ئەم ژنە چی ئەوێت، بە دڵنیاییەوە ئەیەوێت لە تەمەنیدا شەوێک بە دڵی خۆی تێبپەڕێنێت هیچیتر، بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە ئەو لەوە ناگات چی بە ناو دڵی مندا گوزەر ئەکات، من دڵنیام دوای کۆتا هاتنی ئەم شەوە بۆ دووبارە نەبوونەوەی خەفەت ئەخوات و هەمیشە لەسەر دڵی ئەمێنێتەوە ، ئینسان ئەگەر شەوێک یان بۆ کاتێکی کەمیش بە دڵی خۆی ژیان بکات لەگەڵ کەسێک کە دڵی ئەیەوێت بێگوومان دواتر تا پیر ئەبێت بە خەیاڵی ئەو کاتەوە ئەژی و هەوڵی دووبارە کردنەوەی ئەدات، منیش نامەوێت ئەم ژنە ئەوەی بەسەر بێت، چوونکە لە ڕاستیدا ژنەکان وەکوو پیاو دڵتەنگ نابن، زۆربەی کات لە بێدەنگیدا ئەگرین ، یان لە ناو ژورێکی چۆڵ دا ئەنیشن و تا ڕادەی خەفە کردنی خۆیان خەفەت لە شتەکان ئەخۆن، ئەوان وەکوو پیاو نین ئەتوانن لەگەڵ هەموو کارەکانیاندا بیر لەو کەسە بکەنەوە کە خۆشیان ئەوێت، لە ڕاستیدا زۆر جار کارەکەیشیان ڕیگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی بیر لە یادگاریەکانیان بکەنەوە، بۆ نموونە ژنێک خەریکی چنینە،

ملیپێچێک ئەچنیت ، زۆر ئاسان ئەتوانێت بە خەیاڵ بۆ کەسێکی ناو دڵی بچنێت، یان گەسکدان ، هەموو ژنەکان لە کاتی گەسکداندا تا ماوەیەک ئەتوانن لە زەویەکەو گەڵا وەریوەکان بڕوانن دواتر خەیاڵە کانیان لە ئاسمانەکان سەما ئەکەن، یان قاپ شتن زۆرێک لە ژنەکان بە نازێکەوە دەست لە قاپەکان ئەدەن وەکوو ئەوەی ڕۆح لەبەرێک بێت و بە ناسکیش لە شوێنی خۆی دایئەنێنەوە ،لە ڕاستیدا ژنەکان کە ڕۆژێک توانیان بە دڵی خۆیان بژین دواتر ئەتوانن تەواوی تەمەنیان و کارەکانیان تێکەڵ بەو کاتانە بکەن کە ناگەڕینەوە، بەڵام خۆ ئەم ژنەی تەنیشتی من و کە سەری لەسەر سنگمە ژنێک نیە ئەوەندە ئازاری نەبینیبێت و کەسێکە لە دڵتەنگیەکانیدا وەختە بمرێت، هەندێکجار وا هەست ئەکات کەس بە قەدەر ئەم لەبیر کراو نیە، ژنەکان ئەگەر فەرامۆشبکرێن و گرنگیان پێ نەدرێت تاقەتیان نامێنێت، ژن بوونی خۆیانیان خۆش بوێت، کارەساتێکی گەورەیە ژنەکان ژن بوونی خۆیان خۆش نەوێت، چوونکە ئەوکاتە هیچ شتێک دڵ خۆشی ناکات هەروەکوو ڕۆبۆتێک دێن و دەچن وەکوو هەموو بوونەوەرەکانی تر ژیان ئەکەن،

بە ئەستەم سەری لەسەر سنگم ئەجوڵێنێت بۆ ئەوەی باشتر شوێنی سەری خۆی بکاتەوە، هەروەکوو چۆن کەسێک کە ئەیەوێت بخەوێت چەند جارێک لەسەر پشتیەکە سەری ئەجوڵێنێت تا ئەو بارە ئەدۆزێتەوە کە جاران وا خەوتووە، وەکوو شتێک هەستم ئەکرد ئەمیش هەمان کار ئەکات، ئاسوودەییەک بە گیانمدا هات چوونکە دیارە قسەکەی پێشووی خۆی بیر چووەتەوە کە داوای کردبوو دەستم

بخەمە نێو قژیەوە، لە بێدەنگی خۆیدا رۆچووە ئەگەر لێی گەڕێم ڕەنگە چەند ساتێکی تر خەوی لێ بکەوێت، ئاگادارم بە شێوەیەک سەری بە سنگمەوە ئەنێت وەکوو ئەوەی بیەوێت بۆنم بکات یانی دەم و لوتی و چاوی لە سنگم ئەخشێنێت، منیش زیاتر هەناسەکانی خۆمم هێواش کردەوەو بۆ جارێکی تر هەناسەکانی خۆمم ڕاگرت، دواتر گوێم لە دەنگی هەناسەکانی ئەو گرت ئاگادار بووم خێرا هەناسەی ئەدا، دەنگێکی خنکاویش لە سیەکانیەوە ئەهاتە دەرەوە، دەستم لە ناو دەستیدا دەرهێناو لە ڕوومەتی نزیکم کردەوە، پێش ئەوەی دەستم بەر ڕوومەتی بکەوێت دەستم بەر تەڕی ڕوومەتەکانی کەوت، ئەم ژنە کە ئەو ماوەیە بێدەنگ ماوەتەوە خەریکە ئەگری، ئەوەندە گریاوە تا فرمیسکەکانی کەوتوونەتە سەر ڕوومەتەکانی، دەستم لەسەر ڕوومەتی وشک ئەبێت و ناتوانم بیجوڵێنم بۆ ساتێک نازانم چی بکەم دڵنەوایی بکەم یان لێ گەڕێم بە دڵی خۆی بگری تا هیچ نەبێت باری قورسی دڵتەنگیەکەی لەسەر شان سوک ببێت، دەستم بە هێواشی بە بێ ویستی خۆم لەسەر ڕوومەتەکانی ئەخشێنم و فرمیسکەکانی پاک ئەکەمەوە، ژنەکان دۆستایەتیەکی زۆریان لەگەڵ گریان هەیە، من پیاوێکی دڵ ڕەق نیم بەڵام هەمیشە بەلامەوە پێکەنین چەندە جوان بووە لە ژن ئەوەندەیش گریانیان لێ جوان بووە، من وابیر ئەکەمەوە، کاتێک ژنەکان بۆ شتێک ئەگرین یانی ئەوەیان زۆر لا گرنگە ، مەرج نیە هەمیشە بۆ لەدەستدان بگرین، هەندێکجار کەسێکیان ئەوەندە خۆش ئەوێت ئەوەندە بیری ئەکەن ناتوانن ڕێگا لە فرمێسکەکانیان بگرن و نەیەتە خوارەوە، من ئەو گریانەم لا جوانەو

زیاتر ژنێتی ئەو کەسەم پیشان ئەدات، دەستم هەر لەسەر ڕوومەتەکانی جێ هێشتووەو بە دەنگێکی سۆزدارانە و کەمێک لەسەر خۆوە پێم ووت

ـ ئەگەر لەم کاتە درەنگەی شەودا گوێ بگریت بۆ دەنگی شەو زۆر بەکەمی دەنگی پێکەنینت بۆ ئەهێنێت،ئەوەی لەم کاتەی شەودا بەخەبەر بێت بە دڵنیاییەوە ئازارێکی هەیە،یان بیر لە کەسێک ئەکاتەوە، بڕوانە دۆستی من ئێمە هەمیشە ئازار ئەدرێین بە دەستی ئەوانەی کە خۆشمان ئەوێن، بەڵام ئەگەر ئازاریشمان نەدەن باوەڕ ناکەم بتوانین خۆشمان بوێن، هیچ شتێک وەکوو عشق و ئازار گرێنەدراوە بەیەکەوە، تەواوکەری یەکن، بمبوورە کە من ناتوانم ئەوە بکەم کە دڵی تۆ ئەیەوێت، چوونکە ناتوانم دواتر بەو شێوەیە گرنگی بە دڵت بدەم کە خۆت ئەتەوێت، ئەوەیش ئازارێکی زۆر لەوەی ئێستا کە هەتە بۆت ئەهێنێت،

کە من خەریک بووم ئەو قسانەم بۆ ئەکرد، شەو لە نیوەی زیاتر تێپەڕێووەو تەواو دوونیا بەرەو ساردی ئەچێت، شنەبایەکی زۆر فێنک لە ژێردا هەڵی کردوو هەموو قژی ئەوی بە دەموو چاوی مندا پەرش و بڵاوە کردەوە، پێوەی دیار بوو کەمێک هەست بە سەرما ئەکات چوونکە ئەو دەستە جلانەی لەبەر کردبوو کە بە دزی کاک غەریبەوە لەبەری ئەکردن، ناسک و تەنک،دەستەکانی لە کەمەرم ئاڵاندو زیاتر توووند کردەوە زیاتر هەستم بە قورسایی سەری کرد لەسەر سنگم، بە شێوەیەک لەگەڵ هەموو هەناسەدانێکی مندا کەمێک سەری ئەو لەسەر سنگم بەرز ئەبووەوە، ئارەزووم ئەکرد پڕ بە دڵی

بگری ئەوەندە بگری تا ئەو خەمەی گەورەیەی کە لە دڵیدا خەفەی کردووەو پەنگی خواردۆتەوە لەگەڵ فرمێسکەکانیدا بهێنێتە دەرەوە ، تا هیچ نەبێت سوکناییەک بۆ دڵی بێت و کەمێک ئارام بێتەوە، ژنێک لە تەنیشتمەو خەریکە ژنێکتی خۆیم پیشان ئەدات، بەردەوام بووم لە قسە کردن

ـ هەموومان بە دوای ئەو وێنەیەدا ئەگەڕێن کە لە مێشکماندا کێشاومانە، ڕەنگە لە ڕاستیدا ئەو وێنەیە بوونی نەبێت، یان ڕەنگە ئێمە هەرگیز نەیدۆزینەوە، بەڵام ئێمە خۆمان مەحکووم ئەکەین بە خۆشویستنی ئەو وێنەیەی ناو خەیاڵەکانمان،وێنەیەک کە ئەمڕۆ لە خەیاڵەکانماندا ئەیکێشین و دواتر ئازارمان ئەدات، بە ڕادەیەک ئازارمان ئەدات کە بڕیار ئەدەین چیتر بیری لێ نەکەینەوە ، بەڵام ناتوانین، ژیان هیچ کات بەو شێوەیە ناچێت بەڕێوە کە ئێمە ئەمانەوێت، ژیان هەمیشە لەوە کەمترمان پێ ئەدات کە بیرمان لێ کردووەتەوە، سەختە بتوانین ئەمە قبوڵ بکەن، هەمیشە ئەکەوینە ململانێیەکی قورسەوە لەگەڵی، بەڵام هەندێکجاریش خۆمان ئەدەین بە دەستەوەو تەسلیم ئەبین، کاتێک خۆمان ئەدەین بە دەستەوە کە تەواو نا ئومێد بووبین، ئەمەیش لە ڕاستیدا خۆی گەورەترین خەم بۆ ئینسان ئەهێنێت، چوونکە هەمیشە ئێمە وا دروست کراوین لە ململانێدا بژین و ڕووبەرووی ئەوە ببینەوە کە ناتوانین ڕاستی قبوڵ بکەین. بەڵام واز لەوە بهێنە من ئێستا کە چاووم دا ئەخەم ژنێک ئەبینم لە ژێر درەختی بن شاخەکە بە تەنها خۆی دانیشتووە، عەزیەکی سپی لەبەرەو گوێی هەڵخستووە بۆ دەنگی با، بایەکەیش نا ئومێدی ناکات و لە هەموو

لایەکەوە دەنگی چۆلەکەکانی بۆ کۆ ئەکاتەوەو ئەیدات بە گوێیدا، هەندێک چڵە گیایش زۆر بەرز بوونەتەوە لەبەر پێیدا تا نزیکی ئەژنۆی دێت، لەگەڵ شنەبا کەوتوونەتە سەما کردن و خۆیان لە قاچە رووتەکانی ئەخشێنن، ئەگەر زیاتر لە گیاکە وردبیتەوە چەند گوڵاڵەیەکی سوور و مۆریش ئەبینیت کە بە شنە بایەکە سەریان بە نەرمی ئەجوڵێنن و داوا لە ژنە ئەکەن لە باوەشیان بگرێت، چەند ژنێکی میهرەبانە دڵی ئەوانەی پێ ناشکێت، پڕ بە باوەشی لە گوڵەکان کۆ ئەکاتەوەو لە باوەشیان ئەگرێت، گوڵەکان ئەو باوەشە پڕ لە میهرەبانی و سۆزەیان لا خۆش ئەبێت، کە گوڵەکان دا ئەنێتەوە ئەبینێت هەموو گوڵەکان بە عەزیە سپیەکەیدا خۆیان هەڵواسیوە، عەزیەکەی بەری بووە بە عەزیەکی گوڵدار.

من لێرەدا قسەکانم وەستاند، وەکوو چۆن منداڵێک دوای گریان خەوی لێ ئەکەوێت هەندێکجاریش ئەوەندە زوو خەوی لێ ئەکەوێت کە هێشتا فرمیسکەکانی سەر ڕوومەتی وشک نەبوونەوە ، ئاگادار بووم ئەم ژنەیش کە سەری لەسەر سنگم داناوە زۆر زوو بە قسەکانی من خەوی لێ کەوت،

بەڵام ناکرێت ئەم ژنە بە درێژایی شەو لێرە بمێنێتەوە ، هەر ئەوەندە بەسە کەمێک دوونیا ڕووناک ببێتەوە، خەڵکی ئاوای زۆر زوو بە خەبەر دێن و ئەچنە سەرکار، بە دڵنیاییەوە دواتر گەڕانەوەی بۆ ماڵەوەو وە ئەوەی کەسێک نەیبینێت زۆر کارێکی قورس ئەبێت، بەڵام جارێ هێشتا نزیکی دوو کاتژمێر یان زیاتری ماوە کە دوونیا ڕووناک ببێتەوە ، دڵم نایە خەبەری بکەمەوە هەرچەندە من ڕا

نەهاتووم کەسێک سەری لەسەر سنگم دابنێت و بخەوێت، بەڵام ئاسوودەییەک تەواوی دەروونمی داگیر کردووەو پێم خۆشە پڕ بە هەردوو سیەکانم هەوای شەو هەڵبمژم، گوێم هەڵبخەم بۆ ئەو بێدەنگیەی کە شەو بەسەر هەموو لادێکەدا بڵاوی کردووەتەوە، بەهێواشی دەستم لەسەر ڕوومەتەکانی خشاندوو فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتیم وشک کردەوە، هەردوو دەستم لە پشت سەرم داناو لە ئاسمانی تاریک و پڕ ئەستێرە وورد بوومەوە. مینا ئێستا لە ژوورەکەی خۆی راکشاوەو قژی بەسەر سەرین و جێگای خەوەکەیدا پەرش و بڵاو بۆتەوە، ئەمرۆ بەختم هەبوو مینام بەبێ لەچک بینیوە بۆیە ئەتوانم ڕوونتر قژی لە ناو خەیاڵەکانمدا وێنە بکەم، بە بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەی سنگە بچووکەکەی ئەتوانم هەست بەوە بکەم کە چەندە ئارام هەناسە ئەدات و چەندە لە خەوێکی قووڵدایە ، ئەگەر لە بیرم نەچێتەوە ئەوا بەیانی ئەم چەند دێرە نوسینە لەسەر دەفتەرە بچووکەکەم زیاد ئەکەم کە بۆ مینای بنوسم

" لەم تاریکە شەوەدا
بێدەنگ و هێواش
لەسەر خۆ
بە هەنگاوی نەرم
پێمخۆشە تا بەردەرگای ژوورەکەت بێم و
لە دەرگا نەدەم و بێمە ژوورەوە
وەکوو چۆن پەپوولەیەک
لەسەر گوڵیک بێ ئەوەی بیژاکێنێت

بە ئەسپایی ئەنیشێتەوە

منیش

لەسەر چاوە داخراوەکانت دوو ماچ بە جێ بهێڵم و

بە شوێن خۆمدا بگەڕێمەوە "

لە ڕاستیدا قورسی سەری ئەم ژنە لەسەر سنگم و دەنگی هەناسە نەرمەکانی و بۆنی قژی زیاتر یارمەتیم ئەدات وێنەی مینا لەبەر چاوم تۆخ ببێتەوە، دەستی لە کەمەرمدا شل بووەتەوەو دەنگی هەناسەدانی ئەبیستریت، ناپرخێنێت بەڵام شتێک وەکوو پرخاندن لە هەناسەدانیدا ئەبیستم، ئەوەیش ڕەنگە هۆکارەکەی ماندوویتی بێت، وا دیارە لە خەوێکی قوڵدایە، رەنگە ئەگەر بە دەستی خۆی بێت نەیەوێت هەرگیز بەخەبەر بێت ، هەندێکجار ئەوەندە ماندوویت لە ژیان ئەوەندە ژیان بێ ویستی تۆ ئەچێتە پێشەوە کە خەوت لێکەوت پیت خۆش نیە خەبەرت ببێتەوە، جەستەی لە جەستەی مردوویەک ئەچێت، هەموو قورسایی خۆی خستووەتە سەر سنگ و کەمەری من، کاتیش لە بانگی بەیانیش زۆر نزیک بووەتەوە، یانی زۆر لەوە نزیک بووەتەوە کە خەبەری بکەمەوە، خۆیشم زۆر هەست بە ماندوێتی ئەکەم و خەوم دێت، هەندێکجار چاوەکانم بەرەو ئەوە ئەچن خۆیان دابخرێن، ناوێرم چاوم لێک بنێم، چوونکە ئەوەندە خەوم دێت ئەترسم کە چاوم داخست تاقەتی کردنەوەیانم نەبێت و بە تەواوی خەوم لێ بکەوێت، من ئەوە لە تەنیشت ژنێکەوە راکشاوم بەڵام هەرگیز لە تەنیشت ژنێکەوە خەوم لێ نەکەوتووە، ڕەنگە ئەگەر خەوت لێ بکەوێت خەوی خۆش ببینیت، یان ڕەنگە خەو بە حەوزێکی ماسیەوە ببینیت کە ماسی سوری بچووکی

تیا بێت، ڕەنگە زۆر خەو ببینیت، مـن چوزانم ئەمانە تـەنها هەستن، یانی وا بیر ئەکەمەوە ئەگەر نا خۆ من تا ئێستا خەوم لێنەکەوتووە لە تەنیشت ژنێکەوە،

ئـەبێت ئێستا خەبەری بکەمـەوە، چوونکـە سـەلامەتی ئـەو لـە پێش هەموو شتێکەوەیە، شانەکانیم زۆر بە هێواشی ڕاوشاندو بە دەنگێکی نزم بانگم کرد تا خەبەری بووەوە و ئینجا ووتم

ـ سەیرکە ، کەمێکی تر بانگی بەیانی ئەدات، کـەمێکی تـر دوا بکەویت لە گەڕانەوەت بۆماڵەوە، بۆ تۆ زۆر خراپ ئەبێت

ـ هەردی گیان بمبوورە

ـ لەبەر چی؟! من شتێک نادۆزمەوە کە نیگەرانی کردبم

ـ بە هەرحاڵ من ئەمشەو بارێک بووم بەسەر دڵتەوە

ـ تۆ خەریکیت قسەی سەیر بۆ من ئەکەیت، مـن تـەنها کـەمێک ماندووم و کەمێک خەوم دێت، ئەگەر نـا زۆر لـە شـەوەکانی تر ئاسوودە ترم، بەڵام بمبوورە کـە ئەمـە ئـەڵێم مـن نامـەوێت شـەوی وەکوو ئەمشەو دووبارە ببێتەوە

ـ بۆ من هەڵەیەکم کردووە ؟ شتێکم کردووە؟

ـ نا نا ، بەڵام من پیاوێکم زۆر زوو خوو ئـەگرم بـەو کـەسانەوە کە لـە دڵمـەوە نـزیکن، یـان ئازارەکانیـان نـزیکن لێمـەوە، ئـەوەیش کارێکی ئەوپەڕی شێتانەیە، کـە مـن هـۆگری تـۆ ببم یان تۆ هۆگری خۆم بکەم، بەڕاستی من نامەوێت ئەوە ڕوووبدات، هیوام وایە تێبگەیت لەکوێوە قسە ئەکەم

Scanned by CamScanner

ـ تێگەیشتم لێت، جارێکی تر سوپاس بۆ هەموو شتێکت

ـ ئاگاداری خۆتبە

پشتی تێکردم و بە هێواشی چووە خوارەوە، تا گەیشتە حەوشەکەیان سەیرم کرد، ئاسوودە بووم کە بێ هیچ کێشەیەک گەیشتەوە ماڵەوە.

ڕۆژ بووەتەوە بە زۆر شتەوە ئەمەوێت خۆم سەرقاڵ بکەم و ئەوەی کە شەو ڕوویداوە لەبیرم بچێتەوە، دووبارە خۆم ئەدەمەوە دەستی خەیاڵەکانم و بە ناو کۆڵانکاندا ڕێ ئەکەم و بەلای ماڵی مینادا تێ ئەپەڕم و بە چاو سڵاوێک لە مینا ئەکەم و خۆم لە دووکانەکەدا ئەبینمەوە، لە سوچێکەوە دانیشتم و تەواوی ئەو گەنجانەی کە کاریان نەبوو لەوێ بوون ، پیاوی بە تەمەنیشی لێبوو،دوو مامە حاجی کەمێک لەو لای منەوە دانیشتبوون، یەکی جگەرەکیان بە دەستەوە بوو، مژیان لە جگەرەکەی دەستیان ئەداو قسەیان ئەکرد، ئەگەر کەسێک لە دوورەوە لەوانی بڕوانیبایە وا ئەهاتنە بەرچاو کە تەوای خەمی لادێکە لەسەر شانی ئەمان کۆبووەتەوە، چەند گەنجێکی تریش لەولا تر دانیشتبوون و قسەو گاڵتەیان ئەکرد، هەر لە تەمەنی مندا بوون ، بەڵام من چوونکە کوڕێکی بێدەنگ بووم بۆ کۆبوونەوەکەی ئەوان بە کەڵک نە ئەهاتم،

" ژنەکەی وەهاب جنۆکە چووەتە مێشکیەوە ، حاڵی باش نیە "

ئەو قسەیە لەسەر زمانی مامە حاجی یەکەی بەرامبەرم تەنها جارێک کەوتە خوارەوە لە ناو گوێی مندا هەزار جار دەنگی دایەوە، ڕەنگە پێشتر هەزار جار باسی کاک وەهاب و ژنەکەی و ماڵیان

کرابێت، بەڵام کوا من گوێم بۆ قسە هەڵخستووە تا بزانم خەڵک چی ئەڵێن و باسی چی ئەکەن، بەڵام ئیتر ئەمجارە زۆر جیاوازە باسی دایکی مینا ئەکەن، حاجی دووەم نەفەسێکی دا لە جگەرەکەی و وەڵامی دایەوە " فەقیر وەهابیش ناتوانن ئەو کوڕەیان لەبیر بکەن، ئێشی جگەر سووتان سەختە" حاجی یەکەم وەڵامی دایەوە بە دەنگێکی نزم تر " وایە ڕاست ئەکەیت سەختە"

کاک وەهاب کوڕە گەورەکەی دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، نزیکی ساڵیک یان کەمتر لەمەو پێش،مین و تەقەمەنی لە کاتی شوانیدا هێنابووەوە بۆ ماڵەوەو لە حەوشەکەی خۆیاندا دەستکاری تەقەمەنی کردبوو، کوشتبووی، من ئەمەم تەنها بە بیستن بیست بوو وە تەنها جارێکیش چوومە دەرەوە قەرەباڵغی پرسەکەیم بینی بوو لە دوورەوە، ئەگەر نا من پێشتر هیچ هەستێکم بۆ مینا نەبوو ، ئێستایش ئەم مامە حاجیانە نەبوونایە من ئەوەم هەر بیر نەمابوو، بەڵام ئەمان مەبەستیان چیە کە دایکی جنۆکەی تێچووە؟! یانی چی بەسەر هاتووە؟! ئەی مینا چ حاڵێکی هەیە بە دەست دایکیەوە؟! بێ ئەوەی بترسم لەوەی کە ئەو مامە حاجیانە ئەمبینن جگەرەیەکم داگرساندوو دەستم شاردەوە، ئەو هەواڵە تەواو منی وڕو گێژ کرد، بۆ ساتێک هەستم نەکرد لەسەر زەویم، ناتوانم بیر بکەمەوە تەنها یەک وێنە دێتە بەرچاوم ئەویش دایکی مینایە ، جلێکی شڕی لەبەر دایەو قژی هەمووی ئاڵۆسکاوەو هاتووەتە سەرچاوی و ئەگری نینۆکی دەستەکانی بەسەر ڕوومەتی خۆیدا ئەخشێنێت و برینداری ئەکات و ئەگری، ئەوەندە ئەگری تا چاوی فرمێسکی لێ ئەبڕێت و توانای

گریانی نامێنێت دواتر پێکەنینێکی گاڵتەجاڕیانە پێ ئەکەنێت، کە قاقای پێکەنینەکەی لە تەواوی لادێکەماندا دەنگ ئەداتەوەو تەواوی چۆلەکەکانی حەوشەکەیان ئەفڕن، بە جۆرێک قاقا لێ ئەدات هەندێک لەو گەڵایانەی کە بە ئەستەم خۆیان نووساندووە بە دار تووەکەوە بەر ئەبنەوە ، ئەکەونە سەر لاپەڕەی کتێبەکەی دەستی میناو نایەڵێت بیخوێنێتەوە، میناش زۆربەی کاتەکانی لە بن دارتووەکەی حەوشەکەیان دانیشتووەو چووەتە ناو دوونیای خەیاڵەوە نازانیت شتێک ئەخوێنێتەوە یان لە ناخی دڵیەوە خەریکی نزاکردنە بۆ دایکی، کە بیر لەو قسەیە ئەکەمەوە " جنۆکەی تێچووە" هەستێکی زۆر ناخۆش تەواوی بوونم داگیر ئەکات، بۆچی من تا ئێستا ئەوەم نەزانیوە، لە بەر ئەوەی زۆر تێکەڵی خەڵک نابم هەواڵەکان لە هەموو کەسێک درەنگتر ئەگەن بە من تەنانەت هەواڵی ماڵی میناش، ناتوانم بۆ چرکەیەکیش وێنەی دایکی مینا لەبەر چاوی خۆم لاببەم، ئەوەتا لەبەرچاوی مندا ئەگری و هاوار ئەکات و شت ئەشکێنێت، کتێبەکانی مینا پەرش و بڵاو ئەکاتەوە، هەندێک جاریش بێدەنگ ئەبێت و لە سوچێکی ماڵەکە بە دیمەنێکی غەمگینەوە دا ئەنیشێت، هەندێک جاریش لە نیوەی شەودا کاتێک مینا و هەمووان خەوتوون ئەو لە ناکاو هاوار ئەکات وئەگری میناش لە خەو ڕا ئەپەڕێنێت، من ئەمانە تەنها بە خەیاڵ وێنەیان ئەکەم بەڵام دڵنیام مینا بەڕاستی هەموو ئەمانە ئەبینێت، کاک وەهابیش دانیشتووە نازانێک خەم لە کامیان بخوات لەو کوڕەی کە جێی هێشتووە یان لە ژنەکەی کە تەواو خۆی لە دەست داوە، چ جۆرە ژیانێک لە ماڵی مینا ئەچێت

بەڕێوە؟ ناتوانم وەکوو خۆی وێنەی بکەم، بەڵام بەپێی قسەکانی ئەو دوو حاجیە بێت حاڵی دایکی مینا هیچ باش نیە، چوونکە لێرە بە کەسێک ئەڵێن جنۆکەی تێچووە کە تەواو هۆش و خەیاڵی لە دەست دابێت و وەکوو شێتێک هەڵسووکەوت بکات،

ئەم ماوەیە ڕۆژەکانم هەمووی لەیەک ئەچن شەوەکانیشم بە هەمان شێوە، هەموو شەوێک کۆمەڵێک قسەم لە مێشکمدا دا ئەنا کە ڕۆژ بوویەوە بە مینای ئەڵێم و خۆم ڕزگار ئەکەم لەو دوو دڵیەی کە تێکەوتووم بەڵام وەکوو جارەکانی تر تێگەیشتم من تواناى ڕوو بە ڕوو بوونەوەی مینام نیە، ڕاستی وەکوو هەموو جارەکانی تر من نە ڕۆژ ئەژمیرم تا بزانم چەندە تێپەڕی کە من ئاوا مامەوە بەڵام لە پێنج مانگ زیاتر بوو، کە هەموو ڕۆژێک بەیانیان و ئێواران ئەبوایە جارێک بە تەنیشتی ماڵی میناادا تێپەڕیمایە، وای بە حاڵی من ئەگەر ڕۆژێک نەمبینیبایە بە درێژایی شەوەکەی نە ئەخەوتم هەزار و یەک پرسیارم لە مێشکدا دروست ئەبوو کە بۆ مینا ئەمڕۆ دیار نەبوو، بۆ کوێ چووە؟ نەخۆش نەبێت؟ یان وەڕس نەبووبێت لە بینینی من؟ زۆر پرسیار ئەهاتە مێشکمەوە ئەوەندەم پرسیاری بێ وەڵام ئەکرد لە خۆم تا ئەو شەوەم بە بێ خەو تێدەپەڕاند، هەر ڕۆژێک کە ئەڕوات وا هەست ئەکەم زیاتر هۆگر ئەبم بە بینینیەوە، زیاتر شتەکانی تر ئەخەمە لاوە تا هیچ شتێک نەمێنێت کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بیرکردنەوەم لە مینا، خۆم ئەدزیەوە لە بینینی هاوڕێکانم، لە ڕاستیدا ئەوان بە بێ من بۆ هیچ شوێنێک نە ئەچوون بەڵام من وام لێهاتووە حەز ئەکەم بۆ تەواوی ئەو شوێنانەی کە ئەچم بە تەنها بم، تۆ ئەگەر

تا ئێستا کەست لە دڵتدا بە بێدەنگی هەڵنەگرتبێت ناتوانی لەم هەستەی ئێستای من تێبگەیت کە بۆ ئارەزووی ئەوە ئەکەم بە تەنیابم، ئەم ڕۆژانە کە لە من تێ ئەپەڕن هەندێکیان بە ئەندازەی ساڵێک درێژ بوون، ناکرێت هەموو ڕۆژەکان باس بکەم کە چیم کردووەو چیم نەکردوە بەڵام وەکوو وتم ئەوپێنج مانگ زیاترم بەم شێوەیە تێپەڕاند کە لە یەک ئەچوون ڕۆژەکانم و شەوەکانم ، بەڵام هێشتا حاڵی دایکی مینا باشتر نەبووە بگرە خراپتر بووە ، وەکوو ئەوەی هەمیشە لە دووکانەکەوە لە دەمی ئەم و ئەوەوە ئەیبیستم، ئەڵێن ئەو ژنە ناتوانێت لەو ماڵەدا بژی ، هەمیشە ئەکەوێتەوە بیری کوڕەکەی،ئەوەندەی من ئاگادار بووم چەندین جار بۆ سەردانی دکتۆر بردیان بۆ شارو هێنایانەوە، هیچ کام لە لە دکتۆرە دەروونیەکان نەیان توانی باشتری بکەن، لە گەڵ ئەوەیشدا کاک وەهاب نا ئومێد نە ئەبوو هەرجارەو بۆ لای دکتۆرێکی نوێی ئەبرد، بەڵام بێسوود بوو.

یەکێک لەو ڕۆژانەی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە کۆتایی هاوین بوو تازە بەوەم زانی بوو کە مینا هەندێک جار ئەچێت لە کانیەکەی تەنیشتی خۆیان ئاو ئەهێنێت، وتم چاودێری ئەکەم تا ڕۆژێک بڕوات بۆ کانی و ئاو بهێنیت منیش ئەچم بۆ لایی و قسەی لەگەڵ ئەکەم،ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر نایاب بوو کە هاتبوو بە خەیاڵمداو، چەندین شەو پلانم بۆ ئەوە داناو بیرم لە قسە گەڵێک کردەوە کە ئەبێت بە مینای بڵێم و خۆم و ئەویش ئاسوودە بکەم.خۆشبەختانە ئەڵێی ئەمرۆ ڕۆژی بەختی منە، پێش نیوەڕۆ مینام بینیم تەنەکەیەکی بە دەستەوە بوو بەرەو کانیەکە ئەڕۆیشت، راستی

Scanned by CamScanner

کانیەکە دوور نەبوو لە ماڵی خۆیانەوە هەر نزیکی دوو سەد مەترێک ئەبوو ئاسان نەبوو بۆ من کە بەبێ ترس بچم و قسە لەگەڵ مینا بکەم، مینا بێ لە خوشکێک کە لە خۆی منداڵترە برایەکی هەیە کەمێک لە مینا گەورەترە باوکیشی گەنج بوو هەر پەنجا ساڵێک ئەبوو رەنگە کەمتریش، کانیەکەیش نزیکی خۆیان بوو بۆیە ئاسان نەبوو کە نەترسم کەسێکیان بمبینێت،چۆن بتوانم بگەمە میناو کەسێکیش من و ئەو بەیەکەوە نەبینێت، کاتی بیر کردنەوەم نەماوە چیتر مینام بینی قۆڵی ماکسیەکەی تا ئەنیشکی هەڵکردبوو، بە دەستێکی تەنەکەکەی بە دەستەوە گرتبوو دەستەکەی تری کەمێک لە ماکسیەکەی هەڵکردبوو یانی کە هەنگاوی ئەنا قاچێکی تانزیکی کەمێک خوار ئەژنۆیەوە دەر ئەکەوت، قاچەکەی تریشی تۆزێک کەمتر،سەیری بە ردەمی خۆی ئەکردوو هەنگاوی ئەنا منیش لە پشتەوە ئەمبینی، بە هێواشی هەنگاوی ئەنا زۆر هێواش دەمێک ئەمووت بۆیە وا بە هێواشی ئەڕوات چوونکە بیر لە شتێک ئەکاتەوە و خەیاڵی رۆیشتووە، دەمێک ئەمووت نا ڕەنگە بەزەیی بە گیای سەر زەویەکەدا بێتەوەو دڵی نەیەت پێی لێ بنێت، کەسەکان وەکوو یەک ناچن بە ڕێگادا زۆر کەس لەبەرچاوی من و تۆدا بە ڕێگا ڕۆیشتوون بەڵام هەمیشە کەسێک هەیە کە ئەڕوات هەنگاوەکانی ئەژمێریت ، بە دڵ گوێ بۆ دەنگی پێی ئەگریت، کەسێک هەیە ئارەزوو ئەکەیت هەمیشە بە ڕێگادا ڕۆشتنەکانی بەرەو ڕووی تۆ بێت، مینا هەنگاوی ئەنا بەرەو کانیەکە منیش دوور بووم لێوەی ڕووم نە ئەهات کە پێم بزانێت ئەگەر بێت و ئاوڕی بدایەتەوە و

منی ببینیایە گومان ئەکەم کە ئەژنۆکانم وشک بوونایە هەرگیز بۆ
بارێکی تر نەکەوتنایەتەوە جوڵە، تەنها بیست مەترێکی مابوو بگاتە
کانیەکە منیش هەنگاوەکانم خێرا کردوو ڕۆیشتم بە دوایدا،هەستم پێ
ئەکرد کە دڵم خۆی ئەکێشێت بە سنگمدا هێندە خێرا لێ ئەدا لەگەڵ
هەر هەنگاوێکمدا ئەتوانم بڵێم زیاتر لە چوار جار دڵم لێی ئەدا تا
ئێستا بینیوتانە باڵندەیەکی کێوی کە بۆ یەکەم جارە بخرێتە نێو
قەفەسەوە ڕا نەهاتووە لەگەڵ قەفەس بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە
خۆی ئەکێشیت بە قەفەسەکەدا تا بێتە دەرەوە کە نزیک ئەکەوتمەوە
لە مینا دڵی منیش بە هەمان شێوە بوو لە ناو قەفەسەی سنگمدا، لە
ژێر کۆنترۆڵی خۆمدا نەمابوون جوڵانی قاچەکانم خۆیان بەرەو مینا
ئەچوون، شتەکان لەبەر چاوم ڕوون نەبوون وەکوو شتیکی خەیاڵی یان
وەکوو تارماییەک زەویەکەی ژێر پێی خۆمم ئەبینی کە پێم لەسەر
زەویەکە دا ئەنا هەستم بەوە نە ئەکرد کە پێم بەر زەویەکە ئەکەوێت،
گوێم لە دەنگی پێی خۆم نەبوو وام هەست ئەکرد ئەو دەنگی پێیە
دەنگی پێی کەسێکی ترە نەک خۆم ، هەنگاوێک زیاتر لە مینا
نزیـک ئەکەوتمـــەوە دەمـــارێکی زیـــاتر لـــە لەشـــمدا ئەکەوتـــە
جوڵە،دڵۆپێک ئارەق زیاتر ئەکەوتە نێوچاوانم، بەرچاوم زیاتر لێڵ
ئەبوو نزیکی دە مەترێک لە میناوە دوور بووم وەکوو تارماییەک
هاتە بەرچاوم ، کە دانیشتبوو کەمێک خۆی چەماندبوویەوە بۆ لای
ئاوەکە تەنەکەی ئاوەکە پر کردبوو، دەستی خستبوویە ناو ئاوەکەوە
کەمێک لە قژە ڕەشەکەی لای گوێیەوە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبووە
دەرەوە کە نەی ئەهێشت من چاوی مینا ببینم، بە دەستی چەپی

Scanned by CamScanner

تەزوویەک لە بنی پێمەوە قژی لادایەوەو ئاوڕێکی دایەوە منی بینی، تەزوویەک لە بنی پێمەوە ئەهات لەسەرمەوە دەر ئەچوو لە سەرمەوە ئەهات لە بنی پێمەوە دەر ئەچوو، ئەژنۆم، دەستم ، چاوم، دلم ،هەموو گیانم ئەلەرزی وام هەست ئەکرد ئەکەوم هەموو شتێک لەبەر چاومدا ئەجولایەوە درەختەکانی تەنیشتی و بەرد و گیاکانیش ئەجولانەوە، بۆ ساتێک وام هەست ئەکرد درەختەکانی تەنیشت کانیەکە بە دەوری مینادا ئەسوڕێنەوە، منیش وەکوو گەلایەکم لێ هاتبوو کە کەوتبێتە ناو ئاوێکەوە هاوسەنگی خۆی لە دەست ئەدات و بەم لاو بەو لادا ئەکەوێت، نازانم سەیری کوێ ئەکەم سەیری ئاسمان ئەکەم یان زەویەکە یان مینا یان دەستی مینا، بۆ من هیچ فەرقی نیە هەموو گیانم ئەلەرزێت و هیچ شتێک ناتوانم وەکوو خۆی ببینم ، بێ لە تارمایی شتەکان ئەویش بە تەلخی هیچ شتێک وەکوو خۆی نەماوەتەوە لەبەر چاوومدا، ئەمە بۆ یەکەم جارمە کە ببینم درەختەکانیش شوێنی خۆیان ئەگۆڕن و ئەجولێنەوە،من تازە ناتوانم بێمەوە سەرخۆم و بزانم خەریکم چی ئەکەم ، مینا زەردەخەنەیەکی کردو هەستایەوە سەر پێ وەکوو ئەوەی کە چۆن خاوەن ماڵ ئەوستێت تا بەخێر هاتن لە میوان بکات و فەرمووی لێ بکات بۆ ژوورەوە بەو شێوەیە مینا وەستا بوو بەڵام بۆ بەخێرهاتنم بکات ؟، خۆ من بۆ میوانی نەهاتووم نەهاتووم دڵی لەگەڵ خۆم ببەم، هاتووم پێی بڵێم چەندە بینینی ئەوم خۆش ئەوێت هاتووم بڵێم ئەو هەمیشە لەخەیاڵەکانمدایە هاتووم پێی بڵێم .... نا نازانم چی پێ بڵێم من هەر قسە کردنم بیر چۆتەوە، چەند هەنگاوێکی کەم چوومەو پێشەوە و بۆم دەرکەوت چەندە پیاوێکی بێ کەڵکم دوو قسە نازانم

که مینا ئەبینم، یانی من تەنها ئەتوانم سەیر بکەم! یانی ناتوانم وشەیەک لە قسەکانی دڵم بڵێم بە میناو بگەڕێمەوە؟!، من وا هەست ئەکەم هەموو ئێسکەکانی جەستەم لەیەک جیا ئەبنەوە، ئەڵێی دوو هەزار جار بە دەوری خۆمدا سوڕاومەتەوە ئەوەندە سەرم گێژ ئەخوات، هەموو هێزی خۆمم بەکار هێنا بە دەست خۆم نەبوو قاچەکانم هەر ئەوەندە توانیان هەنگاو بنێن وەستان دووری نێوان من و مینا کەمتر لە پێنج مەتر بوو وەستام وچاوم لەسەری لا نەبرد مینا کەمێک سەری داخست هەستم ئەکرد ئەویش چەندە شەرم لە من ئەکات زەردەخەنەیەک لەسەر لێیوی بوو کەمێک سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کردم، توامەوە، خۆ زەوی شەق نابات بچمە ناویەوە، بەڕاستی نەک من هەر لاڵ بووم تەنانەت وا هەست ئەکەم من جارێکی تر بە تەواوی دوونیا ناکەومەوە قسە کردن. چیتر ناتوانم خۆم بگرم بە پێووە گوێم لە ئەژنۆ کانم بوو قسەیان ئەکرد پێیان ئە وتم بە ئەستۆی خۆت ئەگەر کەوتیت بگەڕیوە، ئەژنۆکانم ئەوەندە ئەلەرزین وەخت بوو بەبێ ویستی خۆم ئەنوشتانەوە توانای هەڵگرتنی منیان نەمابوو، دڵم پێمی ئەوت بگەڕیوە ، دەستم ئەیوت من هەر زیادە بووم لە تۆ ئەوەتا سەیری بکە ئیستایش نازانی چیم لێ بکەیت هەرجارەو بە جۆرێک ئەمجولێنیت، من هەر وەستاوم و سەیر ئەکەم و مینا وەکوو ئەوەی کە تێبگات من ناتوانم قسەکانم بکەم ئەویش بە یەک دوونیا شەرمەوە سەری داخستەوە و نازانم لە پێڵاوەکانی خۆی ئەڕوانی یان ئاوەکە، وتم کە ناتوانم هیچ بڵێم بۆ بمێنمەوە، پشتم کردە میناو گەڕامەوە بە هەنگاوی خێرا، بە ئەندازەیەک شپرزە بوو بووم وام

هەست ئەکرد بە تەواوی دوونیا کۆ نابمەوە، بەر پێی خۆمم نە ئەبینی لە ڕاستیدا هەر هیچم نە ئەبینی ڕاستەو خۆ بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، نازانم چۆن گەیشتمەوە ماڵەوە، مناڵێک کە بەرد ئەگرێتە چۆلەکەیەک و شوشەی پەنجەرەی دراوسێکەیان ئەشکێنیت چەندە ئەترسێت و شپرزە ئەبێت چۆن بە خێرایی ئەگەڕێتەوە لە ژوورەوە خۆی توونە ئەکات، منیش بە هەمان شێوە ڕاستەو خۆ بۆ ژوورەکەی خۆم چووم، نەمتوانی بیر بکەمەوە کە ئەمڕۆ چیم کردووە، بۆ شتەکان وایان بەسەر هات، دواتر بیرم کەوتەوە کە ئەمڕۆ چەند هەلێکی باشم لە دەست داوە تا قسە لەگەڵ مینا بکەم، هەستێکی ناخۆشم هەیە وا هەست ئەکەم ئەم ڕۆژانە هیچ کام لە شتەکان لە بەرژەوەندی من کۆتاییان نایەت، هێشتا نیوەڕۆ نەهاتبوو خۆم پی نەگیرا لە ژوورەوە لە هیچ شوێنێک ئارامم نەبوو، چوومەوە دەرەوە تا بە تەنها کەمێک پیاسە بکەم، لە پشت ماڵی خۆمانەوە لەسەر بەردێک دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساند هەموو ئەو شتانەی ئەمڕۆ ڕوویاندا بە بەرچاومدا ئەهاتن و ئەچوون، شتێک کە بۆ چرکەیەک لەبەر چاوم لە نە ئەچوو ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جارم بوو مینا ئەوەندە لە نزیکەوە ببینم، برۆ درێژەکانی ، چاوە خڕو ڕەشەکانی دەموو چاوە بچووکەکەی ، لە هەمووی زیاتر ئەو زەردەخەنەی کۆتایی کە کەوتە سەرلێو ڕوخساری و سەری داخست، زەردەخەنەکەی کە ئێستایش بیری لێ ئەکەمەوە هەموو گیانم ئەلەرزێت، دەفتەرە بچووکەکەم لە گیرفانم دەرکردەوەو نوسیم لەسەری

" ئێستا ...

پایز بێت یان بەهار
جیاوزی نیە بۆ من
مینا تەنها زەردەخەنەیەک بکات
دڵی من گوڵ ئەگرێت "

دواتر دەفتەرو قەڵەمەکەم خستەوە گیرفانم و بە نا ئومێدیەکی زۆرەوە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، کە لە ماڵ نزیک بوومەوە بینیم میوانمان هەیە هەر بە مناڵەکاندا زانیم کە ماڵی پورم لەوێن، کەمێک ئاسوودەیی هات بە دڵمدا چوونکە ماڵی پورە ئامینە م کوڕە گەورەکەیان هەر ئەوەندەی من ئەبوو هاوڕێیەتیمان خۆش بوو، مەبەستم هێمنە ، هاوتەمەنی خۆمە ئەوان ماڵیان لە شارە بەڵام چوونکە هەر لە منداڵیەوە زۆر هاتوو چۆمان لە نێواندایە هەست بە جیاوازی ناکەم تیایدا کە لە شارەوە هاتووە ئەمزانی کە ئەوان بێن بۆ ماڵمان چەند ڕۆژێک ئەمێننەوە لە راستیدا دڵم خۆش بوو کە هێمن هاتبوو بۆ ماڵمان، هێمن وەکوو من نەبوو چوونکە لە شارەوە هاتبوو تاقەتی نەبوو ماڵ بمینێتەوە ،هەر ئەوەندەی من چوومەوە و بەخیر هاتنیانم کرد کەمێک دواتر وتی هەردی با بڕۆینە دەرەوە کەمێک پیاسە بکەین لە نزیک شاخەکە، هەمیشە حەزی لەوە بوو لە نزیک شاخەکەوە پیاسە بکەین، ئەوە بوو ڕۆیشتین، نازانن چەندە جوان گوێم بۆ قسەکانی هێمن ئەگرت کە باسی شاری بۆ ئەکردم و باسی ئەوەی ئەکرد کە رۆژانە چی ئەکەن بەیەکەوە لەگەڵ هاوڕێکانی، قسەمان زۆر کرد نا ئەتوانم بڵێم قسەی زۆری بۆ کردم و منیش جوان گوێم بۆ گرتبوو وەکوو هەمیشە چەند یادگاری مناڵیمان باس کردەوەو

کەمێک پێکەنین و دواتر هەستم ئەکرد هەردووکمان دڵمان تەنگ بووە یانی جۆرێک لە جۆرەکان ئەمان ووت هەر منداڵی خۆش بوو، مرۆڤ ناتوانێت پشت بکاتە ئەو ڕاستیەی کە هەمیشە ئارەزوی ئەوە ئەکات کە منال ببێتەوە، من کە منال بووم شەوان لە هەرشوێنێکی ماڵەکە ی خۆمان خەوم لێ بکەوتبایە بەیانیەکەی کە خەبەرم ئەبوویەوە لەسەر جێگاکەی خۆم بووم،چۆن هاتوومەتە سەر جیگاکەی خۆم نازانم ، یادگاریەکی جوانە تۆیش بیری لێ بکەرەوە، یان هەرگیز لە کاتی نانخواردندا بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە دوای ئەم ژەمەی نانخواردن خواردنی تر هەیە بۆ ژەمێکی تر یان نا ! یان بۆستە هێمن بیرم کەوتەوە من کە منداڵ بووم هیچ مامۆستایەکی وێنە کێشانم نەبوو بەڵام هەموو جارێک نەوتم لە چراکە دەر ئەکرد بە لۆکەیەک و ئەمهێنا بەسەر ئەو پەڕە کاغەزەی وێنەی لەسەر ئەکێشم دواتر دام ئەنایەوە لەسەر ئەو وێنەیەی کە ئەمویست بیکێشم دواتر وێنەکەم ئەکێشاو، بەو قەڵەم بۆیانە بۆیەم ئەکرد کە باوکم لەبری قەڵەم دادەر بە چەقۆکەی دەستی نووکەکانی بۆ ئەتاشیم، زۆر لەوە زیاترمان باس کرد دڵم تەنگ بوو بەڕاستی بۆ منداڵیم دووبارە جگەرەکەم دەر کردەوەو دامگرساند

هێمن وتی: هەردی هەست ناکەیت جگەرەی زۆر ئەکێشیت خراپە زۆریش خراپە

بە کەمێک گاڵتەوە وتم: جگەرەکەیە بۆمان ئەسوتێت عەزیزم

وتی: ئەوە بەڕاست هەردی تۆ لەم لادێی خۆتاندا کەست خۆش ناوێت؟

Scanned by CamScanner

پرسیارەکەی تەواو منی پەشۆکاند، وەکوو بڵێی من یەک تەمەنە چاوەڕێم کەسێک ئەو پرسیارەم لێ بکات، چاوەڕێم کەسێک بێت ئەو خەمەی لە ئەستۆمدایە هیچ نەبێت کەمێکی هەڵبگرێت، چوونکە من دەمم لای کەس نەکردوەتەوە قسەکانی دڵی خۆمم بە کەس نەوتووە تەنها هەندێکجار لەبەر خۆمەوە قسەکانم بۆ خۆم باس کردووە، وتم: بەڕاست هێمن ئەیتۆ خۆشەویستت هەیە؟

ووتی:ئێستا لەگەڵ کچێکدام ماویەکە پێم ووتوە

یەکسەر ئەوە هات بە خەیاڵمدا کە لە هێمن بپرسم بزانم کەسێک کە خۆشت ئەوێت چۆن پێی ئەڵێیت خۆشم ئەوێیت. هێمن لە شار ئەژی ئەو شتی زیاتر لە من ئەزانێت، لە هەمووی گرنگتر ئەو کوا وەکوو من شەرم ئەکات ،

وتم باشە هێمن ئەگەر کچێکت خۆش بوێت چۆن سەرەتا بۆ یەکەم جار پێی ئەڵێیت و قسەی لەگەڵ ئەکەیت؟

وتی: ئەبێت سەرەتا بە سەیر کردنەکانی تۆدا بزانێت کە خۆشت ئەوێت، وە تۆیش بە سەیر کردنەکانی ئەودا ئەزانی کە خۆشی ئەوێیت، چوونکە ئەگەر خۆشی بوێیت زۆر سەیرت ئەکات ئینجا هەندێکجاریش زەردەخەنەیەک ئەکەوێتە سەر لێوی.

بەو چەند قسە سادانەی هێمن چەندە دڵم خۆش بوو کە باسی زەردخەنەی کرد چوونکە زەردەخەنەکەی مینام بیر کەوتەوە لەسەر کانیەکە. بەخێرای مینا هات بە بەرچاومدا و ڕۆیشت دواتر زیاتر گوێم بۆ قسەکانی هێمن ڕاگرتبوو، دواتر وتی: قسە کردن لەگەڵ

کچ ئاسانە با یەکەم جاریشت بێت هەر ئەوەندە بەسە لە سەرەتاوە مەڵی خۆشم ئەوێی سەرەتا بە جوانیەکەیدا هەڵبدە پێی بڵێ کە چەندە جوانە، دواتریش باسی باشیەکانی بکە پێی بڵێ کە چۆن باشیەکانی ئەبینیت، خاڵی سێیەم داوای خۆشەویستی لێ بکەو پێ بڵێ خۆشم ئەوێی. هێمن قسەکانی تەواو کرد، وام هەست ئەکرد هێمن کەسێکە خودا لە ئاسمانەوە ناردوویەتی بۆ من، ڕێیشی تێدەچێت کە وابێت چوونکە من زۆر سەیری ئاسمانم کردووەو لەبەر خۆمەوە باسی مینام کردووە، قسەکانی هێمنم هەمووی هەڵگرت،

ئەو ئێوارەیەی ماڵی پوورم ڕۆشتنەوە شەوەکەی زۆر بیرم لە قسەکانی هێمن ئەکردەوە، بیرم ئەکردەوە ئەو چەندە ئاسان توانیویەتی لەگەڵ چەندین کچ قسەکا بکات و قسەکانی دڵی خۆی بەو کەسە بڵێت کە خۆشی ئەوێت، ئەوەتا دەوام کراوەتەوە منیش چاوەڕیم وەربگیرێم لە زانکۆ، هەفتەیەکە دەوامی قوتابخانەکان کراوەتەوە مینایش دەوام ئەکات، ورەم دایە بەرخۆم و بە خۆمم ئەوت چی تیایە خۆ ئاسمان ناڕوخێت ڕوو بە ڕوو بوەستم و هەموو قسەکانی دڵم بۆ مینا باس بکەم، ڕاستی با ئەوە نەشارمەوە هەندێک جار لە دڵی خۆمدا وام هەست ئەکرد مینا گاڵتەم پێ ئەکات کە ئەوەندە شەرمن و ترسنۆکم، وام لێ ئەهات ڕقم لە خۆم ئەبووەوە کە سەرچاوەی هەموو دڵتەنگیەکانم هەر خۆمم کەسی تر نیە، پێش ئەوەی بخەوم بڕیارم دا بەیانی کە لە قوتابخانە گەڕایەوە لە پشتی ماڵی حاجی کەریم لەوێ ئەگەرێکی زۆر کەمی هەیە کەسێک بەیەکەوە بمان بینێت.

ڕۆژ بووەوە،خۆر هەڵهات ،وەکوو هەموو بەیانیەکانی تر بوو ئەو ڕۆژە، بەڵام ئەوندەم لە کاتژمێرەکە ڕووانی ئێستایش کاتژمیرەکەی ئەوکاتی ماڵە کۆنەکەمانم لەپێشچاوە، بە هەزار و یەک شتەوە خۆم سەرقاڵ کرد کات هەر تێناپەڕێت لە ڕاستیدا وام هەست ئەکرد کاتژمێرەکە هەر وەستاوە، ئەبێت سێ کاتژمیر چاوەڕی بکەم تا ئەبێتە کاتژمێر یانزەی پێش نیوەڕۆ چوونکە ئەوکاتە مینا لە قوتابخانە ئەگەڕێتەوە، دەنگی چرکە ژمێرەکە تەواو وەڕسی کردم ئەوەندە سەیرم کرد و ئەوەندە گوێم بۆ گرت، چوومە دەرەوە خۆر زۆر جوان ئەدرەوشایەوە جارێکی تریش لەبەر مینا هاتۆتەوە ئاسمانی لادێکەمان،ئەگەر چاوم دابخەم بۆ ساتێکیش بێت ئەوەتا مینا ئەبینم، دەستی لە ژێر چەناگەی داناوەو سەیری تەختە ڕەشەکە ئەکات، ڕەنگە لە دەرسی کوردیدا بێت، ئاە ڕەنگە مامۆستای کوردی هەست بەوەی ناخی من بکات و لەسەر تەختەکە شتێکی نوسیبێت، وا بەو شێوەیە مینا خەیاڵ بردوویەتیەوە، چاوی لەسەر تەختە ڕەشەکە لا نابات، ئەوە چەند جار مامۆستا بە ناو پۆلەکەدا دێت و دەچێت قسە ئەکات، هەندێک جار بە دەنگی بەرز هەندێک جار بە دەنگێکی نزم و هێواش شێعر ئەخوێنێتەوە، بەڵام مینا هەر چاوی لەسەر تەختە ڕەشەکەیە، گومان ئەکەم مامۆستا لەسەر تەختە ڕەشەکە ئەمەی نوسیبێت

" خۆر کەوتوەتە ئاسمان
دڵۆپە ئاوەکانی شەو
هێشتا لەسەر گەڵای درەختاکان و

چڵە گیای دەشتەکان ماوەتەوە
دەنگی پێی تۆو
خشپەی گەڵاکان دێنە گوێی من
چەند بەیانیەکی خۆشە "

دواتـر قسـەکەی هێمنم بیـر کەوتـەوە کـە وتـی هـەردی جگـەرەی زۆر ئەکێشـیت، بـە جگـەرە کێشـان و بیـر کردنـەوە لـە قوتابخانەکـەی مینا نازانم چۆن بوو ئەو سێ کاتژمێرە ، ناسێ کاتژمێر نا ئەو سێ ساڵەم تێپەڕاند،بە خێرای چووم بۆ نزیکی قوتابخانەکە هەر لە دوورەوە بینیم وا مینا خەریکە دێتە دەرەوە لەگەڵ دوو هاوڕێی سەیری ئەوانی ئەکرد و قسەیان ئەکرد و پێ ئەکەنین بەڵام ئەو منی نەبینی بە خێرایی چووم بۆ پشتی ماڵی حاجی کەریم چوونکە ئەمزانی لەوێ لە هاوڕیکانی جیا ئەبێتەوە، ئەمەوێت لێرە بوەستم ڕاستی ناتوانم بیر لەو ڕۆژە بکەمەوە ، هەموو کەسێک ڕۆژێک هەیە لە ژیانی دا کە سەرتاپای ژیانی و بیر کردنەوەو خەیاڵەکانی ئەگۆڕیت، ڕەنگە ئەو ڕۆژە بۆ هەتا هەتایە بەدبەختت بکات ، رەنگە خۆشبەختیشت بکات، بەڵام شتەکان بەجۆرێک ئەگۆڕێن کە هەرگیز چاوەڕێی ئەوەت نەکردووە سەرتاپای بوونت ئەگۆڕێت، ڕۆژیکە لە هەموو تەمەنی مرۆڤدا کە هەرگیز ئەو ڕۆژە دووبارە نابێتەوە، ڕۆژێکە تەنانەت وێنەکانی ئەو ڕۆژە وەکوو خۆی لە ناو مێشکدا ئەمێننەوە بۆ هەمیشە کاڵ نابنەوە، قسەکانی ئەو ڕۆژە وەکوو خۆی ئەمێنێتەوە دوای سەد ساڵیش ئەتوانی بیری خۆتی بهێنیتەوە قسەکانی ئەو ڕۆژە،

Scanned by CamScanner

وا مینا بەرەو ڕووی من دێت هێشتا دوورە لێمەوە، دڵم ئەوەتا وەستاوە بە ڕێکی کار ناکات خوێنی تەواوی لاشەمی لە سەرمدا کۆ کردوەتەوە، کە مینا هەنگاوێک نزیکتر ئەکەوێتەوە دلیشم خوێنی زیاتر ئەنێرێت بۆ سەرم ، سەرم گەرم ئەبێت، دەمارەکانی لا تەنیشتی سەرم وا هەست ئەکەم لە دڵم زیاتر لێ ئەدەن،مینا سەیری بەر پێی خۆی ئەکات و هەنگاو ئەنێت، منیش وەکوو کەسێکی مەستم لێهاتبوو یانی هەستم نە ئەکرد ئەندامەکانی لاشەم هی خۆمن، مینا سەری هەڵبڕی و منی بینی زەردەخەنەیەک یەکسەر کەوتە سەر لێوی، ئەوەندە شەرمم ئەکرد وام هەست ئەکرد خەریکم وەکوو مۆم ئەتوێمەوە نا وەکوو مۆم نا خەریکم وا ئەتوێمەوە تەنانەت ئاسەواریشم نەمێنیت، سەرم گێژی ئەخوارد، جوڵانەوەکانم لە ژێر کۆنترۆڵی خۆمدا نەمابوون، وام هەست ئەکرد ئەوەندە بێ هێز بووم تەنانەت بە شنەبایەکیش ئەکەوم،چەند بارێکی قورسم لەسەر شانە ئەمرۆ، ئارەق کەوتوەتە نێوچاوانم، خۆم پێ نەگیرا بوەستم بەبێ ویستی خۆم منیش هەنگاوم نا بەرەو ڕووی مینا، وا من و مینا ئەگەینە تەنیشتی یەک، مینا چاوی لەسەر ناوچاوم لا نە ئەبرد وام هەست ئەکرد ئەیەوێت دڵۆپە ئارەقەکانی ناو چاوم بژمێرێت، یان ئەیەوێت ئەو هەموو خوێنە هەست پێ بکات کە لە سەر و نێو چاوانمدا کۆ بووەتەوە، ڕەنگە سەری سوڕما بێت لەوەی کە چۆن من بەو شێوەیە ڕەنگم گۆڕاوە، وام هەست ئەکرد لە شەرم کردندا ئەوەندە دەمـوو چاوم سوور بوەتەوە شایەنی ئەوەیە تەریق ببمەوە، مینا نزیکی مەترێکی مابوو بگات بە من، من وەستام و وتم "سڵاو"، مینا لە تەنیشتم وەستاو سەیری

ئەکردم بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوەو وتی "سڵاو لە تۆیش"، مـن تـا ئێستا ئەوەنـدە لـە تـرس و شـەرمدا نـەژیاوم کـە خۆم ئـەبینی بەرامبـەر بـە مینـا وەستاوم و ئـەو چاوەڕێی ئـەوە ئـەکات مـن قسە بکەم، وەکوو کەسێکم لێهاتبوو کـە لـە خـەوێکی قوڵدا بێت و لـە کتـوپڕدا ئـاوێکی سارد بکـەیت بەسـەریدا، خەبـەری ئـەبێتـەوە شـتـەکان هیچـی وەکـوو خـۆی نابینێـت وەکـوو تارماییـەک شـتـەکان دێنـە بەرچاوی یانی وا هەست ناکات هیچ کام لـەو شـتانەی دەورو پشتی راستەقینەبن، هیچ ناڵیت و چاوی تـەواو ئـەکاتـەوەو لـە دەورووپشتی ئـەڕوانێت، بـۆ ساتێک سـەرم هـەڵبڕی و مینـام بینـی کـە لـە ژێرەوە سەیرم ئەکات و دووبارە زەردەخەنەکەی هـەر لەسـەر لێوە، وا ئـەهات بە خەیاڵمدا کـە مینـایش ئـەزانێت مـن ئەمـەوێت بڵـێم چـی بـەڵام هـەر چاوەڕێیە من قسە بکەم، بەڵام مـن قسـەیەکم لـە خـەیاڵ نیـە ، ئەگـەر لەخەیاڵیشم بێت خۆ مـن دەمـم بۆ ناکرێتـەوە، لـە ڕاستیدا وام هەست ئـەکرد تـەواوی دوونیـا هـاتوون دەستیان خسـتوەتە قـورگی منـەوە توند ئەیگوشـن تـا قسـە نەکـەم، دڵیش هـەموو کاتێـک وەکـوو یـەک لـێ نادات، دڵم هێندە بە توندی لـێ ئـەدات وا هەست ئەکـەم جارێکی تر هەرگیز ناگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، بەشێک لە ئـاگری جەهـەنم و تەواوی دارو بەردی سەرزەویش لە دەموو چاوی منـدا ئەسووتێن بەو ئەندازەیـە هەست بـە گـەرمی دەمـوو چـاوم ئەکـەم، دەمـو چـاوم تـەنها گەرم نەبوو بەڵکوو بێ ئەندازە توونـد بووبوو، سـەرم هـەڵبڕی ڕوخساری مینام بینیی زەردەخەنەیـەک لەسـەر لێوی بـوو ، وەچاویشـی بـە هـۆی پێکەنینـەوە بچـووک بووەتـەوە، بـرۆ درێژەکـانی، وە ملێکـی زەرد و

لە نێو کراسە کەیەوە هاتوەتە دەرەوە، روخسارێکی کەمێک باریکیش هەیە، وا خەریکە کاتی زۆر تێ ئەپەڕێت و مینا هەر میهرەبانی چاوەڕێ ئەکات من قسە بکەم کە ئەوەم بیر کەوتەوە مینا وەستاوەو چاوەڕێی دەمی منە قسەیەک لەسەر زمانم بکەوێتە خوارەوە بێ لە کەمێک تەریق بوومەوە، چوونکە ناکرێت من ئەوەندە مینا سلاوەکە ڕابگرم و قسەیش نەکەم لە کۆتاییدا شتێک هاتە سەر زمانم و ووتم :

من ئەمەوێت بلێم ... ئەمەوێت بلێم ... ، ئەمەوێت بلێم ...

ئەو قسەیەکەم زیاتر لە دە جار دوبارە کردەوە نەم ئەزانی ئەمەوێت بلێم چی، دەی لە راستیدا لەو کاتەدا هیچم نەبوو بۆ وتن، من تا ئێستایش نازانم بۆ ئەبێت بە مینا بلێم خۆشم ئەوێیت خۆ مینا لە خۆم زیاتر ئەزانێت کە من چەندە هۆگر بووم بەوەی کە مینا ببینم،ئینسان لە تەنیاییدا دوونیایەک قسەی پێیە کە بەو کەسەی بلێت کە خۆشی ئەوێت، من پێش ئەوەی مینا ببینم دوونیایەک قسەم بۆ نوسی هەزار جار قسەکانم بە مانگ وتووە لەگەڵ خۆم قسەم کردووە بەڵام ئێستا ئەوەتا نازانم چ قسەیەک بکەم هەر " ئەمەوێت بلێم " لەسەر زمانمەو هیچیش نالێم لە راستیدا حەزم ئەکر شتێک بلێیم بەڵام نەم ئەتوانی، تەنها شتێک نا دوونیایەک قسە لە ناو دڵی مندا بەنگی خواردوەتەوە ، من ئەگەر قسە نەکەم ئەوا ئەو بێدەنگیە ئەمخنکێنێت،وام هەست ئەکرد ئیتر مینا وەڕس بوو لەوەی کە ئەوەندە ئەو قسەیە دووبارە بکەمەوەو هیچیش نەلێم، ناهەقی ناگرم مینا کاری هەیە ئەبێت بڕواتەوە حاڵی دایکی باش نیە، وە رێی تێ ئەچێت کەسێکیش لێرە بمان بینێت ئەوکات ئەوە ئەبێتە ئازارێکی تر لەسەر

دڵی مینا، بۆیە زەردەخەنەکەی لەسەر روخسارو لێوی کاڵ بوویەوەو ووتی:

ـ دەی باشە وا من گوێم گرتووە ئەتەوێت بڵێیت چی؟

منیش هەر بێدەنگ بووم ئەمجارە قسەکەم دووبارە نەکردەوە سەرم داخست و هیچم نەووت، مینا کەمێک لە من وورد بووەوە وەکوو ئەوەی نا ئومیدم کردبێت پشتی تێکردم و هەنگاوی هەڵهێناو زیاتر لە دوو هەنگاوێک لە من دوور کەوتەوە و ئەیویست بڕوات کەمێک هاتمەوە بە خۆمداو کەمێک تووندتر بانگم کرد وتم "مینا بوەستە قسە ئەکەم" ئاوڕی دایەوەو ڕووی تێکردم ووتی دەی قسەکەت بکە منیش وتم :ئەمەوێت بڵێم ... ئاە دووبارە زمانم ئەوستێت ، وەکوو ئەوەی مینا بیەوێت یارمەتیم بدات زانی کە من ناتوانم بە تەنها قسە بکەم بە شەرمێک زۆرەوە و بە دەنگێکی ناسک ووتی: هەردی تۆ زۆر شەرم ئەکەیت ناتوانیت قسە بکەیت بۆچی ئەوەی کە ئەتەوێت بیڵێیت لە نامەیەکدا ناینوسیت و پێم بدەیت؟

ئەو قسەیەی تەواو کەم توانایی خۆمی پیشاندام و ڕقم لەخۆم ئەبوەوە کە ئەوەندە بێ دەسەلاتم تەنانەت قسەیشم پێ ناکرێت، من بیستوومە ئەڵین کاتێک مرۆڤ لەسەرە مەرگدایە کاتێک کۆتا هەناسەکانی ژیانی ئەدات وەکوو فیلمێک یان وەکوو خەیاڵێک هەموو کەسە ئازیزەکانی دێتەوە بەرچاو، ڕێک وام بەسەر هاتبوو ڕێک لەو کاتەدا مینا داوای ئەوەی کردبوو کە قسەکانی دڵم بە نامەیەک پێی بڵێم ، زۆر کەسم هاتەوە بەرچاو دایکم ، هاوڕێکانم زۆر کەس هیچ کامیان قسەیەکیان بۆ زیاد نەکردم کۆتا شت

Scanned by CamScanner

کەوتەوە بیرم قسەکانی پورزاکەم بوو، کە ووتی هەردی زۆر سادەیە قسە کردن لەگەڵ کچێک تەنها بە باشیەکانیدا هەڵبدە دواتر بە جوانیەکەیدا لە کۆتاییدا قسەکانی دڵت بکە، نازانم چۆن بوو کە چەند قسەیەک لەسەر زمانم کەوتە خوارەوە و وتم مینا من باشیەکانی تۆ ئەبینم ئاگادارم چەندە باشیت، وە جوانیەکەیشت ئەوەتا لەبەرچاومە هەستی پێ ئەکەم نازانم بۆ ئەوانی تر بەڵام لای من مینایەکی تر بەو جوانیەو بەو شێوەیە دروست نەکراوە، درێژەم پێداو ووتم هەر ئەم هۆکارانە نیە شتی زیاتر هەیە کە وای لە من کردووە خۆشم بوێی ،لە من تێ بگە مینا خۆشم ئەوێی. کە گەشتمە سەر ئەوەی وتم خۆشم ئەوێی دەنگم زۆر ئەلەرزی رەنگە دەنگێک بووبێت لە تەواوی هەناو و ناخمەوە هاتبێتە دەرەوە دەنگێکی لەرزۆک و ماندوو ، وام هەست ئەکرد تەنها دەم و قورگم قسەکانیان کردووە خۆم گوێم لە قسەکانی خۆم نەبوو بەو ئەندازەیە گوێم کپ بوو بوو، هەندێکجار ئینسان قسە ئەکات نازانێت دوای قسەکە چی لێ ئەکەوێتەوە، نازانێت ئەو قسەیە چەندە ژیانی ئەگۆڕێت، نازانیت ئەو قسەیە چەندە قورسە هەموو گوێیەک توانای ئەوەی نیە بیبیستێت، ناکەوێتە ناو هەموو دڵێکەوە، قسەیەک هەندێکجار دوو کەس ئەبەستێتەوە بە یەکەوە هەتا مردن، هەندێکجاریش قسەیەک دوو کەس جیا ئەکاتەوە، من ئەو وشەیە لەسەر زمانم کەوتە خوارەوە بە شەرمێکی زۆرەوە ، یانی وام هەست ئەکرد ئەو قسەیەم بۆ تەواوی لادێکەمان کردووە بە دەنگی بەرز، ئەوەندە تەریق بوومەوەو ئەوەندە بە دەنگێکی لەرزۆک و هەناسەیەکی خنکاوەوە ووتم، وەکوو ئەوەی

مینا زۆر دەمێک بێت چاوەڕێی ئەوەی کردبیت کە من ئەمانەی پی بڵێم یان ڕەنگە مینا بە تەواوەتی هەستی بەوە کردبێت و بزانیێت من بێ ئەندازە شەرمنم کە ڕەنگە جارێکی تر نەتوانم بچمەوە سەر ڕێگای، بۆیە زۆر بە باشی ئەوەی لە مندا ئەخوێندەوە کە چەندە پەشۆکاو و ترساوم، لە دوای قسەکانی منەوە زۆر نەوەستا تا وەڵامم بداتەوە بە هەمان شێوەی خۆم کە قسەم بۆ کردبوو وەڵامی دامەوە ناکرێت من ڕەخنە لە سادەیی وەڵامەکەی مینا بگرم چوونکە مینایش وەکوو من لە لادێ ئەژی،مینا ووتی: هەردی من رازیم بە خۆشەویستیەکەت بەڵام بە مەرجێک لە نیوان خۆماندا بێت

کە گوێم لە وەڵامەکەی بوو زۆر دڵم خۆش بوو، هەندێک دڵخۆشی هەیە نازانم دڵ چۆن ئەتوانیێت بەرگەی بگرێت،ئەمجارە زۆر زوو وەڵامم دایەوە ووتم: ئەزانم لیێت تێ ئەگەم هەست بەوەیش ئەکەم کچ چەندە خاوەنی ئابڕووە کوڕیش بە هەمان شێوە بەڵێن بیت لە نێوان خۆماندا ئەبێت،

هەستم بەوە ئەکرد کە مینایش هەمان دڵخۆشی منی هەیە ئەوە ئەوەندەی تر ئاسوودەی ئەکردم وتی "من ئەڕۆم زۆر دوا کەوتم خوات لەگەڵ"، بەڵام من ئەوەندە دڵم خۆش بوو تا ئێستایش نازانم وەڵامی خودا حافیزیەکەییم دایەوە یان نا گەڕامەوە بەرەو ماڵەوە، چی ڕوو ئەدات لە دەورو بەرم بە من چی، خەڵک چی ئەکات و چی ناکات بە من چی ، ئەوەندە دڵم خۆش بوو نەم ئەتوانی بەرگەی بگرم، من لەبری ئەوەی بەسەر زەویدا بڕۆم بەسەر هەورەکاندا ئەڕۆیشتم و هەنگاوم ئەنا، ئەگەر دڵخۆشی باڵی بۆ مرۆڤ دروست بکردایە من

هەزار باڵم لێ پەیدا ئەبوو، هاوڕێکانم ئەبینی کە قسەیان لەگەڵ بەک ئەکرد بە گەمژە ئەهاتنە بەرچاوم ئەمووت بۆ ناچن خۆشەویستی بکەن ، چ شتێک هەیە هێندەی ئەوە خۆش بێت کەسێک خۆشی بوێیت، یان کە ئەچوون بۆ یاری لە مێشکی خۆمدا گاڵتەم پێیان ئەهات، ئەوەندە ئاسوودە بووم پێم خۆش نەبوو هیچ شتێک بکەم بێ لە بیر کردنەوە لە مینا. کات زۆر تێپەڕی من تەنها ئەمتوانی لە دوورەوە مینا ببینم، لە حەوشەکەیانەوەو زەردەخەنەیەکم بۆ بکات و منیش ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، هەرچۆنێک بێت رۆژێک چوومەوە سەر ڕێگایی لە هەمان ئەو شوێنەی کە قسەم لەگەڵ کردبوو نامەیەکم دا بە دەستیەوە، ڕەنگی گەشایەوەو بە ئاشکرا پێوەی دیار بوو کە چەندە دڵخۆش بوو بەو نامەیە، بەرەو ماڵ خۆیان گەڕایەوە، دڵنیام پێش ئەوەی خۆی بگۆڕێت و جلەکانی مەکتەبی لا ببات نامەکەی خوێندووەتەوە ، خۆشبەختانە لە نامەکەدا نوسیبووم ئەگەر ویستت وەڵامی نامەکەم بدەیتەوە سبەینێ لە هەمان شوێن دیمەوە لات لێت وەر ئەگرم ،بە خەیاڵی ئەوەی کە بەیانی نامەی مینام بە دەست ئەگات بە درێژایی شەو خەوم لێ نە ئەکەوت ، کە چاویشم گەرم ئەبوو بۆ خەو مینا بە ڕاستەقینەیی ئەهاتە بەرچاوم.

لە هەمان ئەو شوێنەی نامەکەم پێدا نامەکەی مینایشم وەرگرت و خستمەناو گیرفانمەوە، وەکوو ئەوەی گەورەترین سەرمایەی ژیانی خۆم لە گیرفانمدا بێت تا چوومەوە ماڵەوە دوو هەزار جار دەستم لە گیرفانم دا ، تا بزانم نامەکە لە شوێنی خۆی ماوە، یەکسەر بۆ ژوورەکەی خۆم و دڵم نە ئەهات بیخوێنمەوە چوونکە تەواو ئەبێت،

دێرێکم ئەخوێندەوەو دەستم لەسەر دێری دوای ئەو ئەگرت تا نەتوانم بیخوێنمەوە دەستی پێوە بگرم و درەنگ تەواو ببێت، لە نامەکەدا بۆی نوسیبوومەوە " تەنها بە شەو ئەتوانین یەک ببینین شەو دوای بانگی عیشا وەرە دەرگای پشتەوەی حەوشەکەمان لای دیوارە بەردەکە بوەستەو چاوەڕێم بکە "

دڵم ئاسوودە بوو کە ئەوەی تیا نوسرابوو، هەر دوای نانخواردنی ئێوارە یەکسەر چوومە دەرەوە لە ماڵەوە خۆمم پێ نەگیرا، دوونیایەک جگەرەم کێشا تا بانگی دا، بە خێرایی چوومە تەنیشتی دیوارەکەو لە تاریکیەکەدا دانیشتم، زۆر چاوەڕێ نەبووم مینا هات، بە ئەستەم ڕووناکیەک ئەکەوتە سەر روخساری مینا بەڵام من پشتم لە ڕوناکیەکە بوو، بە دەنگێکی نزم ووتی

- زۆر چاوەڕێت کردم؟
- نا چەند دەقەیەک ئەبێت هاتووم
- زۆر ئەترسم کەسێک بمان بینێت ، لای باوکم ووتم تا ماڵی مام ئەچم
- دایکت باشتر نەبووە؟
- خەو و خۆراکی نیە ، هەر ئەگری
- زۆر ئازار ئەکێشم، کە بیر لەوە ئەکەمەوە چی ڕوو ئەدات لە ماڵی ئێوەدا
- زۆر خەمی لێ ئەخۆم
- بەیانی ئەبێت پەیوەندی بکەم بە زانکۆوە ، یانی ئەچمە شار

Scanned by CamScanner

ـ لەوێ من لەبیر نەکەیت؟

ئەو قسەیەی بە زەردخەنەیەکەوە کرد، من ئەزانم ئەگەر بچمە زانکۆ یانی ئەبێت بچمە شار و درەنگ درەنگ مینا ببینم.

ـ نا وانیە، تا پێم بکرێت زوو زوو ئەگەڕێمەوە بۆ ئێرە

سەرم هەڵبڕی و لە مانگم ڕوانی ، ووتم مینا هەرکات قسەیەکت هەبوو بە مانگی بڵێ ئەویش بە منی ئەگەیەنێت، نەم ئەتوانی ئەو خۆشحاڵیەی خۆم بشارمەوە بە ئاشکرا پێمەوە دیار بوو کە جێ بەخۆم ناگرم، ووتم وەرە با شتێکت بۆ بخوێنمەوە دواتریش لە دەفتەرە بچووکەکەمدا ئەینوسمەوە

" تۆ لە پەنجەرەی ژوورەکەتەوە نا
منیش لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە نا
خۆش بە حاڵی من تۆ
کە ئەمشەو
لە تەنیشتی یەکەوە مانگمان بینی "

هەرچۆنێک بێت ئەبوایە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوەو مینایش بڕواتەوە ژوورەوە، چوونکە دایکی پێویستی پێیەتی، خوا حافیزیم لێ کردوو پێم ووت هەرکاتێک هاتمەوە نامەت بۆ ئەنووسم و لە هەمان شوێن پێت ئەدەم ، ئەویش بە هەمان شێوە ووتی تا ئەگەڕێیتەوە لە شار منیش نامەت بۆ ئەنووسم ، هیچ شتێک ئەوەندەی ئەوە خۆش نیە کە ئەو کەسەی دڵت ئەیەوێت ، ئەو کەسەی کە خۆشت ئەوێت، ئەویش تۆی خۆش بووێت و هەوڵی ئەوە بدات کە دڵت ڕازی بکات.

بێ لەوەی خەیاڵ کردن بە میناوە منی شپرزە کردووە کە بیر لەوەیش ئەکەمەوە بەیانی ئەچم بۆ شارو نازانم کەی ئەگەڕێمەوە هەستێکی زۆر ناخۆش بە من ئەدات، بیرم ئەکردەوە خۆزگە هەر نەمخوێندبایە،

بەیانیان دوو سەیارە یان زیاتر لە گەراجی لادێکەمان ئەوەستا، کە خەڵکی لادێکەمان زیاتر بۆشت کڕین پێی ئەچوون بۆ شارۆچکەکەی نزیکی خۆمان کە زۆر دوور نەبوو لێمانەوە، منیش ئەبێت تا شارۆچکەکە بچم و دواتر لەوێیشەوە تا شار بچم و بۆ زانکۆ بچم، هیچ هاوڕییەکم لە زانکۆ لەو بەشەی من وەرنەگیراوە یانی من ئەبێت بە تەنها بڕۆم، تا گەیشتمە شارۆچکەکەی نزیکی خۆمان هەموو شتێک باش بوو، بەڵام کە لەوێوە سوار پاسێک بووم کە بۆ شار ئەچوو بە تەواوی هەستم ئەکرد کە لە مینا دوور ئەکەومەوە، تەنها لاشەم لە ناو پاسەکەدا بوو تەواوی هۆش و هەستم و دڵم لە لادێکەی خۆمان بەجێ هێشتبوو، پیاوێکی کەمێک بە تەمەن لە تەنیشتم دانیشتبوو، وە دوو کچیش لە پێشمەوە بوون سەیری دەرەوەیان ئەکردوو کەمێک دەنگیان بەرز بوو کە قسەیان ئەکرد بەیەکەوە ، دیار بوو لە زانکۆ وەرگیراون ئەوانیش، پیاوەکەی تەنیشتم لە قاتەکەی بەرم وورد بووەوە کە تازە کڕی بووم و بۆ زانکۆ لەبەرم کردبوو، یانی کەمێک ڕەنگی لادێی پێوە لابردبووم و کەشخەی کردبووم ، بەڵام تا دڵ حەز بکات نا ئارام بووم لەناو جلەکانی بەرمدا، دوای نزیکی دوو کاتژمێر پاسەکە ئەگاتە شار ، بەڵام من هەموو ئەو کاتە خۆم بە چیەوە سەرقاڵ بکەم تا تێپەڕێت، هەوڵم ئەدا بیر لە مینا نەکەمەوە چوونکە

ئەگەر بیرم لەوە بکردبایەتەوە کە تا ماوەیەکی تر نایبینمەوە ئەم ئەتوانی لە شار بمێنمەوە، خۆم سەرقاڵ ئەکرد بەوەی بزانم ئەوانەی ناو پاسەکە باسی چی ئەکەن، منالیک لە پشتمەوە لە باوەشی دایکیدایە ئەگری، بۆ ژیری ناکاتەوە نازانم، دیار بوو کە دایکی لەگەڵ ئەو گریانە ڕاهاتووە بەڵام چەند کەسێک کە وەڕس بوون بە دەنگی، بە ناوچاوێکی تاڵ و گرژەوە ئاوڕیان لە ژنەکە دایەوەو ئەویش نازانم چی بوو خستیە ناو دەمیەوە و بێدەنگ بوو، مینا ئێستا لە حەوشەکەیانە لە بن دارتووەکە، بیر لە بێ ڕەحمی من ئەکاتەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بە جێی ئەهێڵم، ڕەنگە چاوەڕێ بێت وەکوو هەموو ڕۆژەکانی تر دەربکەوم و بە تەنیشت ماڵیاندا تێپەڕم و بە چاو سڵاوێکی لێ بکەم، ئەویش بە زەردەخەنەیەکەی وەڵامی سڵاوەکەم بداتەوە،

- بۆ خوێندن ئەچیت بۆ شار؟ پیاوەکەی تەنیشتم بوو پرسیاری کرد

- بەڵی مامە بۆ خوێندن ئەچم

- بخوێنە با وەکوو ئێمەت بەسەر نەیەت، هەر خوێندنە کە بەکەڵکی مرۆڤ دێت

ئەوەندە دڵم لای مینا بوو کە لێی دوور ئەکەومەوە ، ئارەزووم ئەکرد پڕ بە گەرووم هاوار بکەم من زیاتر پێویستم بە مینایە تا خوێندن، بەڵام بێدەنگ بووم و هیچم نەووت وەکوو ئەوەی تێبگەیەنم کە قسەکەیم وەرگرتووە، بەڵام ئەو درێژەی دا بە قسەکانی و باسی هەموو ئەو دەردەسەریانەی خۆی بۆ کردم کە بۆچی نەیخوێندووە، شەڕو هەژاری سالانی ڕابردووە چ کارەساتێکی بۆ ژیانی دروست

Scanned by CamScanner

کردووە، ئەگەر نا زۆر ئارەزووی خوێندنی هەبووە، ئەو قسەی ئەکردوو منیش زوو زوو خەیاڵم لەلای نە ئەماو ئەڕۆشتمەوە لادێکەی خۆمان، دانی بە یەکدا ئەداو قورسی ئەختە سەر هەندێک وشەو لە هەندێک شوێنیش هەناسیەکی قوڵی هەڵ ئەکێشا، ویستی تەواوی بوونی کۆبکاتەوەو ئەو ئازارە بە من پیشان بدات کە لە ناخیدایە ، هەموو ئەو دەردانەم بۆ باس بکات کە نەیان هێشتووە لە گەنجیدا بە دڵی خۆی ژیان بکات، بەڵام خۆ منیش خۆم دەردم کەم نیە، بە هاوەڵی کردنی ئەو پیاوە و بەسەرهاتەکانی ژیانی ڕیگاکەمان بڕی و لە پاسەکە دابەزیم و خواحافیزیم کرد ، پێش ئەوەی سواری تاکسیەک ببم بۆ زانکۆ دەستم دایە جگەرەیەک و دامگرساند و بە دەستەکەی ترم جانتای جل و بەرگەکەم هەڵگرت و بە هێواشی کەمێک ڕۆیشتم، شار چەند قەرەباڵغە، چەند هەوایەکی قورسی هەیە خەڵکەکەی هیچ کامیان ڕوویەکی خۆشیان نیەو خەندەیەک نابینیت لەسەر لێویان، کەسێک بەرەو ڕووت دێت و کەسێک بە تەنیشتتدا تێ ئەپەڕێت، نە کەس سڵاو ئەکات و نە سڵاو لە کەس ئەکەیت، بیناکان هەموویان کۆنکرێتن و بەرزن ، ئەوەندە بەرزن کە چڵە گیایەک ، یان گوڵە حاجیلەیەک لە خوارەوە بێت ناتوانی بیبینیت،بۆ ساتێک وەستام و لە بیناییەک وورد ئەبوومەوە لەو ماوە کەمەدا سێ کەس خۆیان پێدا کێشام و تەنها دانەیەکیان ووتی ببوورە، من ناتوانم لە قەرەباڵغی شاردا بیر بکەمەوە، دوو پیاو لەبەر دووکانێک وەستاون و ژنێک و کچێکیش لە دووکانە کەدان و کەسێک دێت و کەسێک دەڕوات، ئەم هەموو دەموو چاوە کەسیان خۆیان بە دۆستی تۆ نازانن و تۆیش

دۆستایەتیت لەگەڵ کەسیان نیە ،ناتوانم زیاتر لەم قەرەباڵغی و هاوار کردنەدا بمێنمەوە ، جگەرەکەی دەستم فڕێداو تاکسیەکم گرت بۆ زانکۆ، خۆ زانکۆ لە ناو شار و لە بازاڕەکان زیاتر قەرەباڵغە، گەیشتمە ناو زانکۆ دوو کوڕ و کچێک لە بن درەختێک وەستاون و ئەتریقێنەوەو پێ ئەکەنن، کۆمەڵێکی تر نازانم چەند کوڕو چەند کچ بوون کۆ بووبونەوەو قسەیان ئەکرد وام هەست ئەکرد سەرە ئەگرن بۆ ئەوەی قسەیان بەر بکەوێت، نەم ئەزانی لە کێ بپرسم کە کامەیە کۆلێژی زانستەکان ، چاوم بە دەورو بەری خۆمدا گێڕا وام هەست ئەکرد لەناو ئەو دەنگە دەنگ و هاوار و پێکەنینەدا زیاتر گێژ ئەبم و وون ئەبم ، من چۆن بتوانم چوار دانە ساڵ لێرە بخوێنم ،کوڕێک لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو کەمێک ئەسمەر بوو ، دەم و چاوێکی تا ڕادەیەک میهرەبانی هەبوو ، پرسیارم لێ کردو بە ڕوویەکی خۆشەوە شوێنەکەی پیشانی من دا ، ئەو شوێنەی کە منی پیشاندا تەنها دوو کچ لە تەنیشتی دەرگاکە دانیشت بوون ، من ئەبێت قسەیان لەگەڵ بکەم و شەرمیش ئەکەم ، یەکێکیان لەچکی لەسەر بوو ئەوی تریان باڵایەکی بچووکی هەبوو قژی بە شێوەیەکی ئاسایی کەوتبووە سەر شانی، سڵاوم لێ کردن و دیار بوو ئەوانیش یەکەم ساڵیانە لێرە بخوێنن شتەکانیان پیشان دام و تا ئەو شوێنەی پێویستی کرد هاوکاریان کردم ،هەستێکی ناخۆشم هەبوو کە زانیم ئەبێت لەگەڵ پێنج کوڕی تر بچمە بەشە ناخۆییەکان و بەیەکەوە لە یەک ژووردا بین ، دەم وچاوەکان بۆ من تا ڕادەیەکی زۆر لەیەک ئەچن چوونکە من هیچکامیان ناناسم و بەڵام خۆشبەختانە دوو لە کوڕەکان لە

لادێیوە هاتبوون ، ئەو سێ کوڕەکەی تر لە شارەکانی ترەوە هاتبوون،بە درێژایی ئەو ڕۆژە خەریک بووین بە شۆردن و پاک کردنەوەی بەشە ناوخۆییەکەو هەموو بەتانی و کەل و پەلەکانمان شت، دواتر هەر کەسەو شوێنێکی ژوورەکەی پێدرا ، چوار قەرەوێڵەی تێدا بوو ، من لەگەڵ کوڕێکی تر ڕازی بووم بەوەی کە لەسەر زەویەکە بخەوین و پشوو بدەین، کە کارەکانی بەشە ناو خۆیەکە تەواو بوو چوومە باڵکۆنەکە تا جگەرەیەک بکێشم و پشوویەک بدەم، ڕووم کردەوە ئاسمان قسەکانم بۆ ئاسمان کرد تا بە مینای بگەیەنێت،" مینا من لێرە باشم ، یانی هەموو شتێک باشە، شار بەو شێوەیەیش باس ئەکرێت خۆش نیە، ئەگەر لێرە کەسێکت لێ وون ببێت ڕەنگە نەیدۆزیتەوە، یان ڕەنگە ئەگەر ماڵمان لە شار بوایە نەم توانیبایە هەموو بەیانیەک بتبینم، ئێرە بیناکانیان بەرزن حەوشەیان نیە، ئەڵێی هەوا عاجر بووە لە درەختەکان ناجوڵێنەوە، بیری دار تووەکەی حەوشەکەتان ئەکەم، ئێستا ڕەنگە لەوێ بیت، هێواداریشم دایکت باش بێت، دواتر بۆ نانی ئێوارە لەگەڵ کوڕەکان چووینە دەرەوە کە کەمێک یەکتر ناسین لە نێوانماندا دروست بوو ، ڕەنگە ئەوان بەم ماوە کەمەوە لەوە تێگەیشتبن کە من زۆر ئارەزووی قسە کردنم نیە ، یانی بۆ ئەوەی قسەیەک بکەم پێویستە پرسیارم لێ بکەن، هەندێکجاریش ئەوەندە وەڕس ئەبووم لە پرسیارەکانیان کە هیچ بە دڵمەوە نە ئەنوسا، تەنها بە بەڵێیەک یان سەر ڕاوشاندنێک وەڵامم ئەکێشم و بیری کەسێک ئەکەم، ئەوان زۆر زوو ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە من زۆر جگەرە ئەکێشم و بیری کەسێک ئەکەم، ئەوان زۆر هەوڵی ئەوەیان دا تا

نەوەی لە دڵی مندایە بیزانن و پرسیاریان ئەکرد، بەڵام بێتاقەتی و وە
نەوەی لە دڵی من دایە بەوان چی، بۆیە هیچ ڕوونکردنەوەیەکم لەسەر
هیچ شتێک نەدا، لەگەڵ ئەوان ڕێم ئەکرد و لەگەڵ ئەوانیش نانم
خوارد و هەر لەگەڵ ئەوان گەڕامەوە، من زۆر دەمێکە شتی ئاوا
ڕووی نەداوە کە ئەوەندە لەگەڵ کەسێک بمێنمەوە ئەوە زۆر بێزاری
ئەکردم ، هەرچەند کوڕەکان ڕوخسارێکی پاک و باشیان هەبوو بەڵام
ئیتر من بە بیرکردنەوە لە لادێکەمان و مینا هیچ شتێکی ترم لە
خەیاڵ نەبوو، هەموو قسەیەک بێ لە شیعر و قسەی دڵ وام هەست
ئەکرد ئازارم ئەدات و تاقەتی بیستنیم نیە، وا هەست ئەکەم من
ناتوانم لێرە بەردەوام بم شەو لێرە جۆرێکی ترە، لە باڵکۆنەکەدا
دانیشتووم و جگەرە ئەکێشم، شەوی ئێرە بێدەنگ نیە، تاریکیش نیە
بانی لەشەو ناچیت، هەوایەکی ئەوەندە قورس و وەرس کەری هەیە
نازانم چۆن ئەستێرەکان و مانگ تاقەتی ئەوەیان هەیە بێنە ئاسمانی
ئێرە، دەنگی سەیارەو دەنگی خەڵک لە هەموو لایەکەوە دێنە گوێم
،حەز ئەکەم تووند بە هەردوو دەستم هەردوو گوێم بگرم و چاوم
دابخەم، من زۆر بیری بێدەنگی شەوی لادێکەمان ئەکەم ، زۆر بیری
دەنگی سیسرکی شەوانی لادێکەم ئەکەم،لە هەموو پەنجەرەی بینا
بەرزەکانەوە گڵۆپەکان دیارن کە داگیرساون وشەویان ڕووناک
کردووەتەوە، ڕەنگە کەسێک یان کۆمەڵێک کەس لە پشت ئەو
پەنجەرانەوە دانیشت بن و بخۆن و بخۆنەوەو قسە بکەن و پێ بکەنن ،
بەڵام بە چی پێ بکەنن؟! من نازانم ئەوان بە چی پێ ئەکەنن بەڵام
نەزانم پی ئەکەنن، لێرەدا ئەوەستم و ناتوانم زیاتر بیر لە پشتی

پەنجەرەکانی شار بکەمەوە،زۆر خەیاڵم لای ئەو هەوا فێنکەیە کە خۆی ئەکێشێت بە شوشەی پەنجەرەی ژوورەکەی مینادا ،

بە داخەوە کوڕەکان نایەڵن بە تەنها بم ، زوو زوو بانگم ئەکەن کە یاری دۆمینەیان لەگەڵ بکەم، هەرچەند ئەڵێم من زۆر تاقەتی یاری کردنم نیە، بەڵام ئەوان هەستیان بەوە کردووە کە من دڵم تەنگ بووە بۆیە زۆرم لێ ئەکەن و بە میهرەبانیەکەوە ڕام ئەکێشنە ناو یاریەکەوە، بەڵام خۆزگە یاری کردن مرۆڤی سەرقاڵ بکردایەو وای لێ بکردبایە کە بیر لە دڵتەنگیەکانی نەکاتەوە، هەرچۆنێک بێت بە یاری کردن ئەوەندەیان ماندوو کردم تا خەوتین و بۆ یەکەم ڕۆژی زانکۆم هەستام لەخەوو ڕۆشتم، لە زانکۆ کچی زۆری لێیە یەکێکیان بێ لەچکەو یەکێکی لەچکی لەسەرە، یەکێکی تر تا ئەژنۆی ڕووتەو ئەوی تر قاچی هەمووی داپۆشیوە ، کوڕەکانیش بەهەمان شێوە، هەر کوڕێک بە شێوەیەک قژی داهێناوە، من تاقەتی ئەوەم نیە لەم خەڵکە بڕوانم کە چی ئەکەن و چی ناکەن ، چی لەبەر ئەکەن و چی لەبەر ناکەن ، بەڵام ئیتر شوێنێک نیە ئینسان ڕووی تێبکات و خۆی لەم دەموو چاوە دووبارەیانە رزگار بکات، ئەبێت لەگەڵیان ڕابێم، تا ئێستایش نازانم چۆن بوو لەگەڵ کوڕیک کەوتمە قسە کردنەوە دوای هەواڵ پرسین و ناو پرسین وتی لە کوێ ئەژیت، وتم من لە لادێوە هاتووم ، ئەویش بە ڕێزێکی زۆرەوە پێی ووتم کە خەڵکی ناو شارەو لادێی زۆر خۆش ئەوێت،

رۆژەکانم دووبارە ، شەوەکانم دووبارە ، ئەچم بۆ زانکۆ دێمەوە ، کەمێک ئەخوێنمەوە، سەعی ئەکەم و ئەخەوم ئەچمەوە بۆ زانکۆ.

ژیانی من له زانکۆ هەر ئەمە بوو زیاتر نه بوو، زۆر له زانکۆ تاقەتی مانەوەم نەبوو زوو ئەگەڕامەوە بۆ بەشە ناوخۆییەکەو جگەرەیەکم دا ئەگرساند و به دڵی خۆم بیرم له مینا ئەکردەوەو شتیشم بۆ ئەنوسی، ئەمشەو بیست و سێ شەوە من لادێکەی خۆمانم نەبینیوەو نەگەڕاومەتەوە ، بەیانی دوای دەوام ئەگەڕێمەوە ئەتوانم چوار رۆژ له ماڵەوە بمێنمەوە، من ناتوانم بیشارمەوە دەم و چاوم هاوار ئەکات که چەندە دڵم خۆشە بە گەڕانەوەم، پێم خۆش بوو هاوار بکەم بڵێم " ئەگەڕێمەوە" دوونیایەک شتم نوسیووە بۆ مینا، کە ئەمەوێت ڕۆیشتمەوە پێی بدەم و وە پێی بڵێم من به درێژایی ئەم ماوەیە کە لێتەوە دوور بووم بۆ ساتێکیش لەبیرم نەکردوویت، نەم ئەزانی چۆن هەنگاو ئەنێم و بۆ لای گەراجی پاسەکان ئەڕۆم، زۆر ئاسوودە بووم بەوەی کە شار و قەرەباڵغی شار بەجێ ئەهێڵم و ئەگەڕێمەوە، من دڵنیام تەنها جارێک هەوای پاکی لادێکەمان هەڵبمژم و جارێک به تەنیشتی ماڵی مینادا تێپەڕم ئاسوودە ئەبم و ئەم ماندوێتیەم له لەشم دەر ئەکەم، پاسەکە چۆڵەو زیاتر له دە کەسی ماوە پڕ ببێت، بێ ئۆقرە نەمتوانی دابنیشم و چاوەڕێ بم ، لە دەرەوە جگەرەیەکم داگیرساندو کەمێک هاتوو چۆم کرد، دواتر سوار بووم بەڵام هێشتا کورسیەکەی تەنیشتی من خاڵی بوو، دواتر کچێک دیار بوو زۆر شەرمنە ، لە تەنیشت منەوە دانیشت، وەکوو شتێک ئەوەندە خۆی بچووک ئەکردەوە کە بەر من نەکەوێت، بە ئەندازەی نیو نەفەر شوێنی گرتبوو، لە ڕاستیدا من چ کارێکم بە سەر ئەوەوە هەیە،نازانم بۆ ئاسوودە لە شوێنی خۆی دانانیشت و پشووی خۆی بدات، زۆر

خەیاڵم لەلای بوو ، نازانم من چ کارێکم کردووە کە بوومەتە هۆی بێزار کردنی ئەو، نا من هیچم نەکردووە ڕەنگە هۆکارەکەی هەر ئەوە بێت کە ئەو زۆر شەرمنە و ناتوانێت بە ئاسوودەیی لە تەنیشتمەوە دابنیشێت، تاقەم نەبوو ئەوەندە خۆم بەوەوە سەرقاڵ بکەم کە بۆچی ئەم کچەی تەنیشتم ئەوەندە شپرزەیە، نەم ئەتوانی لە جامی پاسەکەوە لە دەرەوە نەڕوانم، ئەمویست بەردەوام بزانم چەندمان تێپەڕاندووەو چەندمان ماوە بۆ ئەوەی بگەینەوە شارۆچکەکەو لەوێیشەوە بۆ لادێکەمان، کات تێناپەڕیت و ئەڵێیت پاسەکە وەستاوە، زۆر بێ ئارامانە لە دەرەوە ئەڕوانم، بە پێچەوانەی ئەو سەرەوە کە ئەهاتم دڵم بەجی ئەماو خۆم ئەهاتم بۆ شار بەڵام ئێستا خەیاڵەکانم و دڵم پێش خۆم بۆ لادێکەمان ئەچنەوە، ناتوانم چاوەڕوان بمێنمەوە بەڵام خۆ هیچیشم پێ ناکرێت، گەیشتینە شارۆچکەی نزیک لادێکەمان و نزیکی کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بوو، بەخێرای بۆ لای گەراجی لادێکەمان رۆیشتم و خۆشبەختانە کۆتا سەیارەی لادێکەمان مابوو کە بگەڕێتەوە، زۆر دڵم بە کەسەکانی ناو سەیارەکەو شۆفێرەکەیش ئەکرایەوە چوونکە خەڵکی لای خۆمانن، سوار بووم و منیش وەکوو ئەوانی تر چاوەڕی بووم تا پڕ بێت و بڕۆین ، بەڵام ئەوانەی کە سوار بووبوون ئارامیان نەبوو، زوو زوو هاواریان لێ بەرز ئەبوویەوە و ئەیان ووت : کارمان هەیە ، زۆری نەماوە بۆ ئەوەی ئێوارە ئاژەڵاکان بگەڕینەوە کاکە لێی خوورە با بڕۆین، کەسێکی تر ئەیووت" بڕوا ناکەم کەسێک مابێت کە بێتەوە بۆ لادی بڕۆین باشترە" زۆریان قسە کرد بە مێشکی شۆفێرەکدا تا وای لێهات پێش ئەوەی پڕ بێت

ڕێکەوتین، نزیکی چارەکێک بۆ بیست خولەک ئەگەین ، لە شوشە تەڵخەکانی سەیارەکەوە سەیری دەرەوەم ئەکرد، سروشتی لادێکەم چەندە جوانە ، ئەم شوێنانە نزیکن لە میناوە هەناسەی مینا ئەگاتە ئێرە، بۆیە هێندە دڵی پیاو ئەکەنەوە، ئەڵێی لەسەر ئاگر دانیشتبووم خۆمم پێ نە ئەگیرا ، ئەم چارەکە ڕێگەیش خۆ لە من بوو بە ساڵێک، بۆ پیاوە بە تەمەنەکان دوو بابەتیان نە ئەکردەوە ڕێگاکە ئەبڕایەوە، بەڵام بۆ من بووە بە ساڵێک، ئەڵێی تەواوی قورسی سەیارەکە لەسەر دڵی مندایە بۆ ناگەین؟! ئەبێت مینا چەندە دڵی خۆش بێت کە من گەڕاومەتەوە، من ناتوانم بیر بکەمەوە دڵم خێرا لێ ئەدات و چاوم کراوەتەوە و لە دەرەوە ئەڕوانم پێم خۆش نیە کەس پرسیارم لێ بکات یان قسەم لەگەڵ بکات، خۆشبەختانە کەس خەیاڵی لای من نیەو هەروەکوو تەنها خۆم بم کەس نە پرسیارم لی ئەکات و نە قسەیەکم لەگەڵ ئەکات، گەیشتین و من دابەزیم، گوێم کپ بوو ئەوەندە لادێ بێدەنگ بوو، تەنها کەمێک دەنگی چۆلەکە ئەهات ئەویش لە دوورەوە، پێش ئەوەی بۆ ماڵەوە بڕۆمەوە جگەرەیەکم داگیرساندو تێر بە دەوری خۆمدا سەیرم کرد، لە شاخەکەی بەرامبەر شوانێکم بینی لەگەڵ مەڕەکانی، بە دەستی ڕاستیشمدا لە خوارەوە لە دەشتەکە دوو پیاو ژنێکم بینی خەریک کار کردن بوون ، دوای ئەوە سەیرێکی ناو لادێکەم کرد وەکوو هەمیشە شنەبا ئێرەی خۆش ئەوێت درەختەکانی سەما ئەکەن و ئاسمانێکی ڕوونی هەیە، نزیک بانگی عەسرەو دوونیا هێشتا کەمێک گەرمە، من ئەبێت بگەڕێمەوە ماڵەوە و دوای پشوویەکی کورت و سڵاو کردن لە ماڵەوە بڕۆم هیچ نەبێت

Scanned by CamScanner

بەسە، تا تێبگات کە سەرێک بدەم لە مینا و لە دوورەوەیش بێت ببینم هاتوومەتـەوە، لـە حەوشـەکەمان تانکیـەکی ئـاوی لێیـە لـە مـن دار بیەکەدا دایکم لەوێ دانیشتووەو برنج ئەشواتەوە، بۆ ئـەوەی ئێوارە لێی بنێت، هەرلە دوورەوە لە دەرگای لـە حەوشـەکەوە هـاوارم کـرد " دایکـە تۆ تەنها ماڵەکەمان نا دڵیشمان ئاوەدان ئەکەیتەوە"

دایکم ئاوڕی دایەوە و بینـی کـە مـنم بێ سـنوور دڵخۆش بـوو بـە بینینم، توونـد باوەشم پیا کرد" ئای دایکە بۆنت چەند خۆشە"

لـە ماڵەوە لەگەڵ خوشکەکەم و براکـانم هـەواڵ پرسـین و قسـەمان کـرد و دواتـر مـن بێ ئـەوەی چـای عـەسرانەی دەسـتی دایکـم نـەخۆم ناچمـە دەرەوە، دایکـم هـەموو شـتێکی بـۆنی خۆشـە ، خـۆی ، خواردنـەکانی دەسـتی ، چایەکـەی دەسـتی، بۆنی چایەکـەی دایکـم چەنـدە ئـارامم ئەکاتـەوە،دوای خواردنـەوەی چایەکـەی دایکـم هەناسـەیەکی قـوڵم هەڵکێشـاو کـەمێک لەسـەر پشـت راکشـام، بـەڵام نەمتوانی زۆر بمێنمەوە لە ماڵەوە من ئەبێت بڕۆم،

" دایکە تا نزیکی دووکانە ئەچم هیچت ناوێت"

" نا کوڕم هەموو شتێکمان هەیە"

بە هـەمان ئـەو جل و بەرگانـەوە کـە هاتبوومـەوە رێگـام گرتـە بـەرو رۆیشتم، وام هەست ئەکرد کەسێک لە پشتەوە بە هەموو هێزی خۆی پاڵ بە پشتی منـەوە ئـەنێت تـا بگەمـە نزیکـی ماڵـی مینـا ئەوەنـدە بـە خێرای هەنگاوم ئەنا، لەسەر سوچەکە پێچم کردەوە مـاڵی مینـا دیـار نـەبوو!! ئـەوە چیـە کـوا مـاڵی مینـا ؟! یـانی شـار ئەوەنـدە منـی گێژ

کردووە لەم لادێ بچووکەدا ڕێگا هەڵە ئەکەم؟! سەیرێکی چوار دەوری خۆمم کرد بینیم هەموو شتێک وەکوو خۆیەتی، کەمێک چوومە پێشترەوە نازانم ئەمە خەو ئەیبینم یان ڕاستیە، ماڵی مینا دیار نەماوە ماڵیک بەو گەورەییە، دەستم هێنا بە چاوی خۆمدا بەڵام ماڵی مینا هێشتا دیار نیە، جاران دار تووەکەی حەوشەکەیان قەدەکەی و کەمێک لە گەڵاکانی دیار نەبوو حەوشەکەیان نەی ئەهێشت دیار بێت، بەڵام ئێستا لە هەر چوار لاوە درەختێکی ڕووتەو دیارە، یانی حەوشەو ماڵەکەیان ڕوخاوە؟! خوایە چی بووە کە من لێرە نەبووم ماڵی مینا بۆ کوێ چوون؟! ئەو ماڵەی کە من ئارەزووم ئەکرد لە شوشە دروست بکرایە چی لێهات؟! چاوم ئەبڵەق بووە بە شوێنی مالەکەیانداو چاوم زەوی نابینێت، هەناسەکانم لە سنگمدا پەنگ ئەخواتەوەو ناتوانم هەناسە بدەم، من ئەبێت لێرە بڕۆم لە کەسێک بپرسم، وەکوو سەرخۆشێک ڕێگام گرتە بەر بەرەو دووکانەکە، با پێش ڕووداوەکان نەکەوم و بیر نەکەمەوە شێت ئەبم شتێک بووبێت، هەزارو یەکجار ئاوڕم دایەوە لە ماڵەکە تا بەجێم هێشت، بە هیوای ئەوەی کە خەو بوبێت ئەوەی کە بینیومە بەڵام هەموو جارێک هەر کەلاوەیەک نا تەنها دارو پەردووی خانوویەکی روخاوم ئەبینی،هەرچۆنێک بوو گەیشتمە دووکانەکەو چەند گەنجێکی لێ بوو، سلاوێکی کەمێک گەرمتر لە جارانم لێ کردن وەکوو ئەوەی پێیان بڵێم دەمێکە نەمبینیوون دەمێکە نەهاتوومەتە دووکانەکەوە، دووکاندارەکە لە هەموویان گەمتر وەلامی سلاوەکەی دامەوەو دەستی ڕاگرت تا تەوقەی لەگەڵ بکەم، هیچ دیمەنی ئەو

رۆژەم بیر نایەتەوە کە چۆن بوو، من دڵم وەکوو بورکانێک وەختە بتەقێتەوە، پاکەتێک جگەرەم کڕی و منیش وەکوو ئەوانی تر دانیشتم و قاچم خستە سەرقاچ و جگەرەیەکم داگیرساند، نەم ئەزانی چۆن دەست پێ بکەم بەوەی کە بۆ ماڵی کاک وەهاب ڕووخاوە، هەرچۆنێک بوو هاتە سەرزمانم و ووتم " لە ڕێگادا ماڵی کاک وەهابم بینی ڕوخا بوو شتێک بووە؟" ڕووی دەمم لە دووکاندارەکە بوو ، چوونکە ئەو لە هەموان زیاتر شت ئەزانێت و هەواڵی ناو لادێکە ئەزانێت، چوونکە ئەوانەی کە لەوێ کۆ ئەبنەوە باسی هەموو ڕوداوێک ناو لادێکە ئەکەن، من دڵم پەرۆش بوو بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە بکەم بەڵام هەوڵمدا زۆر بە روخسارمەوە دیار نەبێت ، بۆیە کەمێک بە ساردی ئەو پرسیارەم کرد، ئەویش وەکوو ئەوەی گرنگ نەبێت بەلایەوە ووتی

- بۆ مەگەر نازانیت؟
- نا، نازانم چی بووە؟
- ماڵی کاک وەهاب دە رۆژێک ئەبێت رۆیشتوون
- بۆ کوێ؟
- ئەگەر لە ئاودا نەخنکابن ، یان ئەگەر قاچاخچی نەیکوشتبن ئێستا ڕەنگە لای برای ژنەکەی کاک وەهاب بن، لە هۆڵەندا، ئێستا ئەوان خاریجین

بە پێکەنینێکی گاڵتە جاڕی و ساردەوە قسەکانی کۆتایی کرد و ئەو وشەیەی دووبارە کردووە " خاریجی" ، نا باوەڕ ناکەم کاک

وەهاب چۆن لادێ بەجێ ئەهێلیت، ئەی مینا، ئەم کوڕە گاڵتەم لەگەڵ نەکات هیچ ڕاست نین ئەو قسانەی کە ئەیکات.

- بۆچی ڕۆیشتوون؟

- تۆ ئەڵێی لەم لادێیەدا ناژیت پیاوی باش، ژنەکەی کاک وەهاب شێت بوو بوو، تۆ نازانی چەندە لای دکتۆرو نەخۆشخانە ڕۆیشتن، چەندە لای مەلاو شێخ نوشتەو دۆعایان بۆ کرد بێ کەڵک بوو، ئەو لەم کۆتاییەدا کەوتبووە کۆڵانەکان، خەڵکی وەڕس ئەکرد، کۆتا دکتۆر کە بردیانە لای ووتبووی ئەبێت لەو لادێیە نەژی تا بیر لە یادگاری کوڕەکەی نەکاتەوە، کاک وەهابی فەقیریش وای بە باش زانی بیباتە لای براکەی، یەکەم دوورە لێرەوە دووەمیش ئەو برایەی خۆش ئەوێت.

دووکاندارەکە ئەم قسانەی بۆ من کردوو، دواتر خەریک بوو بە پیاوێکەوە کە شتی ئەکڕی، من چاوم ناو دووکانەکە نابینێت و نازانم کێی لێیەو چی ئەکەن و چی ناکەن، پشتم کردە دووکان دارەکەو هاتمە دەرەوە، من بۆ کوێ هاتوومەتەوە، بۆ هاتمەوە؟ من ئێستا چی بکەم ڕەنگە مینا بۆ هەتا هەتایە نەگەڕێتەوە، کێ چووزانێت؟ ئەبێت چ حاڵێکی هەبێت لە وڵاتی غەریبیدا، دوور لە هەوای لادێکە ئەبێت چۆن بتوانێت هەناسە بدا،ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە مینا لەسەر ڕێگاکە چاوەڕێم ناکات، چۆن بگەڕێمەوە، من بە پێوە خۆم پێ ناگیرێت و ناتوانم بە پێوە بوەستم سەرم گێژ ئەخوات، ئەڵێی تەواوی لادێکە بە دەوری سەری مندا ئەسوڕێتەوە، ئەڵێی ئەکەومە ناو چاڵێکی قوڵی گەورەو چاڵێکی تاریک ، بەرچاوم ڕەش ئەبێت و هێز

لە ئەژنۆکانمدا کەم ئەبێتەوە، لەسەر زەویەکە هەستم بە گەرمی خۆر ئەکرد ئەکەوتە سەر ڕوومەتم، چاوم بۆ ناکرێتەوە بە ئەندازەیەک سەرم گێژ ئەخوات،بە ئەستەم دەنگی پێ دێتە گوێم، کە لە تەنیشت سەرمەوە وەستاون و دەستێک ئەکەوێتە ژێر سەرم و بەرزی ئەکاتەوە، توانام نیە چاوم بکەمەوە، دەنگە دەنگێکیش دێت ناتوانم بزانم چی ئەڵێن، ئەڵێی بە زمانێکی تر قسە ئەکەن لێیان تێناگەم، مینا نوشتاوەتەوە بە سەرمداو بانگم ئەکات دەستی ئەکێشێت بە ڕوومەتمدا،تا چاوم بکەمەوەو جوان بیبینم منیش لە ژێر لێوەوە ئەڵێم" ئەتبینم مینا ، من ئەمزانی کە تۆ دێیتەوە و ناڕۆیت" مینا لە ڕوخسارم وورد ئەبێتەوەو دەستێکی ئەخاتە پشتی سەرم و بەرزی ئەکاتەوە ، دەستەکەی تری ئەهێنێت بە ڕوومەتمداو بانگم ئەکات، منیش وەڵام ئەدەمەوە ، بەڵام دەنگم دەرنایەت و هیچ دەنگێکم ناگاتە ئەو ، بۆیە ئەویش هەر بانگم ئەکات تا گوێی لە وەڵام نەبێت هەر بانگم ئەکات، ئەوەتا منیش هەزار جار وتم گیان هەزار جار وەڵامم دایە " مینا گوێم لێتە " بەڵام ئەو هەربانگم ئەکات و دەستی ئەکێشێت بە ڕوومەتمدا، لە وەڵامدانەوەم خەریکە بێ ئومێد ئەبێت و بێتاقەتی و دڵتەنگی زۆری بۆ ئەهێنێت و وەختە چاوی پڕ ئەبێت لە فرمێسک،بە چاوی نیوە کراوەوە ئەیبینم کە لەبەر تیشکی خۆرەکەدا فرمێسکی سەر ڕومەتی ئەبریسکێتەوە، بەسەر ڕوومەتیدا ئەخزێتە خوارەوە تا ئەگاتە چەناگەی، دواتر ئەکەوێتە سەر روخساری من، چاوم تەواو کردەوە بینینم دووکاندارەکەو دوو کوڕی گەنجی تر ، لە تەنیشت سەرمەوە دانیشتوون و دووکاندارەکە هەندێک ئاوی هێناوە

ڕوخسارم تەڕ ئەکات، کە بینی من چاوم کردووەتەوەو بەسەر
سوڕمانێکی زۆرەوە لەوان ئەڕوانم ووتی
ـ هەردی ؟ تۆ باشیت ئێستا ؟

ـ من باشم،

هەستامەوەو دووبارە خەریک بوو بکەوم، دووکانداره‌کە گرتمیەوە ،
جلەکانم تەکاند و ویستم بێمەوە ، ویستیان کەسێکیان بێت لەگەڵم تا
ماڵەوە ئاگای لیم بێت، بەڵام من وتم کە باشم و ڕەتم کردەوە ،

ئاگام لەخۆم نیە نازانم قاچەکانم بۆ ماڵەوەم ئەبەن یان لە خۆمم
دور ئەخەنەوە، ئەمەوێت لە شتێک هەڵبێم نازانم، چی ئەکەم ڕیگای
گەڕانەوەم گرتەبەر، گەیشتمە تەنیشت ئەو بەردەی کە کردبووم بە
نیشانە، هەرکات ئەگەیشتمە ئەو بەردە ماڵی میناو دیواری
حەوشەکەیان دەر ئەکەوت دوای چەند هەنگاوێکیش دارتووەکە دەر
ئەکەوت، کە گەیشتمە تەنیشتی بەردەکە نەمتوانی سەر هەڵبڕم، من
ناتوانم جارێکی تر سەیری ئەو شوێنە بکەم کە ماڵی مینای لێ
بووە، چەند هەنگاوێکم نا بەڵام دەستێک لە دواوە توند ڕام ئەکێشێت
و نایەڵێت بەم بێ هێزیەمەوە هەنگاو بنێم، لە پێشیشەوە مینا بانگم
ئەکات و کە لە بن دارتووەکە دانیشتووە، شێعر ئەخوێنێتەوە

لەسەر کتێبەکەی دەستی نوسراوە

"ئێرەیش داری تووی لێیە
چۆلەکەیش لەسەری ئەنیشێتەوە و ئەخوێنێت
هەوایەکی فێنکیشی هەیە

Scanned by CamScanner

بەڵام من
ئیتر توانای گەسک دانم نەماوە "

ئەڵێی خۆر نیو مەتر لەسەر منەوە دوورە بە ئەندازەیەک گەرمەو ئارقم پێ ئەکات، هەستی پێ ئەکەم کە ئارەق بە هەموو گیانمدا ئەچێتە خوارە، لاشەم خاو ئەبێتەوە ، هەوا قورس بووە، من تا ئێستا چەند ساڵە جگەرەم کێشاوە بەڵام قەت ئاوا گوێم لە دەنگی قرخەی هەناسەدانم نەبووە، وەکوو ئەوە وایە قرگم بچووک بووبێتەوە هەناسەم لە قورگمدا گیر ئەبێت و دڵم بووە بە قورسترین شتێک لە سنگمدا، هەنگاوێک ئەنێم و ئەوەستم ئارەقی نێوچاوانم بە پشت دەستم ئەسرم، دووبارە زۆر زوو ئارەق ئەکەوێتەوە ناو نێوچاوانم و بەرچاوم تەڵخ ئەبێت، گەیشتوومەتە تەنیشتی ماڵی مینا ، دارو پەردوویەک لە ماڵی مینا بە جێماوە ، کە هەموو دارو پەردووەکە هاواری شوێن دەستی مینا ئەکەن و دار تووەکەیش لە نێوان ئەو بلۆکە شکاوو دارو بەردی ماڵەکدا بەرەو ئاسمان بەرز بۆتەوە، ئەگەر جوان لێی ورد بیتەوە وا دێتە بەرچاو کە ڕووی کردووەتە ئاسمان و سەرقاڵی دۆعا کردنە بۆ گەڕانەوەی مینا،لە بن دارتووەکەدا دانیشتم و هیشتا باوەڕ ناکەم کە مینا ئێرەی بەجێهێشتبێت، تا ئێستا من ئەوەندە هەستم بە ماندووێتی نەکردووە، هەموو شتێک لەبەر چاوم گۆڕاوە، وەکوو کەسێکم لێهاتووە کە بۆ یەکەم جاریەتی بینینی بۆ گەڕاوەتەوە، دارو درەختەکان هەموویان هاوارم بەسەردا ئەکان پێم ئەڵێن " درەنگ گەڕایتەوە " ڕاست ئەکەن من درەنگ گەڕامەوە نەمتوانی تەنانەت ماڵئاوایشی لێ بکەم، هەموو شوێن پێیەکانی مینا دارو پەردووی ماڵەکە داپۆشیوە

ئەو حەوشەی کە مینا تێیدا گەسکی ئەدا و هیچ خاشاکێکی لەسەر نەبوو، ئێستا بووە بە وێرانەیەک، چەند گەڵایەکم لەسەر زەویەکە هەڵگرتەوەو دانیشتم و پاڵم دا بە دار تووەکەوە، خۆر بەرەو ئاوا بوون ئەچێت و هەوایش تا ڕادەیەک بەرەو فێنکی ئەچێت، بەڵام من لە ناخەوە گڕ ئەگرم، دووبارە گەڵاکانی درەختەکە کەوتنەوە سەما کردن و هەوایەکی فێنک هەڵی کرد کەمێک لە ئارەقی سەر روخسارمی وشک کردەوە، لە هەموو لایەکەوە ئەو هەوایە بۆنی مینا کۆ ئەکاتەوەو بە ڕووی مندا ئەیهێنێت، ئارەزوو ئەکەم لە بن ئەم درەختەدا بخەوم و بۆ هەمیشە خەبەرم نەبێتەوە، جارێک نا دوو جار نا نازانم ئەبێت جەند جار من بەیانیان بەخەبەر بێم و بزانم مینا لەم لادێیە نەماوە من چۆن بەرگەی ئەوە ئەگرم، من لە شار چرکەکانم ئەژمارد تا بگەمەوە لادێکەو هەوایەکی تەنیشت مینا هەڵبژم ، من ئەو هەموو نامەیەم نوسیوە کە مینا هاتەوە لە قوتابخانە بیدەم بە دەستیەوە، ڕەنگە ئێستا مینا لە لە یەکێک لە بالەخانەکاندا بێت و لە باڵکۆنێکدا دانیشتبێت، کە بەسەر شەقامیکی گشتیدا ئەڕوانیت، وەکوو هەمیشە هەردوو دەستی لەژێر چەناگەی دانابێت و لە شەقامەکە بروانێت و لە هەموو ئەو خەڵکە نەناسراوە وورد بێتەوە کە کەسیان نانسێت و سێوەی کەسیان ناکات، چایەکەی لە بەردەمی سارد بۆتەوەو ئەویش هەر لە روخساری ئەو خەڵکە نەناسراوە وورد ئەبێتەوە، بەڵام هیچ میهرەبانیەک لەو روخسارانەدا نابینێت و کەس سڵاوی لی ناکات ، سڵاویش لە کەس ناکات، مینا وەکوو پەیکەرێک وەستاوە پەیکەرێکی سارد و بێ جووڵە، بە ئەستەم هەناسە ئەدات، مینایش

ڕەنگە وەکوو ژنەکانی تر وابێت، چوونکە هەندێک لە ژنەکان ئەوەندە ئـەگرین ئەوەنـدە دڵیـان تـەنگ ئـەبێت تـا گریانیـانی ئاسـاییان بیـر ئەچیتـەوە، فێری جۆرە گریانێـک ئـەبن کـە نـە دەنگێکـی هەیـە نـە فرمیسـکێک، چوونکـە ئـەوە بـۆ ئـەوان باشـە ئـەتوانن لـە هـەموو شـوێنێکدا بگـرین بێ ئـەوەی کەسێک بیـان بینێـت، قۆڵـە فشـەکانی ماکسیەکەی کـە تـا ئەنیشـکی هاتۆتـە خوارەوە جار بـە جارێـک بـا لێـی ئـەدات و لەگـەڵ قژیـدا ئـەیان جولێنێتـەوە، مینـایش چـاوی نـا تروسـکێنێت و بـەردەوام لـە شـەقامەکە ئـەڕوانێت، دیـار نیـە کـە بـە چ هیوایەکەوە لە شەقامەکە ئەڕوانێت، ڕەنگە خۆیشـی نـەزانێت چاوەڕێی چی ئەکات،چوونکـە خۆیشـی ئـەزانێت کـە هـیچ کـام لـەو کەسانەی کە بە بەردەمیدا تێ ئەپەڕن مـن نـیم ، ناکرێـت منـیش بـم ، وە هـیچ کام لەو ڕێگایانەی کە بە بەردەمی ئەودا تێ ئەپەڕن من نابەنەوە لای ئەو ، بەڵام ئەی مینا بۆ ئاوا بە ووردی لـە شـەقامەکە وورد ئەبێتـەوە! ، بە شێوەیەک چاوی لەسەر شەقامەکەیە نازانیت مینـا بـۆ شـتێکی زۆر ورد و بچووک ئەگەڕێت لـە شـەقامەکەدا تـا بیدۆزێتـەوە، یـان لـە ڕاسـتیدا چـاوی هـەر شـەقامەکە نابینێـت و وەکـوو کەسـێکی نابینـا چاوەکـانی بـەو شـەقامدە ئەبڵـەق بـوون، چـاوی لەگـەڵ جوڵـەی هـیچ کام لەو کەسانەدا گرێ نەداوە کە بە شەقامەکدا دێن و دەڕۆن.

من نازانم چەنێک ئەبێت لە بن ئەم درەختە ماومەتەوە، بەڵام ئەزانم وا دوونیـا خەریکـە تاریـک دادێـت و منـیش تاقـەتی چوونـەوەم نیـە بـۆ ماڵەوە،ئەگەر زیاتر لێرە بمێنمـەوە ئـەوا دایکـم نیگـەران ئـەبێت و هـەواڵم ئەپرسـێت هـەرچۆنێک بـووە ئـەبێت هێـز بدەمـە بـەرخۆم و هەسـتمەوە،

دەستم بە درەختەکەوە گرت و هەستامەوە ، باش بوو ئەژنۆکانم بەشی ئەوە هێزیان تیا مابوو کە بتوانن بە پێوە ڕامبگرن، ڕووم لە دار تووەکە کرد و وەکوو ئەوەی بە مینا بڵێم ووتم" دڵنیابە دێمەوە " بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتمەوە وەکوو هەمیشە دایکم و ئەوان لەسەر سفرەکە دانیشت بوون تازە دەستیان کردبوو بە نانخواردن، دایکم هەر کە منی بینی ووتی

ـ هەردی ئەوە چیتە ؟ بۆ وا ڕەنگت پەڕیووە؟!

ـ هیچم نیە دایە گیان، ماندوێتی ڕێگاو ناو سەیارەی ئەمڕۆیە

ـ باشە ، لەو سەرەوە دانیشە کوڕم، بزانە خواردنی دەستی دایکت خۆشە یان ئەوانەی شار

پێکەنینێکی دروستکراوم بۆ کردوو وتم " بە دڵنیایەوە پێش ئەوەی بیخۆم هی تۆ خۆشترە"

هەرچۆنێک بێت من ئەبێت ئاسایی دەر بکەوم و نابێت دایکم بەوە بزانێت کە من چەندە حاڵم خراپە، هەر لەسەر سفرەی نان خواردنەکە تێم گەیاندن کە من لە دوکان شتکم خواردووە بۆیە نانی باشم پێ ناخورێت و ئاگاداریشم کردنەوە کە ڕێگا زۆر ماندووی کردووم و زوو ئەخەوم جێگاکەم لەسەر بانەکە زوو بۆ ڕابخەن، تا ئەو شوێنەی کە توانیم بیشارمەوە شاردمەوەو هەرچەند دایکم هەر بە گومانەوە لە منی ئەڕوانی بەڵام لە هیچ شتێک دڵنیا نەبوو، توانیم لە سەیر کردنەکان و چاو تێبڕینەکانی دایکم خۆم ڕزگار بکەم و بچمەوە سەربان ، نا ئومێدیەکەی قورس ڕووی تێ کردووم و تاقەتی هیچم نیە، تەنانەت تاقەتم نیە ڕوو لە ئاسمان بکەم و ئەستێرەو مانگ ببینم، مینا ئێستا

لەم لادێیەدا نیە، هەناسەکانی تێکەڵ بە هەوای غەریبی ئەبن و ئەبێت تاکەی چاوەڕی بم کە بێتەوە، من ناتوانم درێژە بدەم بەم ژیانە نەفرەتیە، شەوێکی تاریکە و زۆری ماوە مانگ هەڵبێت، شەو بە ئەندازەیەک بێدەنگە ڕەنگە ئەگەر گوێ بگریت گوێت لە دەنگی ئەستێرەکان بێت، لە بەختی منیش ئەمشەو سیسرکەکانیش بێدەنگ بوون، جگەرەیەکم داگیرساند و پاڵم دایەوە، خۆزگە ئەمشەو کەسێک ئەبوو قسەم بۆ بکردایە ، کەسێک تەنها گوێی بۆ بگرتمایە، دڵم چەندە پڕە، ئارەزووی گریانێک ئەکەم کە تا بەیانی ژێر نەبمەوە، بەڵام من تا ئێستا نەگریاوم و فێر نیم بگریم، ئەوەیش خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی ترە، بە بە پشتا راکشام و چاوم داخست، روخساری مینا بۆ چرکەیەک لەبەر چاوم وون نە ئەبوو،کۆتا بینینمان،نامەکەیم توند لە ناو دەستما گرت و تا توانیم بۆنم کرد، ئەمشەو جۆرێک لە دڵتەنگی بەسەر مندا ئەبارێت، کە تا ئێستا بەسەر کەسدا نەباریووە، لەم شەوە فێنکەدا گەرمیەک هاتووەتە گیانمەوە ، تەواوی گیانم ئەڵێی لەیەک هەڵ ئەوەشێت، ئێسکەکانم لەیەک جیا ئەبنەوە، چاوم قورس ئەبێت بۆم ناکرێتەوە، مینا بە بەرچاوم دا دێت و دەڕوات بانگی ئەکەم ئەو گوێی لە دەنگی من نیە ، هاوار ئەکەم دەنگم دەرنایە، ئاوڕ ناداتەوە، ڕا ئەکەم بە دوایدا نایگرمەوە، ئەکەوم و دووبارە هەڵئەستمەوە دوای ئەکەوم هەر لێی نزیک ناکەومەوە هەرچەند خێراتر ڕابکەم ئەو هەر دوور ئەکەوێتەوە، وەکوو منالێک بە دوایدا ئەگریم و هاوار ئەکەم ئەو تەنانەت ئاوریش ناداتەوە،هیز لە قاچەکانمدا نامێنێت و بە دەستەکانم خۆم بە سەر زەویەکەدا کێش ئەکەم ، ناو دەستم

هەمووی بووە بە برین، برینێک خوێنەکەی ڕاستەو خۆ لە دڵمەوە دێت و دەنگی کۆکەو قرخەی سەرسنگم لە بێدەنگی شەودا دەنگ ئەداتەوە، سەر ئەژنۆکانم پێستی پێوە نەماوە بوون بە برینی قوڵ کە ناتوانم چیتر لەسەریان بڕۆم، دارو بەرد هەمووی بە سنگ و سکمدا ئەچن و تەواو هێزو توانایان لێ بڕیوم،سەرم ئەکەوێتە سەر زەویەکەو ناو دەمم پڕ ئەبێت لە خۆڵ و توانام نیە تفی بکەمەوە، لە دەممەوە نازانم خوێنە یان قوڕاوێکە دێتە خوارەوە بەسەر سنگمدا شۆڕ ئەبێتەوە لە کەمەرمدا پەنگ ئەخواتەوە،مینا هەر دوور ئەکەوێتەوە تا لە تارکیەکەدا بە تەواوی وون ئەبێت، منیش سەرم لەسەر زەویەکە دا ئەنێم و ئەگەر کەسێک بمبینێت چەندە گوومانی زیندوو بوونم لێ بکات سێ ئەوەندە گوومان ئەکات کە لە دوونیاکەی ترم، بۆنێکی خۆش دێت وەکو بۆنی چای بەیانیانی دایکمە، یان ئەو کولێرە گەرمانەی کە بە تەنوورەکە ئەیکرد، بۆنێکە لەبری ئەوەی بمهێنێتەوە سەر خۆم زیاتر ئارەزوو ئەکەم چاوم دابخەم و نەیکەمەوە، مینایە بەسەر سەرمەوە وەستاوەو لیم ورد ئەبێتەوە ، مینا چۆن گەرایەوە ئێرە، دا ئەنەوێتەوە لە چاوە داخراوەکانم ورد ئەبێتەوە، دەستێک بە هێواشی ئەدات لە نێو چاوانم و خێرا دەستی ئەگێرێتەوە، ڕەنگە ترسابێت لە گەرمی نێوچاوم، ئەمجارە هەناسەیەک هەڵ ئەکێشێت و دەستی ئەخاتەوە سەر نێو چاوانم و حارەقی نێو چاوانم ئەسرێت و زیاتر خۆی دا ئەنەوێنیت، تا قژی بەسەرمدا شۆڕ ئەبێتەوە، بۆنەکەی زیاتر لووتم و هەموو سەرم داگیر ئەکات و ئارەزوو ئەکەم تووند دەستی بگرم و بیگوشم بەڵام تاقەتم نیە دەستم بەرز بکەمەوە لە ژێر لێوەوە ئەڵیم "

ژنەکان هەر وا میهرەبان بوون" ئەو هیچ نالێت و سەرم هەڵ ئەگرێت و لەسەر کۆشی دای ئەنێت، بە دەستی سەرم ئەشێلێت و عارەقی روخسارم وشک ئەکاتەوە و ئەیسرِێت، بۆنی سنگ و بەرۆک و قژی بە تەواوی منی لەم دوونیا نەفرەتیە بردووەتە دەرەوە، هەوای شەو تەواو بۆنی ژنێتی بەسەر گیانمدا بڵاو ئەکاتەوە، گوێی گرتووە لە نرکەو ناڵەکانم و سەری نزیم ئەکاتەوە زیاتر سەرەتا وام ئەزانی ئەیەوێت بۆنی نێو چاوانم بکات ، بەڵام دوای ماوەیەک کە سەری ئاوا هێشتبوویەوە، ئەڵێی خەوێک بوو ئەمبینی بە ئەستەم لێوی بە نوساند بە نێو چاوانمەوەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، لە ژێر لێوەوە بە چرپە ووتی " ئەبێت لە چی خەوێکی ناخۆشدا بیت"

ئەمویست قسە بکەم و بڵێم نا بە خەبەرم و نەخەوتووم بەڵام نەمتوانی، هەردوو دەستە شل و شۆرِەکانمی بەرز کردەوە و توونـد گوشی دواتر لە لوتی نزیک کردەوەو بۆنی ئەکردن و ماچی ئەکردن، مـن ئەمزانی مینا لە حاڵێکی ئاوادا قەت بەجێم ناهێڵێت، خەوم لێکەوتبوو نازانم چەنێک بوو کە خەوتبووم ، کە بەخەبەر هاتم رِەنگە نیوەی شەو تێپەرِی بێت، یان رِەنگە هەر نیوەی شەو بێت، هەستم کرد سەرم لەسەر پشتیەکەم نیە لەسەر رِانی کەسێکە، رِانی کەسێکە گۆشتن و توونـد، کە سەرم ئەجوڵێنم کەمێک سەرم لەسەری ئەخزێت، چاوم کردەوە هێشتا بەرچاوم رِوون نەبووەوە سەری ژنێک شۆر بووەتەوە بەسەرمداو لیم ئەرِوانێت، وام هەست ئەکرد سەری لە ناو ئەستێرەکاندا بێت، هەردوو دەستی گرتبووم و کە بینی من بە بێ لەشی و بێ هێزیەکەوە چاوم ئەکەمەوە دەستێکی بەردام دەستی

خستەوە نێو چاوانم، ووتـی " گـەرمی لەشت دابـەزیووە، ئـەبێت ئێستا باشتر بیت"

دەنگێکی ژنانـە پـر بـوو لـە میهرەبـانی، هـەر زوو تێگـەیشـتم ئـەوە دەنگێکە یەکەم جارم نیـە کـە گـوێم لێـی بووبێت،تێگەیشـتم ئـەوەی وەکوو خـەوێک بە بـەرچاوو خەیاڵەکانمـدا تێپـەڕیووە مینـا نـەبووە ، بەڵکوو خـەوێک بووە بەهۆی ماندوێتی و بێ هێزیـەوە بینیوومـە ئـەو دەستانە دەسـتی ژنەکـەی کـاک غـەریبـە، کـاک غـەریب بیسـت و یەک رۆژ لە ماڵەو دواتـر حـەوت ڕۆژ لـە دەوامـە بـەپێی ئـەوە بێت بە دڵنیایەوە ئێستا لە دەوامە و ئەم ژنەیش بۆیە ئەوەندە ئاسان توانیوویەتی بێتە ئێرە، بەڵام ئەو چۆنی زانیووە کە مـن هاتوومەتـەوە، بە دەنگێکـی پڕ لە سەرسامیەوە پرسیم لێی

- تۆ چۆنت زانیت کە من هاتوومەتەوەو لێرەم ؟!

ــ هــەموو شــەوێک ســەیری ســەربانەکەتانم کــردووە هــەردی، ئەمشەویش کە جگەرەکـەتم بینـی وتـم بە دڵنیاییـەوە خۆیـەتی و هاتووەتەوە

- بەڵام نە ئەبوو لێرە بیت

ڕاستە ئەو قسـەیەم کـرد، بـەڵام بەڕاسـتی ئاسوودە بووم بـە هـاتنی، من لە خەمدا ئەخنکێم ئەگەر ئەمشەو کەسێک قسەم بۆ نـەکات یـان قسە بۆ کەسێک نەکەم، ویستم هێز بدەمـە بـەرخۆمم و سـەرم لەسـەر ڕانی بەرز بکـەمەوە ، بەڵام نە ئەوەندە هێزم تیا بوو، نە ئـەویش هێشتی ئەو کارە بکـەم سـەرمی لەسـەر ڕانـی هێشـتەوەو ووتـی " لـێ گـەڕێ

هەردی من وا ئاسوودەم" لەبری سوپاس بە ئەستەم سەرم ڕاوەشاندوو دووبارە چاووم داخستەوە و ووتم

- ڕەنگە تەنها بۆ ئەوە هاتبینە سەر زەوی تا تێبگەین کە هیچ بوونەورێک هێندەی مرۆڤ غەمگین نیە

- نا هەردی بۆ ئەوە هاتووین تا هەموو ناخۆشیەکان تاقی بکەینەوە

- هەموو شەوێک دڵتەنگی لە ئاسمانەوە ئەبارێت، لە ژوورەوە بیت بە تەنها یان لە ناو خەڵک، یان وەکوو ئێمە لەسەر بان جیاوازی نیە ئەگەر عاشق بیت زۆرترین بەشت بەر ئەکەوێت.

- تۆ ڕاست ئەکەیت هەردی شەوان هێندەیش بەسەر مندا ئەبارێت کە بەیانیان بەخەبەر دێم لە شەو زیاتر باری سەر شانم قورسە

- خۆزگە هەموو خەوتنێک بە خەبەر بوونەوە کۆتایی نەهاتبایە، ڕەنگە هیچ خەوێک هێندەی ئەوە خۆش نەبێت کۆتاییەکەی مردن بێت

- ئەو هەموو نا ئومێدیە ؟چیت لە دەست داوە ؟

- زۆر شت

- وەکوو چی ؟

ئەو پرسیارە ڕووتانە چیە ئەیکات، من وەڕس ئەبم لە پرسیاری لەو شێوەیە، لە هەمان کاتیشدا ئەم ورووژێنێت، ئەمەوێت پێی بڵێم "مینا " ئیتر لێک دانەوەکەی بە جێ بهێڵم بۆ خۆی، بەڵام ئەو چوزانێت مینا لە ناو دڵی مندا چیەو تا چەند شوێنی داگیر کردووە، بەڵام چ

گرنگیەکی هەیە خەمەکانم بە ژنێک بڵێم کە لە من زیاتر ئازاری هەیە، ئەمەوێت بێدەنگ بم و هیچ نەڵێم، بەڵام کە بیر ئەکەمەوە وا دڵ و دەروونم وەختە بکوڵێت، دڵم وەکوو بەردێکی قورس لەناو سنگمدا جێی خۆی کردووەتەوە و ئەگوشرێت، ئەیەوێت لە سنگمدا بێتە دەرەوە، ناتوانم بێدەنگ بم هەر ئەبێت گوێ گرێکیشم هەبێت بەڵام گوێ گری من ژنێکە، ڕەنگە ئەوە بەختێکی باش بێت بۆ من، قسەکانم بۆ کەسێک ئەکەم کە میهرەبانە، بۆ کەسێک کە هەموو هەوڵی خۆی ئەدات برینەکانی ناو ڕۆحم ماچ بکات، بە شێوەیەک دەست ئەخاتە سەر سنگم کە ئەیەوێت دەستی بگاتە دڵم و دەستێک بهێنێت بە دڵمدا و ئارامی بکاتەوە، ووتم

- هەندێک ڕۆیشتن خراپ دڵمان تەنگ ئەکات،هەندێک ڕۆیشتن پیرمان ئەکات، هەندێک ڕۆیشتن ئەمان کوژێت، هەندێک ڕۆیشتن هەیە ...

- هەندێک ڕۆیشتن هەیە کە چی؟ هەردی تەواوی بکە ؟

- هەندێک ڕۆیشتن هە یە بێ ماڵ ئاوایی ناگەڕێنەوە،دڵمان تەنگ ئەکات ، پیرمان ئەکات ، ئەمان کوژێت.

دوای ئەوە بێدەنگ بووم و ئەویش هەناسەیەکی هەڵکێشاو بێدەنگ بوو، چاوم کردەوە بینیم سەیری ئاسمان ئەکات و قژی شۆر بووەتەوە بۆ نزیکی سەری من کە سەرم لە باوەشیدا داناوە، لەبەر مانگە شەودا ڕوومەتی جوان دەر ئەکەوێت و گەردنیشی ئەوەندەی کە مانگ ڕووناکی کەوتووەتە سەری دەر ئەکەوێت کە سێ خەت کەوتووەتە گەردنیەوە، قژێکی ڕەش و لولی هەیە بە لای هەردوو گوێیدا

هاتووەتە خوارەوە تا نزیکی دەموو چاوی من، بە بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەی سنگیدا دیارە کە چەندە ئارام و لەسەر خۆ هەناسە ئەدات، چەناگەیەکی بچووکی هەیەو لوتێکی کەمێک قنجیش، ئەڵێی تەمەن هیچ ئەم ژنەی تێک نەداوە، خەتەکانی گەردنی تا زیاتر لێیان وورد ببمەوە زیاتر بەرەو خۆی ڕام ئەکێشێت، بە هێواشی دەستی ڕاستم لەناو دەستیدا دەرکرد ، ئەو هێشتا هەر سەیری مانگ و ئەستێرەی ئاسمان ئەکات،دەستم بە نزیک قژیدا بردە سەرەوە تا دەستێک لە روخساری بدەم بەڵام نەمتوانی دەستم گێڕایەوەو لە سەر سنگی خۆم دامنا، وەکوو ئەوەی ئاگادار بێت لەو کارەی کە ویستم بیکەم و دەست بدەم لە روخساری، سەیرێکی کردم و دەستی خستەوە سەر سنگم و دەستی گرتم، منیش هەوڵمدا لەگەڵیدا کەمێک هێز بخەمە سەر دەستم و دەستی بگوشم و زیاتر لە سنگم نزیکی بکەمەوە، ئەویش دەستەکەی تری بەردام و دەستی نزیک کردەوە لە دەم و چاوم و دەستی هێنا بە ڕوومەتمداو لە چاوی منی ئەڕوانی، زیاتر سەری هێنایە خوارەوە بە ڕادەیەک کە قژی کەوتە سەر دەم و چاوم و هەستم بە بۆنی قژی ئەکرد، بۆنی ڕێحانەکانی حەوشەکەی دایکمی ئەدا، بۆنێکی تەڕی لێوە ئەهات کە لە بۆنی بارانەوە نزیک بوو، بارانی بەهار کە دوا نیوەڕۆ ئەبارێت و دوای خۆشکردنەوەی دڵۆپە ئاوەکانی بەسەر گەڵای درەخت و گیاکانەوە ئەوەستێتەوە دواتر ئەکەونە خوارەوە یان هەتاو وشکی ئەکاتەوە،ئەمویست داوای مۆڵەتی لێ بکەم بۆ ئەوەی دەست بدەم لە خەتەکانی گەردنی بەڵام ئەوەندە ماندوو بووم تاقەتی ئەوەیشم نەبوو ئەو داوایە بکەم، بیرم لەوە ئەکردەوە کە چەندە

Scanned by CamScanner

باشە خودا ژنی دروست کردووە، چوونکە بەڕاستی هەندێک دڵتەنگی و خەم هەیە ڕێک وەکوو منداڵێکی ساوا وایە ، یان وەکوو چڵێ گوڵی ناسک وایە، تەنها ژن ئەتوانێت لەگەڵی مامەڵە بکات، ئەگەر تا هەرکەسێکی کە دەست لەو دڵتەنگی و خەمەت بدات زیاتری ئەکات، دەستی هەر لەسەر نێو چاوانم لا نە ئەبرد و دەستی پێدا ئەهێنا، هەستی بەوە کردبوو کە من تەنها ئەمەوێت ئەمشەو بێدەنگ لە تەنیشتمەوە بێت، بۆیە ئەویش هیچ قسەیەکی نە ئەکرد و بێدەنگ وەستابوو، بە دەنگێکی نزم وەکوو ئەوەی بە گوێی کەسێکدا بیخوێنیتەوە لە ژێر لێوەوە ووتم

" ڕێی تێدەچێت ئیتر بۆ هەمیشە ئاسمان هەور بێت
مانگ نەیەتەوە ئاسمان
پەڕەسێلکەکانیش ئەمساڵ نەگەڕێنەوە
دار تووەکەی ئێوەیش
چیتر میوانداری هیچ چۆلەکەیەک نەکات
بەڵێ لەو کاتەوەی تۆ لێرە ڕۆیشتوویت .
هەموو شتێک ڕێی تێدەچیت"

بە خوێندنەوەی شێعر و گوێگرتنی ژنەکەی کاک غەریب هەستم ئەکرد حاڵم بەرەو باشتر ئەڕوات، ئەویش بە نەمانی گەرمی دەم و چاوم دا ئەوەی هەست پێ ئەکرد،ئەمجارە چاوم کردەوە ، تەواو مانگ بەسەر هەردووکمانەوە ئەدرەوشایەوە، سەرم لەسەر کۆشی لابردوو لەسەر پشتیەکەم سەرم دانە ، کەمێک سەرم هێنایە ئەم لاتر و داوام لەویش کرد سەر لەسەر پشتیەکەم دابنێت و لە تەنیشتم ڕابکشێت، بێ ئەوەی

ئەو نوسابوو به لایه‌کی تەواو که تەنیشتمەوه له بکات قسەیه‌ک هیچ
ووم ئه‌درەوشایەوه، هەردووکمانەوە بەسەر مانگ راکشا، منەوه
ـ ڕەنگە له تەواوی ئەم لادێیەدا تەنها من و تۆ به خەبەر بین

ـ له خەویشدا من ناتوانم پشوو بدەم

ـ یانی چۆن ناتوانیت؟

ـ هـەردی بڕوانـه ژنێـک ئەگـەر لـه گـەڵ دڵتەنگیەکانیدا خـەوی لێکـەوت خـەوی نـاخۆش ئـەبینێت، هەنـدێکجار خەوەکـەی هێنـده ناخۆشـه خەبـەری ئەکاتـەوه،یان هەنـدێکجار لـه خەویشـدا هـەر کەسێک هەیه ئازاری بدات

ـ هیچ نەبێت ژن ئەتوانێت بگری

ـ ڕێگا له گریانم بگرم ئەخنکێم

ـ چەنده جوانه

ـ چی؟

ـ ژن بیت

له خوارەوه دەستی گرتمەوه، ئەمجاره هەست به گەرمی دەستەکانی ئەکەم ، هەست بەو دەمارانەی ناو دەستی ئەکەم که خوێن ئەبەن و ئەیهێنن یانی وەکوو دڵی لێ ئەدات، شەو زۆری تێپەڕیووه چاوم قورس بووه له ماندووێتیدا، لەو کاتەوەی که ووتوومه " ژن بیت" ئەو هەر قسەم بۆ ئەکات، بەڵام من تێناگەم باسی چیم بۆ ئەکات، هەر خەیاڵم لای دەستیەتی که ئەیخشنیت به دەستمداو تا نزیکی ئانیشکم دەستی ئەهێنێت، من وا خەریکه سوکه مەستیەک ئەمگرێت ئاگام لەو شتانه

Scanned by CamScanner

نامێنێت کە ڕوو ئەدەن، چاوم قورس بووەو مینا دێتەوە بەرچاوم کە دەستی بە دەستمەوەیە، دەستە بچووکەکانی پەنجە خڕەکانی، دەستەکانی ئەوەندە بچووکن وا خەریکن لە ناو دەستمدا وون ئەبن، دەستی لە ناو دەستمدا دەر ئەهێنێت هەرچەند هەوڵ ئەدەم دەستی لە ناو دەستمدا بهێڵمەوە بەڵام توانای ئەوەم نیە ئەو زیاتر هێز ئەکات و دەستی لە ناو دەستم دەر ئەهێنیت و دەستی ئەخاتە سەرسنگم، یەکەم قۆپچەی کراسەکەم ئەکاتەوەو دەستی ئەخاتەوە سەرسنگم، منیش دەستم برد بۆ دەستی و بەڵام زۆر بە هێواشی دەستی گرتمەوەودەستمی لادا، دووبارە دەستی خستەوە سەر سنگم،

ئەمویست بڵێم" نا مینا دەستت لە ناو دەستمدا لامەبە دەستم وا خەریکە ئەیبەستێت ئەوەندە ساردو سڕە" بەڵام خۆ من ناتوانم تەنها قسەیەکیش بکەم، ئەو هەر لە سەر کاری خۆی بەردەوامە دەستی بەسەر سنگمدا ئەخشێنیت، ئەیەوێت زیاتر دەستی بە سنگمدا بهێنێتە خوارەوە بەڵام دووەم قۆپچەی کراسەکەم ڕێگرەو نایەڵیت، خەریکە ئەو قۆپچەیەیش بکاتەوە ، هەموو هیزی خۆمم کۆ کردەوە تا جارێکی تر دەستی مینا بگوشم و لەسەر قۆپچەی کراسەکەم لایبەم ، بەڵام ئەو بەهەمان شێوەی پێشوو دەستی لابردمەوە، من ئیتر توانایەکم نەما بۆ ئەوەی هەوڵ بدەم دەستی لە نێو دەستمدا بهێڵمەوە، ئەو هەر دەستە وردەکانی ئەهێنا بە سنگمدا تا سکم دەستی ئەهێنایە خوارەوە، کەمێک هەستایەوەو ئانیشکیکی لەسەر پشتیەکە داناو لەسەر لا ڕووی لە من بوو، بەڵام دەستی لەسەر سنگم لا نەبردبوو، دواتر قۆڵی ڕاکێشام و سەری لەسەر دانا، بەشێوەیەک ڕووی کردە منەوەو

باوەشــی پیـا کــردم کــە هەناســەکانی ڕوومــەتی منــی گــەرم ئەکردەوە،دەستەکەی ترم بەرز کردەوەو دەستم دا لـە قژی ، پەنجە بی هێزو لەرزۆکەکانم تا ئەو شوێنەی کە توانیم بردمە ناو قژیـەوە، سەریم لەخۆم نزیک کردەوە، مشتێک لە قژیم گرتبوو بەڵام بە شێوەیەک نا کە ئازاری بدەم لە لووتم نزیکم کردەوە بۆنم کرد، ئـەڵێی تـەواوی بۆنـە خۆشەکانی سەر زەوی لە قژی میناوە بۆنیان وەرگرتووە، پڕ بە هەردوو سیەکانم بۆنیم هەڵمژی، دواتر سەریم بەرز کردەوەو ویستم لـە گـەردنی نزیـک ببمـەوە، بـەڵام مینـا لـە مـن باشتر ئـەیزانی کـە ئەمـەوێت چی بکەم، وەکوو ئـەوەی نـەیـەوێت زۆر ماندوو ببم خۆی گـەردنی لەسەر لێوم دانا، ماچم کرد هەستم کرد سێ خـەت کەوتووەتـە ملی میناوە، مینا ئەوەتا تەمەنی چووەتە سەرەوە، مینا تەواوی شەوی پڕ کردووە لە بۆنی ژنێتی خۆی بە شێوەیەک چاوم داخستووە نامـەوێت تـا کۆتـایی تەمـەنم بیکەمـەوە،تا ئێسـتا مـن ئەوەنـدە خـەوم نـەهاتووە ئـەڵێی لـە دوونیاکـەی تـرەوە ناردوویانـە بـە شوێنی منـدا، تـا بـۆ هەمیشـەیی لـە خەوێکدا بگەڕێمەوە بۆ دوونیاکەی تـر، مینـا خۆی کێشاوە بەسەری مندا و توووند توووند گرتوومی، بانگم ئەکات و پێم ئەڵێت" هەردی تـۆ وەکوو پیاوەکانی تر مەبە بمێنەوە"

لە ڕاستیدا نازانم ئەوە چەند ساڵە تێپەڕیوە بەسەر ڕۆیشتنی مـاڵی کاک وەهابدا وەکوو لەسەرەتاوە ووتم من تاقەتی بەروارم نیـە، هـەموو شتێکیشـم بیـر ئەچێتـەوە بـەڵام ئـەوە ئـەزانم ئێسـتا دەسـتم ئەلـەرزێت و ریشیشم تاڵە سپیەکانی زیاتربووە، هەموو رۆژێک ئەچم دوو دێڕ شێعر بـۆ دار تووەکـەی مـاڵی مینـا ئەخوێنمـەوەو زۆربـەی شەوەکانیشـم

کاک غەریب دێت بۆ سەربانەکە و بەیەکەوە جگەرەیەک ئەکێشین، ئەگەر ڕۆژێک نەیەت تەواو خەیاڵ و بیرم ئەچێتەوە لای، ئەو برینە قوڵەی کە مینا لەسەر دڵی من دروستی کردووە بە ژنەکەی کاک غەریب سارێژ نابێت، هەر ئەوەندەی کە ئەڕوات وەکوو شێتێک ئەکەومەوە یادی میناو تا ئەو پەڕی خەیاڵ بیری لێ ئەکەمەوە، بیر ئەکەمەوە ئەڵێم ڕەنگە ئێستا بووبێت بە ژنێکی چۆن، یان تۆ بڵێی ئێستا لە کام لە شەقامەکانی ئەو وڵاتە غەریبەدا پیاسە بکات، یان ڕەنگە بە دەم پیاسە کردنەوە بگاتە لای موزیک ژەنێکی سەرشەقام یان موزیک ژەنێکی بەردەم قاوەخانەیەک بۆ ساتێک بیر لە لادێکەمان بکاتەوە، بکەوێتەوە بیری ئەو دار تووەی کە هەمیشە لە بنیدا دائەنیشت و ئەیخوێندەوە یان بیر لەو چڵە گیا ناسک و بەرزانە بکاتەوە کە لەتەنیشت دیواری حەوشەکەیانەوە بەرز بوو بوونەوە، کاتێک سوکە بایەک بەریان ئەکەوێت، جوڵەیان لە دەستی خۆیاندا نامێنێت و چڵە گیاکان وەکوو ژنێکی مەست سەریان بەم لاو بە لادا ئەکەوێت و ئەکەونە سەما کردن، دەنگی موزیک تێکەڵ بە هەوای قورسی ئەو وڵاتە ئەبێت کە مینای لێیەو بۆنی غەریبی تەواو سیەکانی پڕ ئەکات و بە خەیاڵەکانیدا ئەگەڕێتەوە لادێکەمان، لەبەردەم موزیک ژەنەکەدا ئەوەستێت و بە عەزیە سپیەکەوە دەست ئەکات بە سەما کردن، جوان لێی وورد ببیتەوە هەست ئەکەیت قاچەکانی لەسەر هەورەکان داناوەو دەستەکانی بە شێوەیەکی شل بەرەو ئاسمان بەرز ئەکاتەوەو دواتر بەرەو زەوی ئەیان هێنێتەوە خوارەوە، وەکوو چۆلەکەیەک دێتە بەرچاو کە لە بەرزیەکی زۆردا ئەفڕێت و

کردنەوە دێتە دواتر بەر گوڵەی راوکەرێک ئەکەوێت و بە سەما کردنەوە دێتە خوارەوە، سەماکەی میناش بەو ئەندازەیە غەمگینە، لە هەموو لایەکەوە با هەڵ ئەکات و خۆیان بەرەو ناو قژی ئەبەن، خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەتەوە، ئارەزوو ئەکەن تا دوونیاکەی تر مینا لە سەما کردن نەوەستێت و سەیری بکەن، بەڵام کەس ئەو فرمێسکانە نابینێت کە بە چاویدا دێتە خوارەوە بەسەر ڕوومەتیدا ئەخزێت و ئەکەوێتە خوارەوە،مینا هەست بە ماندوێتی ناکات بەردەوام بە دەوری خۆیدا ئەسورێتەوەو یاری بە دەستەکانی ئەکات، پێڵاوەکانی پێی لا ئەبات قاچەکانی لە جاران کەمێک باریکتر دێنە بەرچاو بەڵام هەر هەمان ناسکی و جوانی خۆیان هەیە، ئەوەندە قاچەکانی بەسەر زەویەکەدا ئەخشێنیت و خوێن لە ژێر پێی و پەنجەکانیەوە دێتە دەرەوە، خوێنەکەی قاچی وەکوو گوڵاڵە سوورەکانی لادێکەمان دڵگیرن و بە ژێر پێیدا بڵاو ئەبێتەوە ، خەڵکەکە هەمووی چاویان کراوەتەوەو لە مینا ئەڕوانن لەم شەقامەدا ئەمڕۆ کەس هیچ نافرۆشێت و کەس هیچ ناکڕێت بێ لە دەنگی موزیکەکە هیچ دەنگێکی تر نایەت، هەمووان خامۆش و بێدەنگ بە دیار میناوە دانیشتوون و سەیری سەما غەمگینەکەی مینا ئەکەن، مینایش بەردەوامە لە سەما کردن ئارەقی کردووە، ئارەقیش دڵۆپ دڵۆپ بە گەردن و سنگیدا دێتە خوارەوە، لە هەندێک شوێنی گەردنی و سنگیدا بەهۆی ئەو ئارەقەوە کە کردوویەتی قژی نوساوە بە سنگ و گەردنیەوە، زیاتر لە جاران ڕەنگی زەرد دێتە بەرچاو، ئەڵێی مینا بۆ ئەوە سەما ئەکات تا جۆرێکی جیاواز لە مردن تاقی بکاتەوە ، یانی وا هەست ئەکەیت ئەیەوێت بەو سەما کردنە

Scanned by CamScanner

خۆی بکوژێت، هەندێک جار قاچەکانی بەهۆی ماندوێتییەوە لێک دە ئاڵێن و ئەکەوێتــە ســەر زەویەکـە، بـەڵام خێـرا بـەرز ئەبێتــەوەو هـەر بەردەوامــە لــە ســەما کــردن، کەسـێک نیـە بیوەسـتێنێت، سـنگە بچووکەکەی زیاتر بەرز ئەبێتەوە لە کاتی هەناسەداندا، هێندە ماندووە هەناسەکانی لە سنگیدا پەنگی خواردووەتـەوە، زۆر لـەخۆی دەکات تا بتوانێت هەناسە بدات، خوێنی قاچی زیاتر تێکـەڵ بـووە لەگـەڵ تـۆز و خۆڵی سەر جادەکەو قاچەکانی ماندوو دیارن بە ئەندازەیـەک ماندووە کە چیتر ناتوانێت خۆی بە پێوە ڕابگرێت بەم لاو بە لادا ئەکەوێت، لە خەڵک وایە جۆرێکە لە سەما کردن کـەس هەست بە ماندوێتیەکەی ناکـات ئەوەنـدە چوونەتـە نـاو خەیاڵـەوە، مینـا بـەردەوام ئەسورێتەوە بـە دەوری خۆیدا ئەوەندە ڕەنگی زەرد دیارە ئەڵێی مشتێک خوێن چیـە لە جەستە لاواز و ناسکەکەیدا نەماوە،ئەمجارە کەوتە سەر زەوی هەرچەند هێزی دایـە بـەرخۆی نـەیتوانی هەستێتەوە، خەڵکەکـە هـەر سـەیری شوێنی سـەماکەی مینـا ئەکـەن و دوو دوو دەسـتی یـەکیان گرتـووەو حەپەساون، موزیکەکە زیاتر جۆش و خرۆش ئەخاتـە دڵـی خەڵکەکەوە ئـەوانیش دەسـتی یـەک ئـەگرن و ئەکەونە سەما کردن، مینـا لـە بەر پێی ئەواندا ماوەتەوەو لەسەر زەویەکە کەوتووە، نـازانم بیهـۆش بـووە یـان خەوی لـێ کـەوتووە، هـیچ جوڵـەیـەکی لێـوە نایـەت، تـەنها عەزیەکەی نەبێت هەندێک جار هەوا ئەیجولێنیت و هەندێک جار بەرزی ئەکاتەوە زیـاتر قاچـە لاوازەکـانی دەر ئەکـەون، خەڵکەکـەیش مانـدوو ئـەبن لـە سەما کردن و هـەر پیاوێک دەسـتی ژنێـک ئـەگرێت و هـەر ژنێکـیش دەسـتی پیاوێـک ئـەگرێت و لـە شـوێنی سـەماکە دوور ئەکەونـەوە،

مینایش بە تەنها خۆی خەوی لێکەوتووە، ڕەنگە چاوەڕێی دەستێک بێت بەرزی بکاتەوە بەڵام کام دەست؟! دەستی کێ؟! دەستی پیاوێک؟ یان دەستی ژنێک؟! نا مینا چاوەڕێی هیچ کام لەو دەستانە ناکات، چاوەڕێی دەستێکە کە بۆنی گوڵە کێویەکانی لادێکەمان بدات، دەستێک بە بەردەکانی لادێکەمان زبر بووبێت، دەستی پیاوێک تەواوی لادێکەی لە ناو شانە پانەکەیدا بۆ مینا هەڵگرتبێت، لەبری هەموو بۆنەکان بۆنی زەویەکانی لادێکەو بۆنی گەڵاکانی دار تووەکەی حەوشەکەیانی هەڵگرتبێت، مینا تا درەنگێک ئەمێنێتەوە وەکوو هەمیشە دەستێک نیە بەرزی بکاتەوەو تا شەو دێت و تاریکی تەواوی لاشەی دا دەپۆشێت و بە بێدەنگی بە شەقامەکاندا ڕێ ئەکات و تا ئەگاتەوەماڵەوە، لە ماڵەوەیش بۆ ساتێک دانانیشێت و هەمیشە لە باڵکۆنەکەوە لە شەقامەکەو لە گڵۆپەکانی شەو ئەڕوانێت، بەڵام وەکوو هەمیشە کەس لەو سەری کۆڵانەوە دەر ناکەوێت، لە ناو جێگای خەوەکەیشی تا خەوی لێ ئەکەوێت لە دەرگای ژوورەکەی ئەڕوانێت، مینا ئێستا تاڵە قژەکانی لە بنەوە سپی بوون و دەستی تێی ناچێت شانەیان بکات و لە جاران زیاتر لول دەر ئەکەوێت، ملی سێ خەتی تێکەوتووە، دەستەکانیشی ئەلەرزن و لە جاران زیاتر لاواز دەر ئەکەوێت، قسە لەگەڵ کەس ناکات و تاقەتی گوێگرتنی نیە لە کەس تەنها سەیر ئەکات ، بەڕاستی قورسە بتوانیت وێنەکانی ناو خەیاڵی ژنێکی تەنیا بسریتەوە ، ئەو وێنانەی کە ئازاری ئەدات و لەگەڵیشی ئەژی وە ئامادەیە لە پێناویشیدا بمرێت، هەندێکجار کاغەزێک ئەهێنێت تا وێنەیەکی

لەسەر بکێشێت بەڵام دوو خەت ئەدات لەسەر کاغەزەکەو هەر زوو تاقەتی ئەچێت و وازی لێ ئەهێنێت، زۆر ئاسان ئەتوانم ئەوە ببینم کە لەماڵەکەیدا حەوزێکی ماسی هەیەو دوو ماسی سووری تێدایە، ئەوەندە سەیریان ئەکات تەنانەت ماسیەکانیش خوویان بەوەو گرتووە ئەگەر رۆژێک سەریان لێ نەدات ڕەنگە بمرن و تاقەتی مەلە کردنیان نەمێنیت، دەستەکانی هەرچەندە پیر و لاواز بوون بەڵام بە ئەندازەی دەستی دایکێک میهرەبانن، لەو شارەدا کە مینای لێیە منالێک یان پیاوێک یان ژنێک ئەگەر خەوی لێ نەکەوێت ئەوەندە بەسە.کە مینا دەستەکانی تەنها جارێک بهێنێت بە چاوەکانیدا، ئەو شەوە تا بەیانی ئەو کەسە خەو بە ماسی سوورەوە ئەبینێت و حەز ناکات خەبەری ببێتەوە، لەم چەند ڕۆژەدا کاک غەریب هاتووەتەوە و ژنەکەی ناتوانێت شەوان سەردانم بکات، زۆر دڵم بۆی تەنگ بووە، چوونکە تاکە کەسێکە کە بۆنی مینای لێدێت ڕاستی نازانم لە کەیەوە مینا لێرە نیەو ڕۆیشتووە، بەڵام ئێستا ژنەکەی کاک غەریب هەموو شەوێک دێتە لام تا هەموو ئەو چیرۆکانەی بۆ بگێڕمەوە کە مینا سەرچاوەی هەموویانە ، هەموو شەوێک ئەگەر مانگ بە ئاسمانەوە بێت، پیشانی یەکتری ئەدەین و تا وون ئەبێت قسەی بۆ ئەکەین، خووی گرتووە بە چیرۆکەکانی میناوە ئەگەر شەوێک بۆی نەگێڕمەوە خەوی لێ ناکەوێت، ئەوەندە باسی کچێکم بۆ کردووە کە لە وڵاتی غەریبیدا ئەژی، ئەوەندە گوێی گرتووە بۆ قسەکانی دڵم زۆر جار وا هەست ئەکەم مینایەو ئێستا تەمەنی بووە بە چل ساڵ ، چوونکە ژنەکەی کاک غەریب ئێستا تەمەنی چل ساڵەو منیش

نازانم تەمەنم چەندە، ئەوەندەی کە ئەزانم ریشم و قژم هەندێک تاڵی سپی تێکەوتووە،ئەو هەستەی کە بۆ ژنەکەی کاک غەریبم هەیە بەزەیی نیە، خۆشم ئەوێت بەڵام ئەویش مینای خۆش ئەوێت،کۆتا شیعریش کە بۆ ژنەکەی کاک غەریبم خوێندەوە دوێنێ شەوو بوو کە نوسیبووم

" تەواوی سەر زەوەی و لادێکەی
بۆ تێک بدەن
هێندە بۆی بگەرێن
بۆ مینا
لە کۆتاییدا
هەر لە ناو دڵی مندا ئەیدۆزنەوە"